نوسینی: سەعید گوڵ محمدی
وەرگێڕانی : جەبار تەنیا

یاریزانی ژیان بین
نەک داشی یاریکردن

238 posts | 19.2k followers | 7 following

Promote | Edit Profile

📚 PDF کتێبی 📚 پەڕەی فەرمی

لێرە

باشترین و بەسودترین و بڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVslbo_

Ktebi_PDF



پێناسی کتێب

ناوی کتێب: یاریزانی ژیان بین نەک دتشی یاریکردن

بابەت: گەشەپێدانی مرۆیی

نووسینی: سەعید گوڵ محەمەدی

وەرگێڕانی بۆ کوردی:جەبار تەنیا

پێداچوونەوەی: دێرین کامیل

دیزاینی بەرک: ئیبراهیم ساڵح

چاپخانە: چوارچرا

ژمارەی دانە: ١٠٠٠ دانە

ساڵی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١٨

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی (١٧٣٢)

ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراوە

لول پێچی ناوەکی

دورگەی نیپاڵ لە باشوری ئیتاڵیا ژینگەی جۆرە چەترێکی دەرياییە بەناوی "مدوز"و جۆرەها لولوپێچی دەريایە. چەترە دەریایەکان هەرجارەو لول پێچێکی بچوکی دەریا قووت دەدەن‌و دەیکەنە گەدەی خۆیانەوە، بەڵام قەباغی ڕەقی لول پێچەکە پارێزگاری لێ دەکات‌و ناهێڵێت هەرس ببێت، لول پێچەکە دەلکێت بەدیواری گەدەیەوەو بەشێنەیی دەست دەکات بە خواردنی چەترە دەرياییەکەو ئەو کاتەی لول پێچەکە گەشەی تەواوی خۆی دەکات، چیتر چەتری دەريایی نەماوەتەوە، چونکە بە شێنەیی خوراوە، گەر ئەم کارە بە تاوان بزانین دەبێت بڵێین ئەو تاوانە لە لایەن یەکێك لە نزیکانی قوربانیەکەوە یان "خودی کوژراو"ەوەکە ڕویداوە!

سەرنج:

زۆربەمان وەکو چەتری دەريایین کە لول پێچەکەی ناخمان بە شێنەیی دەرونمان دەخوات، لول پێچەکەی دەرونمان دەتوانێت تورەیی، نیگەرانی، پەرێشانی، تەماکاریی‌و خۆ بە زلزانی لە ناخماندا پەیتا پەیتا گەشە بکات‌و ڕیشە کێشمان بکات، ئێمە لە دەروونەوە گەشە دەکەین هەر لە دەروونیشەوە دا دەڕمێین‌و لە دەست دەچین.

گەورەکان لە دایك نابن، دروست دەبن.

ڕێبوارێك ڕێی دەکەوێتە گوندەکەی مەلای مەشهور، ئەو دەیویست دوای گەڕانەوەی لە گەشتەکەی بیرەوەریەکانی بنوسێتەوە، بۆیە هەوڵی دەدا پرسیاری جۆراو جۆر لە خەڵکی ناوچەکە بکاتو بیرو بۆچونیان بزانێت.

ڕێبوارەکە چەند ڕۆژێك میوانی مەلا بوو، ڕۆژێك پێکەوە بە گوندەکەدا دەگەڕان، ڕێبوارەکە لە مەلای پرسی: ئایا لە گوندی ئێوەدا پیاوانی گەورەو ناودار هاتونەتە دنیاوە؟

مەلا، کەمێك بیری کردەووە وتی: هاوڕێ گیان، لە گوندی ئێمەدا تەنها منالْ دێتە دنیاوە!

سەرنج:

مرۆڤ بۆ ئەوە نەهاتۆتە دنیاوە سەرانسەری ژیانی بە منالی بمێنێتەوە.

فەیلەسوفی گەورە "جیم ران" لەم بارەیەوە دەڵێت:

هەموو دەتوانین بگەینە ئەو شوێنەی کە دەمانەوێ.

"ئابراهام مازلو" دەڵێت؛

ئامانجی سەرەکی مرۆڤ دەبێت، هەرکەسێك توانای هەبێت دەبێت بگۆڕێت.

بە وتەی ئیپکتۆس: بەخۆت بڵێ تۆ چ کەسێکیت، هەر کارێك پێویستە ئەنجامی بدە، تا هەرچیەك دەخوازی مسۆگەری بکەیت.

حەکیمێك دەڵێت؛

هاتویتە دنیاوە وەکو کتێبێکی کراوەو سپیو نەنوسراو، دەبێت چارەنوسی خۆت دیاری بکەیت، تەنها خودی خۆت، کێ دەتوانێت ئەوە بکات؟ بۆچی؟ ناچاریت چارەنوسی خۆت بنوسیت، بەدیهێنەری سەرەنجامی خۆتبەو تۆ بە لە قاڵبدراوی نەهاتویتە دنیاوە، وەکو دانەی تۆوێك هاتویت دەتوانی هەروا بمێنیتەوەو بمریت، بەڵام دەتوانیت ببیتە گوڵ، بپشکوێیت، دەتوانیت درەخت بیتو پەل بهاویت.

لەم چیرۆکە ڕامێنن؛

وێنەکێشێکی گەڕیدە بۆ دەسکەوتنی چەند نمونەیەك لە کاری خۆی لە یەکێك لە گوندەکانی ڕێگەکەی وچانێکیدا، یەکێك لە کڕیارەکانی پیاوێکی موعتاد بوو، وێڕای ئەوەی روخسارێکی چڵکنو نەتاشراوو جلو بەرگی پیسو شێواو، بەوپەڕی ویقارەوە لەبەر دەمی وێنەکێشەکە دانیشت، دوای ئەوەی وێنە کێشەکە کاری تەواو و جوانکاری لە دەمو چاوو ڕواڵەتیدا کرد، تابلۆکەی لە سێپاکەی لێکردەوە ڕووی تێکرد، پیاوەکە لە دیتی وێنەی خۆی ئەبلەق بوو وتی: "ئەمە من نیم."

وێنەکێشەکە وتی: "من بەو جۆرەی وێنەی تۆم کێشاوە کە دەتوانیت

ببیته ئەم کەسە!"

"ئانتۆنی رابینز" دەڵێت:

ئایا ئەمرۆ ئەو رۆژە نیە بریار بدەیت و نیشانی بدەیت وەکو مرۆڤێک، گەورەتریت لەوەی کە بیری لێ دەکەیتەوە؟

"ئیلی وزیل" دەڵێت:

لەم دنیایە دەردەچم و دەچمە جیهانی رۆحەکانەوە، لێم ناپرسن کە بۆچی نەبوومە رێبەرێکی ناودار، رازو نهێنیە مەزنەکانی ژیانم لێ ناپرسن، یەکەم پرسیار ئەمەیە کە: "بۆچی خۆت نەبویت؟" مرۆڤێکی چالاک و بەدیهێنەربە، کە تەنها خۆت بتوانیت ئەو کەسە بیت.

بۆ کوێ دەچم؟

دەگێڕنەوە "ستیڤن لیزنر" قازیی دیوانی عالی، کەسێکی فەرامۆشکارو حەواس بڵاو بوو، ڕۆژێك لە دەرەوەی نیویۆرك لە وێستگەیەك سەرگەمی خوێندنەوەی نۆسیەیەك بوو، کە بلیت بڕی شەفەندەفەرەکە دلوای بلیتەکەی لێکرد. قازیی بۆ دۆزینەوەی بلیتەکەی شڵەژاو خۆی پشکنی، بەڵام نەیدۆزیەوە.

بلیت بڕەکە پێی وت: "قەیناکا، جەناب، من دەتناسم، کاتێ گەڕایتەوە دەتوانیت لە دەرفەتێکدا بۆمان بێنیت."

ستیڤن، ساتێك ڕاماو بە خەمێکەوە سەری بادلو وتی: "زۆر سوپاست دەکەم، ئەڵێی نازانیت من چیم بەسەر هاتووە، کێشەی من پارەدانو نەدان نیە، کێشەی من ئەمەیە کە نازانم بۆ کوێ دەچم؟".

سەرنج:

ئایا تا ئێستا ڕێکەوتووە کەمێك لەگەڵ خۆتدا تەنیا بیتو بیر لەم پرسیارە گرنگە بکەیتەوە؟ بەڕاستی ئەو هەوڵو کۆششەی مرۆڤەکان لە پێچو پەنای ژیاندا ئەنجامی دەدەن لەبەر چیە؟ ئایا ئەم هەموو

دەردەسەریە تەنها بۆ تیکە نانێکی بژێو مەمرەیە؟ ئایا بۆ بەدەست هێنانی سەروەتو سامانە یان پلەو پایە؟ ئایا بۆ ڕۆشتنە بەرەو نادیار؟ ئایا بەڕاستی من ئامانجێکی دیاریکراووم هەیە؟ ئەم خەیاڵو بیروڕایە دووره لەڕاستییەوە، کە زۆربەی خەڵك وێڕای هەوڵو چالاکی فراوان لە ژیاندا، ئامانجی ڕوونو دیاریکراو ناپێکێتو بێ ئەوەی خۆی بزانێت سەری لێ شێواوە!

یەکێ لەو فاکتەرە گرنگانەی زۆربەی خەڵکی لە کارو ژیانیاندا سەرکەوتوو نابن، ئەمەیە ئامانجی ڕوونو ئاشکرایان نیە، بەو هۆیەشە ئامانجەکانیان مسۆگەر ناکەن، چونکە ئامانجێکیان نیە! زۆر کەس ئەندێشەو خەونی پەرشو بڵاو لەسەریاندایە، بەڵام ئامانجگەرا نین. ئامانج، مەبەستو مەرام گرنگترین فاکتەرێکن کە چەمكو مانایەك بە مرۆڤ دەبەخشنو زۆر کەس لێی بێ بەشن!

"گەورمیەك" دەڵێت:

"ژیان بە بێ ئامانج، وەکو یاریکردنە لە گۆڕەپانی یارییەکدا کە دەروازەیەکی نەبێت بۆ گۆڵ کردن!

"برایان تریسی" دەڵێت:

هەرچەند بە ڕوونو ئاشکرا بزانیت کە خوازیاری چیت، ئامادەی هەنگاوێك بۆ مسۆگەرکردن بنێیت، ئەگەری سەرکەوتنو بەدەست هێنان زیاتر دەبێت.

"ئانتۆنی رابینێز" دەڵێت،

گرنگترین فاکتەر بۆ دیاریکردنی ئامانجەکان، دەبێت لە دۆخی خۆماندا دووچاری ڕەنج و ئازار بین و هەستی ڕازیبوون نەکەین، دەخوازین لە هەر بوارێکدا بین دۆخێکی باشترو شایستەتر بەدەست بێنین، بە سەرنجدان لەوەی زەینی ئێمە هەمیشە لە هەوڵدایە کە ئێمە لە ئازارو ڕەنج دوورمان بخاتەوە بمانخاتە دۆخی خۆشی و چێژو لەزەتەوە، کەواتە هەستی ئازارو ڕەنج و ناڕەحەتی هەڵقوڵاوی فشاری ناڕەزایی دەربڕین لە دۆخی هەنوکەیی ئەو هەستەمان پێ دەبەخشێت کە بەهیمەت و توانایەکی زیاترەوە بەدوای ئامانجەکانمان بکەوین، لەڕاستیدا هەستی فشار، ئێش و ئازار، کاریگەرترین و بەهێزترین فاکتەرو هۆکاری مسۆگەرکردنی ئامانجەکانمانە، لەلایەکی دیکەوە، گەر دۆخی خۆمان لەگەڵ ئامانج و دەروونە جوانەکاندا هاوتا بکەین و بەرجەستەیان بکەین، یارمەتیمان دەدات، بە هەست و جوڵەو توانایەکی بەتینەوە ئامانجەکانمان بەدی بێنین.

زانایەك دەڵێت،

ڕووبارێکی گەورە بێ ئامانج نیە، بەڵکو ئاڕاستەو مەبەستێکی هەیە، کەواتە ژیانێکی خۆش دەبێت ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت، هەموو هێزو توانای دەبێت بەرەو یەك ڕەهەندو مەرامێکی دیاریکراو بچێت.

لەم چیرۆکە ڕامێنن:

ڕاهێنەرێکی پیر لە مەزرایەکدا سەرگەرمی ڕاهێنانی دوو لاوی جەنگاوەر بوو لەسەر تیرەندازیی. لەو سەری مەزراکەوە نیشانەیەکی بچوک بە درەختێکەوە هەڵواسرا بوو، جەنگاوەری یەکەم تیرێکی لە کۆڵە پشتەکەی دەرکرد کردیە کەوانەکەیەوە نیشانەی لێ هێنایەوە، کەماندارە پیرەکە پێی وت چی دەبینێت باسی بکات. جەنگاوەرەکە وتی: "تەنها ئاسمان، هەورەکان، درەختەکان و لقی درەختەکان و نیشانەکە دەبینم."

کەماندارە پیرەکە وتی: "تیرو کەوانەکەت دانێ، تۆ ئامادەی نیشانە شکێنی نیت." نۆبەی جەنگاوەری دووەم هات و کەماندارەکە هەمان پرسیاری لەویش کردەوە...

جەنگاوەرکە وتی: "تەنها نیشانەکە دەبینم." تیرێکی نا بەنیشانەکەوە، پیرەمێرد وتی: "زۆر جوانە، ئافەرین، کاتی تەنها نیشانە، ئامانج، دەبینن، نیشانە شکێنیتان ڕێکەو ئامانجەکە دەپێکن و تیرەکەتان بە ئارەزووی ئێوە لە کەوانەکانا دەردەچێت.

"میشیل دومنتنی"، دەڵێت:

بۆ کەشتیەک کە نەزانێت بەرەو چ بەندەرێک دەڕوات، "بای" هاوتار، هاوئاڕاستە هیچ مانایەکی نیە.

لەبارەی نوسینی ئامانج لەسەر کاغەز، سەرنج بدەن:

لە ساڵی ١٩٥٣، کۆمەڵێ پسپۆری زانکۆی هارڤارد، توێژینەوەیەکیان لەسەر ژمارەیەک لە دەرچوانی زانکۆ ئەنجامداو چاو پێکەوتنیان لەگەڵ

سـازکرا، پرسـیاریان لێکـرا ئایـا ئامـانجی دیـاریکراو، تایبـەت، ئاشـکرا، نوسراویان هەیە یان نا؟ تەنها ٢٪ وەڵامی ئەرێنیان دایەوە بە بـەراورد بـە ٩٧٪ ئەوانیتر گەلێ دەوڵەمەند بوون، لە زۆر لایەنەکانی ژیاندا سـەرکەوتو بوون.

لەم وتەیە ڕامێنن:

ئەگـەر کەشـتی لـە دەریـادا مەبەسـتێکی نـەبێت، هـیچ بایـەك لـە بەرژەوەندی ئەو نیە. مرۆڤی بێ ئامانج وەکو کەشتیەکی بێ ڕێنمایە، هەر شنە بایەك لە دەریاوە هەڵبکات کەشتی بەرەو ئەو شوێنە دەبات، چارۆکە ناڕاستەی کەشتی ڕێك دەخات. نەك با، هەر بەوجۆرەی بـا گونجاوەکـانی دەریـایی کەشـتی بـەرەو کـەناری ئـاوات ڕێـك دەخـەن، دەزگـای ڕۆح و گیانیش، ڕەوڕەوەی وجودی ئێمەش لە ژیاندا ڕێگای گونجاو هەڵدەبـژێرن بەرەو ئامانجی دیاریکراومان دەبەن.

کورتە سەرنجێك لەچیرۆکی ئەلیس لە نیشتمانی سەیردا...

لە چیرۆکی ئەلیس لە نیشتمانی سـەیردا، ئـەو کاتـەی ئـەلیس دەگاتـە چوار ڕێیان و هەریەکەیان بەرەو شوێنێك دەڕوات، ئەویش تیاماوە نازانـێ بەرەو چ لایەك بڕوات، لەم کاتـەدا پاڵـەوانی چـیرۆك واتـە ئەلیسـی منـاڵ، دلوای ڕێنمایی لە پشیلەیەك دەکات و دەڵێت:

"پشیلەی تـوکن! دەکـرێ پـێم بڵێـی، مـن لـەم چـوار ڕێگایـە کامیـان بگرمەبەر؟"

پشیلەکە پێی دەڵێت،

"پەیوەستە بەوەی حەز بکەی بەرەو کوێ بڕۆیت؟"

ئەلیس دەڵێت:

"من هێندە گوێ نادەمێ کە بۆ کوێ..."

پشیلەکە دەڵێت:

"کەواتە فەرق ناکات بە هەر کام لەم ڕێگایانەدا بڕۆیت!"

بزانە لەم چیرۆکەدا ڕاستییەکی چەند جوان لە زمانی پشیلەوە دێتە ئاراوە. گەر نەزانین بەرەو کوێ دەڕۆین، کەواتە هەر ڕێگایەك بۆ جێیەکمان دەبات، ئەو جێیەی کە نازانین کوێیە، چیتر هیچ فەرقێکی نیە بەهەر ڕێگایەکدا بڕۆین.

زۆربەی خەڵکی لەو باوەڕەدان لە پڕ بەخت لە دەرگایان بداتو فریشتەی ئیقباڵ دەستیان بگرێت، لەچاوتروکانێکدا بگەنە سەروەتو سامانو ناوو شۆرەت، بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەن کە بتوانن پاڵی لێ بدەنەوە لە دورگەیەکی خەونو خەیاڵی شاهانەدا بژین، بەڵام ئەگەر لێیان بپرسن چۆن ئەم خەونانە بەدی دێن، "نازانم" تەوا وەڵامیانە.

"کیم. وو. چونگ" دەڵێت:

ئێوە دەبێت وەکو تافگەی سەرچاوەیەك بە شکۆو مەزن بن، بتوانن جیهانێك لە دڵی خۆتاندا جێگا بکەنەوە ئارەزووەکانتان هێندەی بەرینی ئاسمان بێت، کەسی بێ ئامانج لەگەڵ مردوودا جیاوازیەکی نیە.

لەم چیرۆکە ڕامێنن:

جوتیارێك سەگێکی هەبوو، هەمیشە لە کەناری ڕێگاوە دادەنیشت، چاوەڕوانی ئەو بارهەڵگرانە بوو کە لەو جادەیەوە تێدەپەڕین، هەرکە ئۆتۆمبیلێك دەگەشت ئەو دوای دەکەوت تا کۆتایی جادەکە ڕایدەکرد بەدوایداو دەوەڕی تاکو پێشی بداتەوە.

ڕۆژێك هاوسێیەك جوتیارەکە لێی پرسی:

پێت وایە ڕۆژێك سەگەکەت پێشی ئۆتۆمبیلێك بداتەوە؟

جوتیارەکە وتی: ئەوە شتێکی هێندە گرنگ نیە، ئەوەی گرنگە ئەمەیە ئەگەر ڕۆژێك پێشی بداتەوە چ شتێکی دەستدەکەوێت؟

جێگەی داخە، زۆربەی مرۆڤەکان لە ژیاندا وەکو ئەو ئاژەڵە دەستەمۆیەی جوتیارەکە ڕەفتار دەکەن، بەدوای ئامانجی پڕوپوچدا ڕادەکەن!

هاوکێشەی ئامانجگەرایی:

ڕێسای جۆراوجۆر بۆ ئامانجگەرایی وەك بنەمایەکی گشتی : "هەر بەرنامەیەك لە نەبوونی بەرنامە باشترە." ئاماژە بە یەکێ لە باشترینو کاریگەرترین پلانی ئامانجەگەرایی دەکەین.

قۆناغی یەکەم:

بەوردی دیاری بکە لە بوارێکی تایبەتدا چ شتێکت دەوێت. ئەم خواستەی خۆت بە ئاشکرا بنوسە، لە هەموو لایەنەکانی دیقەت بدە، ئەم

ئامانجه دەبێت شایانی ئەندازەگیریی و دیاریکراو بێت.

قۆناغی دووەم:

بۆ مسۆگەرکردنی ئامانجەکانت، مێژوویەک دیاری بکە. ئەگەر ئامانجەکەت گەورە بوو، بیەکە بە چەند بەشێکی بچوکەوەو هەریەکەو ناوێکی بۆ دابنێ.

قۆناغی سێیەم:

پێرستێک ئامادە بکەن لە هەموو ئەو کارانەی ئەنجامیان دەدەن تاکو ئامانجەکە بپێکن. کاتێ شتێکی تایبەت دێت بە خەیاڵتاندا بۆ پێرستەکەی زیاد بکەن تاکو تەولو دەبێت.

قۆناغی چوارەم:

هەنگاوی کرداریی بگۆڕن بۆ بەرنامەیەک، دەبێت یەکەمایەتیەکان لە پێشەوە دیاری کراوبن.

بۆ دیاریکردنی یەکەمایەتیەکان، دەبێت گرنگترین ئەو کارانەی بەرمو ئامانجتان دەبات ئەنجامی بدەن، یاسای ٨٠ بە ٢٠ لێرەدا دەتوانێ هاوکاریتان بکات، ٢٠٪ کارەکانتان ٨٠٪ ئەنجامتان بۆ دیاری دەکات. ئەگەر یەکەمایەتیەکان بە جوانی دیاری نەکەن، ڕەنگە زۆربەی کاتەکان لە شتە بێ بایەخەکاندا خەرج بکەن.

قۆناغی پێنجەم:

ئەو ئاستەنگانەی لە ئامانجەکان ڕێگریتان لێ دەکەن، لە خۆتان بپرسن: "بۆچی تا ئێستا ئەم ئامانجەم بەدەست نەهێناوە؟" ڕەنگە پێویستت بە نەریتێک یان کارامەییەک بێت کە هێشتا بە دەستت نەهێناوە، ڕەنگە

پێویستت بە زانیاری زیاتر بێت، ڕەنگە پێویستت بە هاوکاری کەسانی تر بێت، ئەو کەسانە دیاری بکە تاکو کۆمەکت بکەن.

قۆناغی شەشەم:

دوای ئەوەی ئامانجەکەت دیاری کردو بەرنامەیەکت بۆ داڕشت، ئاستەنگو کێشەکانت بۆ دەرکەوت، دەستبەجێ بۆ مسۆگەرکردنی ئامانجەکە دەستبەکاربە.

قۆناغی حەوتەم:

هەموو ڕۆژێك كارێك ئەنجام بدە، تاکو لە گرنگترین ئامانجت نزیکت بکاتەوە. بیکە بە نەریت هەموو ڕۆژێك بەیانی زوو لە خەو بێدار ببەوە، بەرنامەی ئەو ڕۆژە داڕێژە، پاشان کارێك بکە لانیکەم هەنگاوێك لەو شتەی گرنگە نزیکت بکاتەوە.

ڕونکردنەوەی ئەم بەشە بە چیرۆکێکی کورتی مەلای مەشهور دێنینە کۆتایی...

یەکێ لە هاوڕێکانی مەلای مەشهور مردبوو، لێیان پرسی هۆکاری مردنەکەی چی بوو؟

مەلا وتی: "ئەو ڕەحمەتیە، هۆکارێکی ژیانی نەبوو، چ بگات بە مردنی!"

پەندە زێڕینەکان:

- تاکە ڕێگای دەستپێکردن، هەمان دەستپێکردنە!
- بەرلەوەی لەدەرەوە بفڕیت، لە ناخی خۆتدا بفڕە!
- کاتێ کەنارییەکان بۆت دەخوێنن، دەرفەت بە قەلەڕەشکە مەدە بقیڕێنێ!
- گەر ئەوەی دەیزانیت بەکاری نەهێنیت، هێشتا هیچ نازانیت!
- هەر سەرەنجامێکی باش پێویستی بە دەسپێکی باشە!
- کاتێ هەنگاوێك بەرەو خودا دەڕۆیت، خودا دە هەنگا بەرەو تۆ دێت، بەڵام هەنگاوی یەکەم دەبێت تۆ هەڵیگریت!
- بەردێکی بچوك لەسەر ڕێگادا بۆ کەسانی ناکام بەربەستەو بۆ سەرکەوتوەکان نیشانەیە.
- بەهێز، کەسێکە نە چاوەڕوانە بەختەوەر بکرێت، نە بوار دەدات بەدبەخت بکرێت.
- لە ژیاندا کە دەگەیتە بەردەم دەرگایەکی داخراو، مەترسەو نا ئومێد مەبە. ئومێدی کرانەوە بەهێزە.
- کاتێ شتێك لەدەست دەدەیت، پەند لێ وەرگرتنی لەدەست مەدە.
- تۆ کە ئێستا خودی خۆتیت، هەوڵ مەدە کۆپی کەسێکی دیکە بیت.
- کارێك مەکە سبەی لەسەر کێلی گۆڕەکەت بنوسن، ئەو کەسەی لەژێر ئەم خاکەدا خەوتووە هەمیشە بڕیاری وابوو. سبەی شادو دڵخۆش بێت.
- ئەنجامی لێکدانی توانایی لە ڕاگەیاندندا تەنها یەك ژمارەیە، هەرچەند توانایی زیاتر بێت، ڕاگەیاندنی کەمترە، هەرچەند ڕاگەیاندن

کەمتر بێت توانایی کەمترە.

- بۆ هەستانەوە دەبێ بنوشتێیتەوە، گەر هەندێجار گرفتەکان بتنوشتێننەوە، بزانە سەرەتای هەستانەوەیە.
- کەسێک کە دەیەوێ لەگەڵ بازدا بفڕێت، هیچ کاتێ لەگەڵ مراوییەکاندا مەلە ناکات.
- خۆشی لەگەڵ باشیدا جیاوازە، لەبەر باشی دەبێ زۆرێک لە خۆشییەکان لەدەست بدەیت.
- هەمیشە دووجار ئەندازە بگرە، چونکە تەنها یەکجار دەتوانیت ببڕیت.
- حساب بۆ خۆت بکە بەرلەوەی حسابت بۆ بکەن.
- هیچ وەرزشێک بۆ دڵ هێندەی چەمینەوەو دەستگرۆیی پەککەوتەکان بەهێز نیە.
- مەڵێ لەرێگەی دڵ باشتر نیە، بڵێ بێجگە لە رێگەی دڵ رێگەیەکی دیکە نیە.
- کاتێ ئەم هەموو هەڵە نوێیە هەیە کە دەتوانرێ بکرێت، بۆچی هەر کۆنەکان دووبارە دەکەنەوە.
- ژیان شایستەی ڕاکردنی هەیە، تەنانەت بە پێڵاوی دڕاویشەوە.
- گەر دەتەوێ زۆر بژیت، هەر بەجوانی پیر ببە.
- خۆشویستنی کەسێک کە شایستەی خۆشەویستی نیە، بە هەدەردانی خۆشەویستییە.
- مسقاڵێک بینایی، باشترە لە خەرمانێک دانایی.
- تۆ بەتێپەڕینی زەمەن گەورە دەبیت، بە خاکەڕایی گەورەتر.

- کاتێ کەسێك بیانو لە نەبونەکانت دەگرێت، باشترە ئەویشت نەبێت، بۆ ئەوەی بچێتە سەر نەبونەکانت.
- ئەگەر لەسەرەتاوە بیر لە کۆتایی نەکەیتەوە، لە کۆتایدا بیر لە سەرەتا دەکەیتەوە ئەویش بێ سوودە.
- سوود لە ئەزمونی کەسانیتر وەربگرە، بەر لەوەی ببیتە ئەزمونی کەسانیتر.
- گەر خوازیاریت خۆت بدۆزیتەوە، دەبێت خۆت وون بکەیت، گەر خوازیاریت سەر لەنوێ لەدایك بیتەوە، دەبێت بمریت!
- تەنها یەك کاتژمێر لە بیستو چوار کاتژمێردا بۆ خۆت تەرخان بکە، تاکو بیستو سێ کاتژمێرەکەی دیکە بێتە ژێر ڕکێفی خۆتەوە.
- جوانی وتار، هۆکاری زۆریی ژیرییە.
- لەخوات نەوێت هەموو دنیات پێ بدات، لەخوات بوێت کەسێکت پێ بدات، تۆ بە هەموو دنیا نەدات.
- گەر هەستت بە ئازار کرد، بێ حیکمەت نیە، شتێکت لە دڵدایە دەبێت بسوتێت تاکو پاك بیتەوە.
- هەندێجار خودا دەرگاکان دادەخاتو پەنجەرەکان قوفڵ دەکات، چەند جوانە وابزانین ڕەنگە لەدەرەوە تۆفان بێت، خودا دەیەوێ بمان پارێزێت.
- هەمیشە نزمترین داکشان، بەرزترین هەڵکشان بەدی دێنێت.
- هەرکاتی دەکەویت بە زەویدا شتێك هەڵگرەوە.
- تۆ لە جیهاندا نیت، بەڵکو جیهان لە دەرونی تۆدایە.
- مردن، واتا مانەوە لە دۆخێکدا.

- ڕازەکانی ژیان وەکو ئاو خواردنەوەیە، ئەگەر تینوو بیت!
- ئارەزووی هەبوونی هەزار ماسی، تۆڕی ئێوە پڕ ناکات!
- لەخۆت دەرچۆ، وەک مار لە پێست.
- مرۆڤەکان حەزیان لە یاریکردنە، ئەوە تۆیت سەرپشکیت داشی یاریکردنەکەیان بیت، یان یارییان لەگەڵ بکەیت.
- هەمیشە بۆ چاکەی مرۆڤەکان، دیوارێک بۆ خۆت دروست بکە، هەر کاتێ خراپەیان لەگەڵ کردیت، تەنها خشتێک دەربێنە، بێ ویژدانیە دیوار بروخێنێت!
- هەندێک باش قسە دەکەن، هەندێک قسەی باش دەکەن، تۆ لەکام دەستەیەیت؟!
- ئەگەر بۆ ماوەی ساڵێک لەگەڵ کەسێکی شەلدا هەڵسوکەوت بکەی، لە کۆتایی ساڵدا وەکو ئەو دەشەلیت.
- ئەگەر دڵتان وەک لقێکی سەوز بپارێزن، مەلی بەختەوەری هێلانەی لێ دەبەستێت.
- کاتێ بڕیارێکی گەورە بۆ ژیان دەدەیت، چاوەڕوانی ئەوە مەبە، هیچ کەسێک تەپڵی خۆشیت بۆ لێ بدات.
- کۆتاییەکی تاڵ، باشترە لە تاڵیەکی بێ کۆتایی.
- سەرکەوتوو ئەو کەسەیە بەو تاکە پێڵاوانەی تێی دەگرن، دوکانێکی پێڵاو فرۆشی دانێت!
- زۆرێک لە پەیامەکان مرۆڤ دروست دەکەن، بەڵام زۆرێک لە مرۆڤەکان پەیام دروست دەکەن، پەیامێک دروست بکە.
- هەندێجار لێدانی پێلەقەیەک لە پشت، هەڵگرتنی هەنگاوێکی

بەرەو پێشە.

- لە سەد کەس کەمێك لە کەسەکان نەوەد ساڵ دەژین، ئەوانیتر یەك ساڵ نەوەد جار دوبارە دەکەنەوە!
- ئەگەر لە کاتی خۆیدا دەستبەکار بیت، پێویستت بە ڕاکردن نیە.
- بەرلەوەی بە کەسێك بڵێیت خۆشم دەوێیت، جوان بیر بکەرەوە، ڕەنگە چرایەك لە دڵیدا داگیرسێنی، کە کوژانەوەی بە کوژانەوەی تەمەنی ئەو کەسە تەواو دەبێت.
- کاتێ بە کەسێك دەڵێن، خۆشم دەوێی، مەبەستتان هەر ئەوە بێت.
- تۆ ناتوانی بەشەوێك چارەنوسی خۆت بگۆڕی، بەڵام دەتوانی بە شەوێك ڕێگای خۆت بگۆڕیت.
- هیچ شتێکی بایەخدار، هەرزان و ئاسان نایەتە پێشەوە.

من کێم؟

سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، زانایەك توێکاری ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤی دەکرد. ئەو کۆتایی باس و قسەکانی چەند ڕستەیەك بوو. کەچێك پێنج قاڵب سابونی لێ دروست بکرێت.

ئاسنێك شەش دەنك بزماری لێ دروست بکرێت.

فسفۆرێك بەشی بیست پاکەت شقارتە بکات.

شەکرێك بەشی دە کوپ قاوە شیرین بکات.

کەمێ سۆلفۆری کالیسیۆم، تێکڕای ئەم شتانە بە پێی نرخی ڕۆژ نزیکەی بایی پێنج دۆلار بوو.

بەلام ئەم بونەوەرە بەنرخە تەنها جەستە نیە. "ئێمە کێین؟"

سەرنج:

گەر خۆمان وەك ئەوەی کە هەین و دەبێت ببین، نە ناسین، کار و ژیان مەبەست و ئامانجەکانمان لە ململانێیەکی بێ هودەدا لە دەست دەچێت و دوچاری گرفتی نەشیاو دەبینەوە، "خودی ناوەکیمان وون دەبێت و لە خۆمان بێگانە دەبین".

ڕەوتی کار و ژیان پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە خۆیەتی دەرونمانەوە هەیە، ئەگەر هاودەمی خودی ناوەکی خۆمان بین، زۆربەی دۆلریەکان

ئاسان دەبن، كارو ژیانیش ڕەنگێكی دیكە بە خۆیانەوە دەبینێت.

"لوییز هی" دەڵێت:

خۆمان ئەو گەنجینە بەنرخەین كە بەدوایدا دەگەڕێین.

جوبران خەلیل دەڵێت:

هەرگیز هەستی لاوازیو ناتوانایی ناكەم بێجگە لەوەی لە بەرامبەر كەسێك لێم بپرسێت: "تۆ كێیت".

"ئالین واتس" دەڵێت:

پێم وایە، گەر لەگەڵ خۆماندا ڕاستگۆ بین، نایابترین پرسیاری دنیا ئەمەیە: من كێم؟ مەبەستی "من" چیە؟ بنەمای وجود ناتوانرێ ببینرێت، هەروەك ئەوەی تا ئاوێنە نەبێت ناتوانیت چاوەكانی خۆت ببینیت. بەهەمان پەنجە ناتوانرێت دەست لەو پەنجەیە بدرێت، بۆیە پرسیار دەربارەی ئەوەی كە "من كێم؟" هەمیشە هاوتای نهێنیەكی قووڵە.

"شوپینهاور" فەیلەسوفی ئەڵمانی، بەدوای وەڵامی پرسیارێكی ئاڵۆزدا دەگەڕا، بەشەقامێكدا پیاسەی دەكرد، كاتێ گەشتەی لای باخچەیەك، بڕیاریدا دانیشتێتو لە گوڵەكان بڕوانێت. كەسێك ئەم ڕەفتارە سەیرەی شوپینهاوری بینیو پۆلیسی ئاگادار كردەوە، پاش تاوێك ئەفسەرێك لێی نزیك بویەوە بە بێ ئەدەبیەوە لێی پرسی: "تۆ كێیت؟"

ئەو لە سەر تا پێی پۆلیسەكە وردبویەوە وتی:

"گەر بتوانیت هاوكاریم بكەیت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، هەتا هەتایە سوپاست دەكەم!"

حەکیمێک دەڵێت:

خۆت بناسە، فەرمانڕەوای ڕۆحی خۆتبە، بەمشێوەیە دەتوانیت هیوادار بیت بەوەی ڕۆژێکی بە تواناو بەختەوەرت هەبێت.

خۆناسین لە هەموو ڕویەکەوە کە ئێمە لەگەڵ یەکێک یان چەند "بژاردە"یەک سەروکاریمان هەیە، یان لە تێکرای ئەو لایەنانەی کە دەمانەوێ دەربارەی پرسێکی گرنگی ئایندە بریار بدەین، کۆمەکمان دەکات، دەرونناسە ناودارەکان چەندین جار ئەوەیان خستۆتە ڕوو، کە ڕویەڕوی کەسانێك بونەتەوە لەکارو ژیانی خۆیاندا بژاردەی نادروستیان کردووە، ئەم هەڵە کردنەش هەمیشە لەبەر نەبونی وێنایەکی دروستەوەیە کە لە راستیدا "خۆناسی: چەنجارێك دوویارە بۆتەوە، ڕەنگە بەم هۆیەشەوە بێت کە دەڵێن: "نزمترین پلەی دانایی، خۆناسینە."

"ژان پۆلسارتەر " دەڵێت:

مرۆڤ پێکهاتەی ئەوە نیە کە هەیەتی، بەڵکو پێکهاتەی ئەوانەیە کە هێشتا نیەتی، بەڵام دەتوانێت هەیبێت."

"سین ئاگۆستین" دەڵێت:

مرۆڤ بۆ دیتنی سەیرو سەمەرەکان دەچێت سەفەر دەکات. لەبەرزیو بڵندی شاخەکان، لە شەپۆلی دەریاکان، لە درێژاییو فراوانی ڕوبارو دەریاکان، لە خولگەو سوڕانەوەی هەسارەکان دەڕوانێتو تێپەڕ دەبێت، بەڵام بەلای خۆیدا بێ گوێ پێدان تێدەپەڕێت..

"لاوێتسە" دەربارەی خۆناسین دەڵێت:

هەر کەسێك کەسانیتر بناسێت ئەوا کەسێکی ژیرە، هەر کەسیش خۆی بناسێت، عاریفە.

"بنیامین فرانکلین" دەڵێت:

"سێ شت گەلێ ڕەق و سەختن، پۆڵا و ئەڵماس و خۆناسین."

گەورەیەك دەڵێت:

"تۆ ئەو شابەندەرەیت کە خەوتووە، لە خەونیدا دەبینێت سواڵکەرە، لە خەو بێدار ببەوە."

سەختیەکان فانیو سەرسەختان باقی!

"جۆن پرانتی" لە نێو خەڵکیدا بە پیاوی جادەکان بەناو بانگ بوو. بەڵام لە ڕۆژێکی زستانی ١٩٧٣ دواینجار بوو، ئەو بە جادەکاندا ڕایکرد، ئەو ڕۆژە لەگەڵ چەند کرێکارێکی کۆمپانیایەکی بیناسازی چونە سەربانی خانوەیەکی بچوك، هەوا زۆر گەرم بوو، کارەکان گەلێ بەسەختی جێبەجێ دەبوون، جۆن لەسەربان بوو، یەکێك لە وەستاکان بانگی کردو داوای چەکوشێکی لێکرد، جۆن هەنگاوێك چویە پێشەوە تاکو چەکوشەکەی بداتە دەست، بەڵام لە ناکاو پێی ترازاو لە چاوتروکانێکدا کەوتە خوارەوە، ئەم بەریونەوەیە بۆ ئەو کۆتایی سەختیەکان بوو، ئەو بەکێشی ١٢٠ کیلۆ قورسایی جەستەیەوە بەربویەوە، خۆی دەڵێت: هەر کاتێ کە ئەو بەربونەویەم بیر دەکەوێتەوە هەموو گیانم دەلەرزێت، سەرم زەبرێکی بەتینی بەرکەوتبوو، نەمدەتوانی خۆم ڕاگرم، بە هیچ جۆرێك نەمدەتوانی هیچ شوێنێکی جەستەم بجولێنم، بۆ ساتێك هەستم کرد پێیەکانم بە منەوە نین، کاتێ هەوڵەکانم بۆ هەستانەوەم بێ سوود بوو، شەپۆلێکی ترسو نائومێدی سەر تا پێی تەنیم، تەنها سەرم شەپۆلەکانی مێشکی وەردەگرتم، لەسەرەوە دەنگێکم بیست: "کوڕینە فریاکەوون مرد." سەرم بەلای چەپدا سوڕاندن لە مەودای مەترێك ئەو لای سەرمەوە جوتێك قاچم

بینی لە ناو جوتێك پۆتیندا، زۆر لە قاچەکانی خۆم دەچوو، زۆرم پێ سەیر بوو، هەستم کرد قاچەکانم قرتاوون، بڕوا کردن بەو ڕاستییە زۆر سەختو ترسناك بوو!

هەستم بە هیچ ئازارێك نەدەکرد، تاکو کەسێك سەری بە هێواشی بەرز کردمەوەو پشتیەکی خستە ژێر سەرم، هێندە ئازارەکەم بە تین بوو پێم وت پشتیەکە لە ژێر سەرم دەر بێنێت. هەستم دەکرد سەرم بە تاڵە دەزوویەکەوە بەستراوە، هەرچەند سەرم بەملاو لادا دەخست ئازارەکەم زیاتر دەبوو، هەستم دەکرد خەریکە ئەو تاڵە دەزووە دەپچڕێت، هەموو هەوڵێکم خستە گەڕ. تاکو هۆشیاری خۆم بپارێزم، هەر خێرا تیمی فریاکەوتن هاتنە سەرم، ئەوانیش هەموو شارەزایی خۆیان خستە گەڕ تاکو متمانەم پێ ببەخشن. ئەو وەختەی گوێزرامەوە بۆ ئەمبولانسەکە هەستی ئارامی دایگرتم، چونکە زانیم بە زوویی پزیشکانی شارەزا دێنە سەرم، کاتێ گەشتینە نەخۆشخانە، ئەو پزیشکەی چارەسەری منی لە ئەستۆ گرت، ئامادەی کردم بۆ گرتنی تیشکی سەرو ملم، کاتێ وێنەی سەری دەگرتم، ئازارێکی بە تینو بێ وێنە هەموو گیانی تەنیم، ساتێ دواتر ڕاستیەکی تاڵم بۆ دەرکەوت، بڕ بڕەکانی ملم شکابوون، بە منالی فێری دوعاو پاڕانەوە ببووم، ئێستا هیچ شتێك لە منی بێ دەسەڵات ناوەشێتەوە، بێجگە لەوەی داوا لە خودا بکەم ورەو تینێکم پێ ببەخشێت لە هەمبەر ئەو کێشەو کارەساتەی یەخەی گرتبووم ڕووبەڕووی ببمەوە، ئەو ئازارەی داگیری کردبووم، شەوی لێ درێژتر کردم، تێکرای ساتەکانی ئەو شەوەم لێ بوو بە سەدەیەك، ئازارم دەچەشتو ناڕەحەت بووم.

لەمیوان ئەو ئێش و ئازارەی سەر تا پێی تەنی بوو، وتەکانی "فرانکلین رۆزفێلت" وەك مەرهەمێکی ئارامبەخش هێوری دەکردمەوە: "تاکە شتێك کە دەبێت لێی بترسیت، خودی ترسە." ئەم دیدگا ئەرێنییە سەر لەنوێ بڵێسەی عەشقی لە دڵمدا هەڵگیرساندەوە، ئیتر هەستم بەوە کرد هەرچی ئارامتر بۆی ڕاکشێنم، کەمتر هەست بە ئازار دەکەم، هەستم دەکرد وەکو منداڵێکی ساوا پێچراومەتەوە. ئەمە گەلێ مەترسیدار بوو، چونکە هیچ هەستێکم نەمابوو. هەموو ئامرازێکی چارەسەرکردن لەدەوری من دانرا بوو.

لەماوەی چەند هەفتەیەکدا دەرکەوت شوێنەواری ئەو زەبرە هەتا مردن لە "جۆن"دا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەو هیوادار بوو، موعجیزەیەك ڕوو دەدات ستونی بڕبڕەکانی پشت و ملی چاك دەبێتەوەو مێشکی دەتوانێت جڵەوی هەموو جەستەی بکاتەوە.

"جۆن" تەنها بیری لە چاکبوونەوە دەکردەوە، زۆر خولیای ئەوە بوو بزانێ بەچی چاك دەبێتەوە، نەدەبوو پرسیار لەکەس بکات، خۆی لە زمانی دوو پەرستارەوە کە پێکەوە قسەیان کردبوو بیستبووی هیچ هیوایەکی چاکبونەوەی نیە، چونکە بڕبڕەکانی ملی شکا بوون و هەموو جەستەی تا نوکی پێی ئیفلیج بوبوو. بەڵام هێشتا زیندوو بوو. سەرنێشانێکی زۆر بەتینی هەبوو، بەڵام "جۆن" ڕۆحێکی گەورەو بە هێزی هەبوو.

ئەو وتی: من بڕیارمداوە بەسەر لۆخەکاندا زاڵ بم، عەشق و تامەزرۆیی، سووربوون و ئیرادە بەرەو سەرکەوتن و مانەوەم دەبەن، من دەزانم کە

دەبێت خۆشەویستی بۆ ژیان، بەدەست هێنانی سەلامەتی‌و توانا شاراوەکانی دەروونم هەڵبگرسێنم، پاشان بۆ بەدەست هێنانی ئەو عەشقە هەخت بکەمەوە، ئیرادە بە تەنها دەتوانێت سەرکەوتنم بۆ مسۆگەر بکات، من بڕیارمداوە هەرگیز تەسلیم نەبم.

ئەمڕۆ ساڵانێك بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕ دەبێت، وێڕای ئەوەی "جۆن" ئەولوی ئەو ساڵانە لەسەر گالیسکەی کەمئەندامی بووە، چێژ لە ژیان دەبات، ژیان بە جوان دەبینێت، ئەو دەڵێت: "لە ژیانمدا جێیەك بۆ نەفرەت لێ کردن، نا ئومێدی‌و خەشم نیە، من لەو باوەڕەدام نەفرەت‌و ڕق‌و کینە نا ئومێدی‌و وێرانکردنی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکانە، بۆیە هەمیشە حەز دەکەم عەشق ببەخشم، بۆ هەمووانی بسەلمێنم بە جەستەیەکی ئیفلیجەوە دەکرێ دڵێکی بەهێزو توانات هەبێت، ئێستا دەزانم کەمئەندام‌و ئیفلیجی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە جوانی لە ساغی‌و سەلامەتی ڕواڵەتدا دەبینێتەوە، من تێگەشتم ئەو کارەساتەی بەسەر مندا هاتووە ڕێگەی هەڵاتن نیە، یان دەبێت تامردن ساتژمێریی مەرگ بکەم، یان دەبێت بە بیرکردنەوەی ئەرێنی لە شانسی ژیان خۆم بێ بەش نەکەم. بۆیە شانم دایە ژێر ئەو کارەساتە، تێکرای ئەوەی پێویستم بوو ئەمە بوو؛ دەرگای دڵم بۆ کەسانیتر بکەمەوە، بۆ منالان پێبکەنم، لەگەڵ نەوجەواناندا هێندە گفتوگۆ بکەم بڵێن: "جۆن، بەختەوەرترین کەسی دنیایە."

بەڵام "جۆن" لەوەش گەورەترە، کاری نایابترو باشتر ئەنجام دەدات، ئەمڕۆ لە چەندین ئوتێلدا سەرگەرمی کارکردنە، ڕێکخراوێکی هەبە

راوێژكاری كەسانی نائومێدو ناكامە، دەتوانێ لە دەرونی ئەو كەسانەدا هیوا و عەشقی فراوان بچێنێت.

جان پرانتی، كەسێكی سەركەوتووەو لەو كەسانەیە نهێنی سەركەوتنەكانی دۆزیوەتەوە بۆیە:

"سەختیەكان فانی‌و سەرسەختەكان باقی!"

بایەزیدی بەستامی، بەرەو هیواداری دەمانبات‌و دەڵێت:

"هەرگیز نائومێد مەبن، هەر كاتێ نائومێدی بەرۆكی پێگرتن بزانن دەرگای نائومێدی تەنها هەر ئومێدە.

با ئەوەش فەرامۆش نەكەین كەمێ سەختی‌و نارەحەتی بچێژین، چونكە لە دوای هەر ئازارو ڕەنجێكەوە پەندو ئەزمونێك خۆی حەشار داوە.

عاریفەكان، ئێش‌و ئازارو سەرەنجام سوتان بە بەختەوەری دەزانن‌و دەڵێن:

لە گوڵزاری جیهاندا ئەو گوڵەی دەسوتێت دەتوێتەوەو دەبێتە گوڵاو، بەختەوەرترە لەو گوڵەی بەسەر دڕكەوە دەپشكوێت یەك دوو ڕۆژێك دەمێنێتەوە پاشان سیس دەبێت‌و هەڵدەوەرێت!

"لویز هی" دەڵێت:

ئەو كەسانەی لە دنیادا هەراسان نابن، زوو دەگەنە ئەو پلە بەرزەی ئازار كێش‌و دڵ بەهێز دەبن!

"پلو تارك" دەربارەی سەختی‌و نەخوازراوەكان دەڵێت:

هەر كەس بە پێی ئاستی بەرگە گرتنی لە بەرامبەر سەختی‌و ناهەمواریەكاندا دەپێورێت.

حەکیمێك دەڵێت:

باوەڕ بکە زستان سەخت نیە، تەنانەت ئەگەر هەموو شەوەکانی شەوی یەلدا بێت!

لەم چیرۆکە ڕامێنن:

لە مۆزەخانەیەکی بەناوبانگدا کە بە بەردی مەڕ مەڕ ڕوپۆشکرابوو، پەیکەرێکی نایابی لێ دانرابوو، کە خەڵکی لە دوورو نزیکەوە دەهاتن بۆ دیتنی، کەسێك نەبوو ئەو پەیکەرە ببینێ‌و ستایشی نەکات.

شەوێك ئەو بەردە مەڕمەڕەی کە هۆڵی ئەو مۆزەخانەیەی پێ ڕوپۆشکرا بوو، لەگەڵ پەیکەرەکە کەوتە گفتوگۆ: "ئەمە هەرگیز ڕەوای هەق نیە پێ بە مندا دەنێن‌و ستایشی تۆ دەکەن، مەگەر بیرت نیە ئێمە هەردووکمان بەردی یەك شوێن‌و یەك توخم بوین؟ ئەمە ڕەوای هەق نیەو من زۆر گلەییم هەیە!"

پەیکەرەکە بەئارامی پێکەنی وتی:

"لە بیرتە ئەو ڕۆژەی کە پەیکەرتاشەکە ویستی کار لەسەر تۆ بکات، تۆ چەند سەرسەختی و بەرگریت کرد؟

بەردەکە وەلامیدایەوە:

"بەڵێ، ئاخر ئەو بە کەرەستەکانی ئازاری دەدەم، وامدەزانی دەیەوێ ئازارم بدات، من بەرگەی ئەو هەموو دەردو ئازارەم نەدەگرت."

پەیکەرەکە بە هەمان ئەو هێمنیەوە بەردەوام بوو: "بەلام من پێم وابوو بێگومان دەیەوێ لە من شتێکی ئاوازە دروست بکات، بێگومان دەبمە شاکارێکی بێ وێنە، بێگومان لە پشتی ئەو ئازارو ناڕەحەتیەوە

گەنجینەیەك شاراوەیە.

بۆیە بوارم پێداو وتم هەرچۆنێکت دەوێ لێمبدە، بمتاشەو سافم بکە!
بۆیە ئەو کەرەستەو ئامرازەی ئازاریان دەدام بەهای ئەوانەم بە گیانی خۆم کڕی‌و زیاتر خۆمم ڕاگرت تا جوانتر بووم، هەرچەند گورو تینی لێدان‌و داتاشین زۆرتر دەبوو زیاتر بەرگەم دەگرت تا جوانتر بووم، ئەمڕۆش لۆمەی کەس مەکە کە بۆچی پێ بە تۆدا دەنێن‌و بە سوك لێت دەڕوانن.

چۆنێتی مانای...

ڕێویەك گاڵتەی بە شێرێك دەکرد، کە ئەو هەموو جارێك لە بێچوویەك زیاتری نابێت، شێرەکە وەڵامیدایەوە: من هەموو جارێك یەك بێچووم دەبێت بەڵام بێچووی شێر.

سەرنج:

هەمیشە چۆنێتی گرنگترە لە چەندێتی.

"ئانتۆنی رابینز" دەڵێت:

"ئەوەی گرنگە چۆنێتی ژیانە، نەك تەمەنی درێژ!"

"پیتر دراکر" دەڵێت:

چۆنێتی کاری دروست یەکەمجار بە دروستی ئەنجامدان‌و جاری دووەم باشتر لە جاری یەکەم ئەنجامدانە...

"جیم ران" فەیلەسوفی گەوورە زیاتر دەڕوات‌و دەڵێت:

ئەو هەستانەی کە هەمانە، تێڕوانینی خۆمان بەدی دێنێت، ئەوە تێروانینی خۆمانە دواجار چۆنێتی ژیانمان دیاری دەکات.

سوپاسگوزارو پێزان بین

حەکیمێکی گەورە هەمیشەو لە هەموو کاتێکدا سوپاسی خوای دەکرد. ڕۆژێك زریانێکی بە تین درەختەکانی زۆر بە تین دەشەکاندەوەو بارانێکی بە خوڕ دایڕشت. موریدەکانی حەکیم سەرسام بوون کە هۆکاری سوپاسگوزاری حەکیم لەم دۆخەدا چیە؟

حەکیم وتی: "ئای خوایە، ئەمڕۆ هەوا خراپە، بەڵام سوپاسی تۆ دەکەم، کە هەموو ڕۆژێك بەمجۆرە نیە!"

"دانتە گابریل روستی" دەڵێت:

"خراپترین سات بۆ کەسی بێ باوەڕ ئەو کاتەیە بەڕاستی دەیەوێ سوپاسگوزار بێت، بەڵام نازانێت بۆ کێ!"

قسەی پڕو پووچ

بە پیاوێکیان وت کەمتر قسەی پڕوپوچ بکە لە جیاتی ئەوە کەمێك ئامۆژگاریمان بکە، ئەو پەسەندی کردو وتی:

"کەسێکی ژیر پێی وتم کە دوو شت مایەی ڕزگاریو سەرفەرازییە."

خەڵکەکە وتیان: "ئافەرین! لەم قسانەمان بۆ بکە، کەواتە پێمان بڵێ ئەو دوو شتە چیە؟"

وتی: "یەکێککیان هەمان ئەو کەسە بیری چوبوویەوە.؟ خەڵکەکە وتیان: "باشە، دووەم بڵێ!"

وتی: "دووەم خۆم بیرم چۆتەوە!"

"ئەفلاتون" دەڵێت:

نەزانی هەرکەسێك بە دوو شت دەپێورێت. یەکەم بڵێت کە هیچ پرسیارێکیان لێ نەکردووە، دووەم بە قسەکردنی زیاتر لە ئاستی پێویست."

"سوقرات" دەڵێت:

"ئەگەر بێدەنگ بیت تا کەسانیتر دەتهێننە قسە، باشترە لەسەر قسەکردنێك بێدەنگت بکەن!"

- خودا مرۆڤەکان دەخاتە ناوی قوڕڵەوە، نەک لەبەر ئەوەی بخنکێن، بەڵکو لەبەرئەوەی پاکیان بکاتەوە.
- تاکە کەسێک کە دەبێ بگۆڕێ خودی تۆیە، گەر خۆت بگۆڕیت، هەموو دۆخەکان دەگۆڕێن.
- گەر بتەوێ لە دوێنێدا بمێنیتەوە ناگەیتە سبەی.
- یان کارێک ئەنجام بدە یان ئەنجامی مەدە، مەڵێ هەوڵ دەدەم!
- کەسێک لە ڕادەبەدەر لە هەڵگرتنی هەنگاوێک هێندە ڕامێنێ، هەموو تەمەنی لەسەر یەک پێی دەمێنێتەوە!
- کاتێ سەرکەوتوو دەبین هاوڕێکانمان دەماننناسن، لەکاتی نەشیاویشدا ئێمەین ئەوان دەناسین!
- کەسانێک بە هۆی سەروەتەوە بەگەورەتان دەزانن، لەکاتی تەنگ دەستیدا بە بچوکتان دەبینن!
- هەرگیز کاری گەورە بە کەسانی بچوک ئەنجام نادرێت.
- سەختیە بەرگە نەگیراوەکان ئەوانەن کە هەرگیز نایەنە پێشەوە.
- مەڵێ ئەگەر بتوانم ئەنجامی دەدەم، لە جیاتی ئەوە بڵێ ئەگەر ئەنجامی بدەم دەتوانم.
- کاتێ گەنجینەیەکی گەورەم لە پێش چاو بێت، هەرگیز نایبینم. دەزانی بۆچی؟ لەبەر ئەوەی مرۆڤ باوەڕ بە ئەفسانەی گەنجینە ناکات.

- دەبێت ژیان بە ژمارەی پێکەنینەکان بپێوون، نەك بە ژمارەی تنۆکی فرمێسکەکان.
- کۆتری بەخت لەسەر شانەکانت نانیشێتەوە، مەگەر شانەکانت هێندەی کێوەکان پان بێت.
- گەر خۆمان ئایندەی خۆمان دروست نەکەین، لە ئایندەیەکدا دەژین کەسانیتر بۆیان دروست کردوین.
- تاکە شتێك بە بێ هەوڵدان خۆی دێتە بەردەستمان پیرییە.
- باشترە خۆت پاکوخاوێن راگریت، تۆ هەمان پەنجەرەیت کە دەبێ دنیای لێوە ببینیت.
- ژیان زیاتر لەوەی پێی دەبەخشیت، پێت نابەخشێتەوە.
- هەرچی خودا پێمان ببەخشێت "نیعمەتە" هەرچیمان لێ وەربگرێتەوە "حیکمەتە".
- گەر دەتەوێ دەست بۆ هەرچیەك ببەیت ببێتە زێڕ، لە هەموو کارەکانی ژیاندا کامەران بیت، لێوان لێوبە لە عەشقو خۆشەویستی.
- چاوەڕوان مەبن تا دنیا خواستەکانتان بۆ بەدی بێنێت، خۆتان سەرچاوەی بەدی هێنانی ئەو خواستە بن بۆ کەسێکی دیکە.
- هەڵەی کار لێرەدایە "ئێمە ئەوەی کە هەین" لەگەڵ "ئەوەی دەبێت ببین" بەهەڵە لێی تێدەگەین، وا دەزانین ئەوەی دەبێت ببین ئەوەین، هاوکات نابێ ئەوە بین کە هەین.
- مێزێك بۆ کار، کارێك بۆ تەخت، تەختێك بۆ نوستن، خەونێك بۆ گیان، گیانێك بۆ مردن، مردنێك بۆ یاد، یادێك بۆ بەرد، ئەمە بوو

زیان؟!

- هەقیقەت نەك بە مەلە كردن، بەڵكو بە نوقم بوون دەردەكەوێت.
- بەدی هێنانی خۆت هەمیشە لەو شتەدا خەرج بكە تازەترت دەكاتەوە.
- ئەگەر لە نزاو پاڕاوەكانتدا جۆش و خرۆشێك نەبێت، "بت"ێكت ستایش كردووە.
- ئەگەر ئاگری تەنورێك لە جلەكانت بەر ببێت، بە پەلە خامۆشی دەكەیت، ڕەوا نیە ئاگری ڕق و كینەت لە دڵدا بێت و بتسوتێنێ.
- گرنگترین كار ئەمەیە، كار بە گرنگترین شت بزانیت!
- ئەگەر فەرهاد بیت هەموو شتێك شیرینە.

خۆپەرستی

ئەسپێك‌و گوێدرێژێك پێكەوە باریان دەكێشا، گوێدرێژەكە بە ئەسپی وت: "گەر حەز دەكەی من نەمرم كەمێ بارەكەی من هەلگرە." بەلام ئەسپ گوێی پێنەدا، گوێدرێژەكە بەرگەی قورسایی بارەكەی نەدەگرت، كەوت‌و گیانی دەرچوو، پاشان خاوەنی ئەسپەكە هەموو بارەكەو پێستی گوێدرێژەكەی لە ئەسپەكە بار كرد، ئەسپیش هەروا لە ژێر بارەكەدا پشتی چەمی بوو، وتی: "مەخابن! چەن گێل بووم، من ئامادە نەبووم كەمێك بارەكەی ئەو هەلگرم، ئێستا نەك هەر ناچارم بارەكەی ئەو بكێشم بەلكو دەبێت پێستەكەی ئەویش بە كۆلمەوە بێت."

سەرنج:

لەم نمونەیەی "زیگ زیگلار" ڕامێنن"

بیستومە لە "ئەندۆنیزیا" درەختێك هەیە بە ناوی "یوپاس" ئەم درەختە ژەهرێك دەر دەدات هێندە لق‌و گەلاكانی چڕو پڕە كە هەموو گژوو گیایەك لە سایەی ئەودا دەفەوتێت، ئەم درەختە پەنا دەدات‌و سێبەری هەیەو فەوتێنەرە، مەخابن زۆربەمان وەكو ئەم درەختەین خۆ پەسەندین، هەموو شتێك لەبەرەژەندی خۆمانە هیچ حەزێمان لە

کۆمەککردنی کەسانیتر نیە. لە لایەکی دیکەوە بیرمە کە منداڵ بووم هەوڵم دەدا بەسەر "ریل"ی هێڵی ئاسندا بڕۆم، چەن هەنگاوێك زیاتر نەمدەتوانی بڕۆم، هاوسەنگی خۆمم بۆ جڵەو نەدەکرا، بەڵام ئەگەر لەگەڵ هاوڕێکەمدا دەستی یەکترمان بگرتبایە هاوسەنگی خۆمان دەپاراستو بەو چەشنەش دەمانتوانی تا ئەوسەری دنیا بڕۆین.

منو تۆ مافی بژاردەمان هەیە، دەتوانین وەکو درەختی "یوپاس"بین. ژەهری خۆویستی بڕێژین، تەنها بیری لە خۆمانو خواستەکانمان بکەینەوە، لە خۆویستیدا بمێنینەوە یان هاوتای گەشەو ژیان بینو کۆمەکی کەسانیتر بکەین، دەتوانیت لە ژیاندا لە خزمەتی کەسانیتردا بیت، یان بە خۆپەسەندی گومرایان بکەیت، دەبێت کەڵکی خراپ لە کەسانیتر ببینیت یان خۆشت بوێن؟ هەردوکیان پێکەوە مەحاڵە.

"تۆماس ئەکمپیس" دەڵێت:

زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوێ هاوسێکانمان بە هەمان ئەو کێشانەبە بکێشین کە خۆمانی پێ دەکێشین!"

دەگێڕنەوە ئەبوحامید محەمەد غەزالی، ئەو زانستەی کە دەیزانی لە دەفتەردا نوسی بووی، ڕۆژێك لە گەڵ کاروانێکدا سەفەری دەکرد، هەموو نوسراوەکانی پێ بوو. لەڕێگا دزو جەردە ڕێیان پێگرتنو کاروانەکەیان تاڵان کرد، غەزالی ڕووی کردە دزەکان لێیان پاڕایەوە وتی: "تکایە ئەو کەشکۆڵەی من مەبەن، من هەرچیەکم هەیە لەوێدایە."

دزەکان زیاتر تەمایان کردو کەشکۆڵەکەیان کردەوە بینیان بێجگە لە چەند دەفتەرێك هیچی دیکەی تێدا نیە، یەکێك لە دزەکان پێی وت ئەمانە چیە؟

غەزالی بۆی باسکردن، هەرچی زانیاری هەیە لەو دەفتەرانە نوسراونەتەوە، دزێك وتی: زانستێك جەردە تالانی بکات بەکەڵکی چی دێت؟

ئەم قسەیە کاریگەریەکی بەتینی کردە سەر غەزالی وتی: "ئامۆژگاری لەوە باشترم لەکەس نەبیستووە." چیتر دوای ئەوە کەوت زانست لە دەفتەری گیانیدا تۆمار بکات.

سەرنج:

باشترین دەفتەری دانایی مرۆڤ جەوهەری گیانو گەنجینەی سینەی خۆیەتی، دەبێ دانایی لە قوڵایی گیانی مرۆڤدا بێت، تۆوی زانستو زانیاری لە مەزرای دڵدا بێت، تا دوور بێت لە هەر تاڵانو بردنێك، چونکە

ئەوە سەرمایەی ڕاستەقینەی ماڵە.

باشترین کتێب لە کتێبخانەی دڵدایە، کە خاوەنەکەی خودایە، تەنها بەهاو مەرجی خوێندنەوەکەی، ئارامیو عەشقو خۆشەویستییە، تەنیا تۆزەکەی بتەکێنەو سەر لەنوێ بیخوێنەوە.

وەفاداریی

ڕۆژێك پیرەمێردێك ڕایگەیاند کە سەروەتەکەی لە نێوان هاوڕێکانیدا دابەش بکات بەو مەرجەی وەفادارین بەرامبەری.

ساڵانێك تێپەڕیو پیرەمێرد لە زستانێکی پڕ لە بەفرو بەستەڵەکدا دنیای بەجێ هێشت، دوایین خواستی پیرەمێرد ئەمە بوو، لە سەعات چواری بەیانیدا بە خاکی بسپێرن.

هەرچەند، ژمارەیەکی زۆر لافی دۆستایەتیو خۆشەویستیان بۆ لێدا بوو. بەڵام تەنها سێ پیاوو دوو ژن لە سەعات چواری بەیانیدا بۆ مەراسیمی ناشتنەکەی ئامادەبوون.

کاتێ وەسێتی پیرەمێرد خوێنرایەوە، دەرکەوت پیرەمێرد وەسێتی کردبوو سەروەتەکەی بە یەکسانی بەسەر ئەو کەسانەدا دابەشکرابوو کە ئامادەی ڕێو رەسمی ناشتنەکەی بوون.

پەندێکی ئینگلیزی دەڵێت:

دەبێت هاوڕێکانت وەکو ئەو کتێبانەی دەیخوێنیتەوە کەمو دانسقەو هەڵبژێراو بن.

بەهای مرۆڤ

"مایرا. بی. ولش" چیرۆکێك دەربارەی بەهای مرۆڤ دەگێڕێتەوە.

کەمانچەیەك هێندە کۆن و پیس بوو، کە پیاوی هەراجی وایدەزانی هیچ نرخێکی ئەوەی نیە بۆ فرۆشتن خۆی پێوە خەریك بکات، بەڵام بە بزەییەکەوە بەرزی کردەوە:

کێ نرخێکی بۆ دادەنێت؟

یەك دۆلار، دوو دۆلار! تەنها دوو دۆلار؟

سێ دۆلار، دەیفرۆشین بە سێ دۆلار... بەڵام لە ژوورەکەی دواوە پیاوێکی بە تەمەن هاتە پێشەوە ڕیشەی کەمانەکەی هەلگرت و پاشان تەپو تۆزی سەر کەمانچەکەی خاوێن کردەوە، سیمە شلەکانی توند کردەوە، ئاهەنگێکی دلڕفێنی ژەند. ئەوای مۆسیقاکە بەرز بویەوە، پیاوی هەراجیەکە بە دەنگێکی نزمەوە وتی: "بۆ ئەم کەمانچە کۆنە چ نرخێك بلێم؟

ئەمە بە هۆی ڕیشەکەیەوە بەرز بویەوە؟ هەزار دۆلار! کێ دوو هەزار دۆلاری پێ دەدات؟ کێ بە سێ هەزار دۆلار دەیەوێ؟ سێ هەزار یەك، سێ

هـەزار دوو... پاشـان فرۆشـرا. خـەڵکی هـاواری خۆشـیان کـرد، کۆمـەڵێ وتیـان: "چ شـتێك نرخەکـەی بـەرز کـردەوە؟" خێـرا وەلام درایـەوە: "ژەندنی دەستی مامۆستایەك."

زۆربەی خەڵکی بە ژیانێکی نارێكو پڕ لە هـەورازو نشێو، هـەروەك ئـەو کەمانچە کۆنە لـە هـەراجی ژیانـدا بـە نرخێکی زۆر هـەرزان دەفرۆشـرێن. ئـەوان دەفرۆشـرێن، بـەلام لـەم مەیدانـەدا مامۆسـتایەك دێـتو کۆمەڵـە نەزانەکە تێناگەن بـەهای یـەك دڵو دەرونو گۆڕانکـاری لەوانـدا بـە هـۆی نەوازشو ژەندنی دەستی مامۆستای ئەزەلیە.

مەولانا دەڵێت:

دوێنێ شەو شێخ بە چرایەکەوە هەموو شاری پشکنی

بێزارم لە دێوو درنج، ئارەزوی مرۆڤ دەکەم.

ئەندێشەی مەزن

پیاوێـك لـە ڕاکێشـانی تـیرو پشـکێکدا پارەیـەکی زۆی بـردەوە، هاوسـەرەکەی زۆری پێنـاخۆش بـوو، چـونکە ئـەو بـڕە پارەیـە دوو سـەد هـەزار دۆلار بـۆ مێـردە هەژارەکـەی پارەیـەکی زۆر بـوو، بـەلام کاتـێ هەواڵەکەی پێگەشت مێردەکەی لە ماڵەوە نەبوو، بۆیە ژنەکە دەستبەجێ ڕۆشـت بـۆ کەنیسـەو بـە قەشـەی وت، بـەڵکو هاوکـاری بکـات چـونکە مێردەکەی دوو سەد هەزار دۆلاری بـۆ دەرچـووە، ئـەو پارەیـەش بـۆ ئەو زۆرەو دەترسێت کاتێ دەگەڕێتـەوە بـۆ ماڵـەوە لـە خۆشـی بیسـتنی ئەو هەواڵە بمرێت.

قەشە وتی: "نیگەران مەبە، من هەر ئێستا دێم بـۆ مـاڵی ئێـوە، پیاوە

ئاینیەکە هات و ژنەکە لێی پرسی دەیەوێ چی بکات؟ ئەو وتی: "نەخشەیەکی باشم بۆ داناوە، خۆشی مێردەکەت دەکەم بە قسیەت و خەمی هیچ شتێکت نەبێت." کاتێ مێردەکەی هاتەوە بۆ مالەوە، قەشە پێی وت: "ئایا خۆشحال دەبیت ئەگەر بزانیت، لە تیرو پشکدا سەد هەزار دۆلار دەبەیتەوە؟"

پیاوەکە وتی: "ئەگەر راست بێت، پەنجا هەزار دۆلار دەبەخشم بە کەنیسە." بە بیستنی ئەم قسەیە قەشەکە لە خۆشیدا دلی وەستاو مرد، پەنجا هەزار دۆلار بۆ قەشەیەکی هەژار گەلێ زۆر بوو!

سەرنج:

"هیلین کیلەر" دەلێت:

ئەوانەی مەیلی فڕین دەکەن، حەزیان لە بەربونەوە نیە.

لەم چیرۆکە رامێنن:

دزێک پالتۆیەکی گرانقیمەت و نایابی دزی، لە باشترین قوماش دروستکرا بوو. قۆپچەکانی لە زیوو زێڕ بوو، ئەو پالتۆکەی لە بازار بە بازرگانێک فرۆشت و گەڕایەوە بۆ لای هاوڕێکانی، یەکێ لە هاوڕێ نزیکەکانی پێی وت: "پالتۆکەت بە چەند فرۆشت؟" ئەو وتی: "بە سەد سکەی زیو."

هاوڕێکەی لێی پرسی: "مەبەستت ئەمەیە تەنها ئەو پالتۆیەت فرۆشت بە سەد سکەی زیو؟" دزەکە وتی: "بۆچی لە ژمارە سەد زیاتر هەیە؟!"

زیگ زیگلار دەلێت:

"مرۆڤ نابێت بە کەم قایل بێت، ئەی بەهەشت بۆچیە؟"

بنیامین فرانکلین دەڵێ:

ئەو شتانەی ئازارمان دەدەن، هەڵگری باشترین وانەکانی ژیانن...

بەڵام کاتێ هەوڵ دەدەین تا بزانین کاری دنیا بەپێی چ بنەمایەکەو پێمان قبوڵ بێت. باشتر وایە لەجیاتی ئەوەی لەسەر بابەتەکە چڕ بینەوە کە بۆچی هەندێ شت ڕوو دەدەن. فێر بین چۆن ئەو شتانە کاری خۆیان ئەنجام دەدەن، هێشتا گەلێ وانەی ژیان هەیە دەبێ فێر بین، کە بۆ ململانێی دواتری ژیان ئامادەمان دەکەن.

دەسەڵات

ڕۆژێك لە شارێكدا سفرەیەكی فراوانیان بۆ سوڵتان ڕێكخستو داوەتی سەروپێیان كرد. سوڵتان وتی: لەم سەروپێیەدا چەند وانەیەك حەشار دراوە؟

پاشان تیكە نانێكی هەڵگرتو مۆخی كەللەكەی دەرهێناو پاشان وتی: "ئەگەر دەتەوێ دەسەڵاتێكی هەتا هەتایی بێت، هەوڵ بدە كەللەی كۆمەڵگە داتەكێنیتو مۆخەكەی بخۆیت"، پاشان زمانی كەللەكەی دەرهێناو خواردی وتی: " ئەگەر دەتەوێ فەرمانڕەوایی بەسەر خەڵكیدا بكەیت زمانی كۆمەڵگە ببڕەو بێدەنگیان بكە. ئەنجا پاشماوەی كەللە سەرەكەی خواردوو وتی: "بۆ ئەوەی نەتەوەیەك جڵەو بكەیت بەسەر چاوو گوێیاندا زاڵ بێت، بوار مەدە خەڵكی ببینن‌و ببیستن‌و زۆر ببن."

وەزیر وتی: "خاوەنشكۆ، حوكمەكانت گەلێ حەكیمانە بوون، بەڵام چۆن وەڵامی ورگی ئێمە دەدەیتەوە، سوڵتان دەستێكی بە ورگو سمێڵیدا هێنا، بە برۆكانی ئاماژەیەكی بۆ خواردنەكە كردو وتی: "سەروپێ بخۆن‌و بیكەن بە باو لە نێو خەڵكیدا تا حوكمتان بەردەوام بێت..."

جەختکردنەوە جادووی لێ دەکەوێتەوە

مەلی میروخور لەوڵاتی ئەرژەنتین زۆر بەرچاو دەکەوێت، لانەی خۆی بە شێوەی تەنور دروست دەکات. بۆیە بە مەلی تەنور بە ناوبانگە، چەند ساڵێ پێشتر جوتێك لەم باڵندەیە لە مەیدانی شاری "بوینس ئایرس" دا بە درەختێکەوە لانەی خۆیان کردبوو. چەند کەسێك لە کرێکارانی شارەوانی لانەیان لێ تێکدابوون. ساڵی دواتر هەمان ئەو باڵندانە گەڕانەوە، دەستیان بە بەستنەوەی لانەکەیان کردەوە، جارێکیتر کرێکارانی شارەوانی لانەکەیان داگرتن، باڵندەکان ساڵی دواتر دووبارە گەرانەوە هەمان جێگەو سەر لەنوێ لانەیان بەستەوە، ئەمجارەیان بە فەرمی فەرمانیان بۆ دەرچوو کە هیچ کەسێك لانەیان لێ تێك نەدات.

سەرنج:

مەزنیو شکۆی مرۆڤایەتی ئێمە ئەمە نیە هیچ کاتێ نەکەوین، بەڵکو ئەمەیە، هەر کاتێ کەوتین دوبارە هەستینەوەو هەوڵی خۆمان بدەینەوە.

"فلورانس کدویك" دەڵێت:

براوە هەرگیز تەسلیم نابێت، ئەوەی تەسلیم دەبێت هیچ کاتێ براوە نابێت."

"جیمس کوربت" دەڵێت:

خولێکی دیکە ململانێ بکە، کاتێ قاچەکانت هێندە ماندوون کە بە ن

بەڕێدا دەڕۆی یەك خولی دیکە ململانێ بکە، کاتێ بازووەکانت هێندە ماندوون کە توانای گرتنی چڵە دارێکیان نیە، خولێکی دیکە ململانێ بکە، کاتێ خوێن لە لوتت دەڕواتو چاوەکانت لە ڕەشەوە دەچن، هێندە ماندویت ئارەزوی ئەوە دەکەیت، ڕکابەرەکەت مشتێکت لێ بداتو کارت تەواو بکات، یەك خولی دیکە ململانێ بکە، بزانە ئەو کەسەی خولێکی دیکە ململانێ دەکات، هەرگیز نابەزێت."

بزانین کە:

تۆڕاوەکان کاتێ شکست دەخۆن، دەکشێنەوە براوەکان تا کاتی سەرکەوتن شکست دەخۆن."

فەرامۆشی نەکەین:

سەرکەوتن تەنها وابەستەی پێداگریو سوور بوونە. کەسانی سەرکەوتوو، ناوەستن، ئەوانیش وەکو هەرکەسێکی دیکە توشی هەڵە دەبن، بەڵام پەند لە هەڵەکان وەردەگرن لە هەوڵی بێ پسانەوەی خۆیان بەردەوام دەبن.

و بچینە ژێر باری ئەوەی کە:

هەندێجار لەمەودای چەند سانتیمەترێکی هێڵی کۆتایی! هەناسەیەکی قووڵ، هەوڵێکی دیکە، ئەمە دوایین هەنگاوی بەرەو پێشە! بەرەو لوتکەی سەکەوتن."

باوەڕ بێنین بەوەی کە:

هەندێ لە کارەکان تەنها زیرەکی و شارەزاییان ناوێ، فاکتەری پێداگریو ململانێ ئەم کارانە بەرەو سەرکەوتنت دەبەن."

مەلای مەشهورو دز

رۆژێك دزێك حەسیرێکی لە مەلای مەشهور دزیی، مەلا شوێنی دزەکە کەوت. لە دوو ڕیانێکدا دزەکە بە ڕێگەیاکداو مەلا بەڕێگەکەی دیکەدا کە بە گۆرستانێك کۆتایی دەهات. خەلکی بە مەلایان وت: "تۆ بۆچی دەچیت بۆ گۆرستان؟" مەلا وتی: سەرەنجام هەر دێت بۆ ئێرە، من لێرە دادەنیشمو چاوەڕوانی دەکەم تاکو دێت!

سەرنج:

"جی. پی. ڤاسوانی" دەڵێت:

هەمووەمان بە بلیتی گەڕانەوە دێینە دنیاوە، مێژووی گەڕانەوەمان لەو بلیتەدا نوسراوە، بەلام توانای خوێندنەوەمان نیە، نازانین مەرگ چ کاتێكو لە کوێ بەرۆکمان پێ دەگرێتو جەستەی ئێمەی دەوێ، بەلام دەزانین هەر رۆژێك کە تێدەپەڕێت لە رۆژی مردن نزیکتر دەبینەوە، بۆیە دڵم دەیەوێ لەگەڵ مەرگ ببێتە هاوڕێ، کاتێ دەبینە هاوڕێی مەرگ چیتر لێی ناترسین، لە ڕوبەڕو بونەوەی مەرگ پێدەکەنین."

"جوبران خەلیل" دەڵێت:

"ترسی ئێوە لە مردن هەمان لەرزینو ترسو بیمی ئەو شوانەیە لەبەر دەمی پاشادا، ئەو کاتەی پاشا دەیەوێ دەستەکانی بە نیشانەی شانازی شەرافەت بخاتە سەر شانی شوانەکە."

خۆکوژیی

پیاوێك لە گرفتو کێشەکانی ژیان ماندوو ببوو، بڕیاریدا خۆی بکوژێت، لە کاتێکا تیکە نانێکی لە بن هەنگڵیدا بوو، چووە دەرەوەی شارو کاتێ گەیشتە یەکتر بڕی هێڵی ئاسن، لەسەر "ڕیل"ەکان ڕاکشا، پیرەمێردێك بەوێدا تێپەڕی، لە دیتنی ئەم دیمەنە واقی وڕماو پرسی: "بۆچی لێرەو لەم شوێنە پڕ مەترسیەدا خەوتویت؟"

پیاوەکە وتی: "دەمەوێ خۆم بکوژم."

پیرەمێردەکە وتی: "ئەی ئەو نانەت بۆچیە؟"

پیاوەکە وتی: "بۆ ئەوەی تا شەمەندەفەرەکە دێت لە برساندا نەمرم!"

سەرنج:

گەر خوازیاری سەرکەوتن بیت، بەڵام پێویستییەکانی شکست ببینیت، ئەو پێویستیەی بینوتە بەدەستی دەهێنیت.

کارامەییەکانی ژیان

پارێزکاریی

لـە حـەکیمێکیان پرسـی؟ مـرۆڤ کـەی دەگاتـە قۆنـاغی پارێزکـاری "تەقوا"؟

وتی: "ئەو کاتەی هەرچیەك لە دڵیدایە بیخاتە سەر دەستی‌و بە بازاردا بگەڕێت‌و شەرم لە هیچ شتێك نەکات."

ژیریی یان ئەدەب

لە عەبدوڵای کوڕی موبارەکیان پرسی: "ژیریی باشترە یان ئەدەب؟"

وتی: "ئەدەب" وتیان: "ژیریی چیەو دانایی کامەیە؟." وتـی: "ژیریـی فێربونی زانستەو دانایی بەکاربردنی زانیاری، زانیاری ئەمەیە بزانیـت چـی دەکەیت، دانایی ئەمەیە چۆن بزانیت بەکاری ببەیت."

زانین و نەزانیی

پیرەژنێک چەند پرسیارێکی لە "بزورگ میهر" کرد، بزورگ میهر لەوەڵامی زۆربەیاندا وتی: "نازانم." پیرەژن وتی: "بۆ هەر پرسیارێك بارتەقایەك وەردەگریت، بە هۆی زانیاریەکەتەوە، من هەرچیت لێ دەپرسم تۆ دەڵێی نازانم. چۆن ئەو هەقە بەخۆت ڕەوا دەبینی، "بزورگ میهر وتی: "هەرچیەك وەردەگرم لە بارتەقای زانیاریەکانی خۆم وەریدەگرم، ئەگەر لە بارتەقای نەزانیەکانمدا وەری بگرم، زێڕی دنیا بەشی نەزانیەکانم ناکات!"

خواستن

بە دەروێشێکیان وت دڵت چی دەخوازێت؟ وتی: "ئەوەی کە دڵم شتێك ناخوازێت!"

دانایی

حەکیمێك دەڵێت: "خەڵکی چوار دەستەن، دەستەیەکیان ئەمەیە دەزانێتو دەزانێت کە زانایەو لێوەی فێری زانایی دەبن، دەستەی دووەم ئەمەیە دەزانێتو نازانێت کە زانایە، ئەو فەرامۆشکارەو دەبێ فێر بکرێت، دەستەی سێیەم نازانێتو دەزانێت کە نەزانە، دەستەی چوارەم نازانێتو نازانێت کە نەزانە، نەفامەو لێی دووره پەرێزیە.

ڕوناکی دڵ

"ئەبو سەعیدی خەرراز" وتی: "ئیبلیسم لە خەوندا بینی، گۆچانەکەم بۆ هەلگرت تاکو لێی بدەم، نیدایەکم بۆ هات کە ئەو لە گۆچان ناترسێت، لەو ڕوناکیە دەترسێت لە دڵی تۆدایە."

سەرنج

بایەزیدی بەستامی کە لە مەککە گەڕایەوە لە هەمەدان، تۆوی گوڵی "کاجیرە"ی کڕی بوو، کەمێکی کردبووە جبەکەیەوە هێنابویەوە بۆ بەستام، کە سەیری کرد چەند مێرویەکی لە تۆوەکەدا بینی وتی: "ئەم مێروانەم لە شوێنی خۆیان ئاوارە کردووە، هەستاو گەڕایەوە بۆ هەمەدان، ئەو جێیە ماڵی ئەوان بوو داینایەوە!

زمانی بەد

حەکیمێك پیاوێکی بینی جلی جوانی پۆشیبوو، بەڵام قسەی ناشیرینی دەکردو جنێویی دەدا، حەکیم پێی وت: "یان با قسەکانت وەکو جلەکانت بێت، یان جلەکانت وەکو زمانت!

ڕاز

پیاوێك لە بایەزیدی بەستامی پرسی: "لەگەڵ کێدا هەڵسوکەوت بکەم؟"

وتی: "لەگەڵ ئەو کەسەی ئاتاجی ئەو بیت، ئەو شتانەی خودا لێی بە ئاگایە لەوی پەنهان بکەی."

دوو هەنگاو

ڕۆژێك "ئەبوبەكری شیبلی" چوو بۆلای "مەنصوری حەللاج"و پێی وت: "دوو هەنگاوە... دنیا بۆ دنیاپەرستان بەجێ بێڵەو، ئاخیرەت بۆ ئاخیرەتداران."

مورید

له "مەنصوری حەللاج"یان پرسی: "مورید كێیە؟"

وتی: "مورید ئەو كەسەیە لە بارەگای هەقەوە تا نیشانەی خۆسازیی پێنەگات بە هیچ شتێك ئۆقرە ناگرێت".

بێخەوشی

دەروێشێك هاتە لای "شیبلی" وتی: "ئەی شێخ، ئەگەر كەسێك خەوتبێت، ئایا دەتوانێ لە خەودا بڕوات؟" شیبلی وتی: "گەر لە سێبەری بێخەوشیدا خەوتبێت هەموو مەنزڵێك دەبڕێت."

ڕەحمەت

"عەبدوڵای عابد" دەڵێت: "لە شەوو ڕۆژێكدا چواردە هەزار نیعمەتم بژارد." وتیان چۆن هەژمارت كرد؟ وتی: "لە شەوو ڕۆژێكدا هەناسەی خۆمم ژمارد، چواردە هەزار هەناسە بوو."

هاوڕێی ڕاستەقینە

"ئەبو حامید" لەگەڵ هاوڕێیەكیدا پێكەوە دەڕۆشتن، لە ڕێگا هاوڕێكەی پێی وت: "تۆ لێرە بمێنەوە من دەچم سەدانی كەسێكم

دەکەمو سیلەی ڕەحم بەجێ دێنم." ئەبو حامید هەر لەو جێیە دانیشت، هاوڕێکەی دورکەوتەوە ئەو شەوە نەهاتە دەرەوە، شەو بەفرێکی قورس باری، بۆ ڕۆژی دواتر هاوڕێکەی هاتەوە، ئەبوحامیدی بینی لە نێو بەفرەکەدا دەجولێتو نوقمی بەفر بووە. وتی: "تۆ هێشتا هەر لێرەیت؟" ئەبو حامید وتی: "تۆ پێت نەووتم لێرەبە؟ دۆستان وەفایی دۆستایەتی دەبێ بەجێ بێنن."

پەشیمانی

"ئەستەر حەسەن خامۆش" هۆکاری خامۆشیەکەیان لێ پرسی. وتی: "بۆیە من خامۆشم، هەرگیز لە خامۆشی پەشیمانی بەرۆکی نەگرتووم، بەڵام لە قسە کردندا هێندە پەشیمانی بەرۆکیان گرتووم لە هەژمار نایەت."

عەیبی خود

بە "ڕەبیع کوری خەسیم"یان وت: "هیچ کاتێ نەماندیتوە لە پاشەملە باسی کەسێك بکەی؟ وتی: "هێندە دڵخۆشی حاڵی خۆم نیم تا فریای حاڵی کەسانیتر بکەووم، من بۆ خۆم دەگریم نەك بۆ خەڵکی، پیاچونەوەوەی عەیبەکانی خۆم لە خەڵکی دوای خستووم باسی عەیبی ئەوان بکەم."

خۆشەویست بە ئەندازەی خۆت پەیدا بکە

مشکێك، وشترێکی داوەتکرد بۆ ماڵەکەی خۆی، وشتر بە خاکەڕایی داوەتەکەی پەسەن کرد، بە دوایدا ڕۆشت تاگەیشتنە هێلانەی مشکەکە،

مشکەکە زۆری لێکرد وشترەکە بێتە ژورەوە، وشتر وتی: "یان ماڵەکەت بە ئەندازەی خۆشەویست دروست بکە، یان خۆشەویستێك بە ئەندازەی خۆت.

پاکیی چاو

دەگێڕنەوە پیاوێك داوەتی جوامێرێکی کرد بۆ نەیشاپور، پیاوەکە میوانداری کردو دەستەیەك جوامێری لەگەڵدا بوو. کاتی نانخواردن کەنیزەیەك هاتو ئاوی بە دەستیاندا کرد، نەیشاپوری دەستی نەشۆرد، وتی: "ئەمە جوامێری نیە ژنێك ئاو بکات بە دەستی پیاواندا." یەکێکیان وتی: "چەند ساڵە دێمە ئەم دیوەخانەو نازانم ئەوەی ئاو دەکات بە دەستماندا ژنە یان پیاوە."

سەختی رۆژگار

لە"بزورگ میهر"ی حەکیمیان پرسی: "لەدنیادا چی سەختە بەسەر مرۆڤدا بێت؟" وتی: "سێ شت، ئاتاجی لە پیریدا، نەخۆشی لەغەریبیدا، مردن لە ناپاکیدا."

نیشانەی بەدبەختی

لە "سەهل کوری عەبدوڵای تستری"یان پرسی... نیشانەی بەدبەختی چیە؟

وتی: "نیشانەی بەدبەختی ئەمەیە، خودا زانیاریەکت پێ بداتو کردارت

پێ نەدات، کردارت پێ بداتو دڵسۆزیو بێخەوشیت پێ نەدات، قسەی باشت پێ بداتو باوەڕ پێکردنت پێ نەدات."

عەیب

لە حەکیمێکیان پرسی: گەورەترین عەیبە بۆ مرۆڤ چیە؟ وتی: "ئەوەی عەیبی خۆیان نەزانن."

جوامێریی

"مەئمونی عەباسی" لە دەروێشێکی پرسی: "جوامێریی چیە؟" دەرویش وتی: "تەرکی لەززەت"، دوبارە لێی پرسی: "لەززەت چیە؟" وتی: "تەرکی جوامێریی."

چاوچنۆکی

"محەمەد کوری ئەحمەد بەغدادی"، پشیلەیەکی هەبوو، هەموو رۆژێك پارچە گۆشتێکی پێ دەدا، رۆژێك پشیلەکەیان گرتو کوشتیانو پێستەکەیان پڕ کرد لە پوشو کاو لەبەر دەم هێلانەی کۆترەکاندا هەڵیانواسیی، محەمەد بەوێدا تێپەڕیی، پشیلەکەی خۆی بینی بەو حاڵەوە هەڵواسرا بوو، وتی: "گەر بەو پارچە گۆشتەی ڕۆژانە قەناعەتی بکردبایە، ئەم بەڵایەی بەسەردا نەدەهات، بەڵام چونکە لە داوی تەماکاریدا چاوچنۆکیدا بوو، گیانی خۆی خستە پێناوی."

هەرکەس ئەوە بکات کە نابێ بیکات

ئەوە دەبینێ کە نابێ بیبینێت

پاشایەکی ستەمکار شەوو رۆژ خەڵکەکە دەستەو دوعا بوون لە تاو ستەمکاریی پاشاو چەوسانەوەی خەڵکەکە، رۆژێک پاشا چوو بۆ ڕاوو شکار، کە گەڕایەوە جاڕیاندا بەشاردا ئەمرۆ هیچ کەسێک ستەمی لێ ناکرێت، هەژارانو ستەم لێکراوان، هەژاران بەم مژدەیە دڵخۆش بوون هیوا لە دڵیاندا ژیایەوە، یەکێ لە هەژاران پرسیاری لەم حاڵە کرد، پاشا وتی: "من لە راوو بووم، سەگێکم بینی شوێن ڕێویەک کەوتبوو، قەپی لە ئێسکی قاچی ڕێویەکە گرتبوو، ڕێوی بە قاچێکی شەلەوە کەوتە چاڵێکو سەگەکە لێی کشایەوە، لەم کاتە ڕێبوارێک پەیدا بوو بەردێکی گرتە سەگەکەو قاچی سەگەکەی شکاند، هێشتا چەند هەنگاوێک نەرۆشتبوو، ئەسپێک جوتەیەکی لەو ڕێبوارە وەشاندو قاچی شکاندو ئەسپەکەش زۆر نەرۆشت سەرسمێکی داو کەوتە چاڵێکو قاچی شکا، من بەخۆمدا هاتمەوە وتم: هەرچی ئەوە بکات کە نابێت، ئەوە دەبینێت کە نەبینرا بێت."

هەنگاوی چاکە

موریدێک لە "ئەبو سەعید ئەبولخەیر"ی پرسی: "ئەی شێخ (ئەو) "خودا" چۆن بدۆزمەوە؟ شێخ وتی: "کوێی بۆ گەڕاییت ئەندازەیەوە؟ ئەگەر هەنگاو بۆ چاکەیەک بنێیت، لەهەرچییەک ڕوو بیهێتەوە، ئەو دەبینیت."

روپۆش

"ئەبوسەعید ئەبولخەیر" پەردە لە نێوان بەندەو خوداو ئاسمانو زەمینو ئەرشو کورسیدا نیە، حیجاب خەیالی بەتاڵو خۆ بەزلزانیو بایی بوونە، گەر ئەوانە وەلانێیت، دەگەیت بە خودا.

ژیان

بە پەروانەیان وت: "دەزانیت تۆ لە گەیشتن بە مۆم، بێجگە لە سوتان هیچ سوودێکی نیە، بۆچی هێندە بەدەوریدا دەسوڕێیتەوە؟

وتی: "من ژیانم بۆ ئەو ساتەیە کە تێیدا دەسوتێم."

سوپاسو بەخشین

ئیبراهیمی ئەدهەم لە تایفەی سۆفیەکانی دیمەشقی پرسی: "ئەسلی ئێوە چیە؟"

وتیان: "گەر بمان بێت دەیخۆین، گەر نەمانبێت ئارام دەگرین."

ئیبراهیم پێکەنیو وتی: "سەگەکانی بەلخیش ئەمە دەزانن." وتیان:

"ئەی ئەسڵی ئێوەی سۆفی چیە؟"

وتی: "گەر بمان بێت دەیبەخشین، ئەگەر نەمانبێت سوپاسگوزار دەبین."

بەختەوەری

ئەنوشیروان، بە حەکیمی گەورە "بزورگ میهر"ی وت: "بەختەوەری دنیا کێیە؟"

وتی: "ئەوەی خاوەنی سێ شت بێت، ئەندێشە بە گومان، گوفتار بە ڕاستی، کردار بە سەخاوەت."

ئاگری کردار

ئەربابێك بە خزمەتکارەکەی خۆی وت: ئاگرێك لە دۆزەخ بەریووە بیهێنە باقلیانی خۆمانی لێ چاك بکەین.

خزمەتکار ڕۆشت و پاش تاوێك گەڕایەوە وتی: "گەورەم ئاگرێکم لە دۆزەخ نەدیتەوە. بەڵام جوان دیقەتمدا هەرکەسەو لە ئاگری کرداری خۆیدا دەسوتا."

پشکوتنی عەشق

چەپکێ گوڵی کێویی لە درزی دیواری کۆنە شارێکدا دەژیان، باو تۆفان نەیاندەتوانی زەفەریان پێ ببەن، چونکە دیواری بەرزو درزەکان بە باشی پارێزگاری لێ دەکردن.

ئینجانەیەك گوڵی سور لە نزیکیانەوە بوو، هەبونی ئەو گوڵە سورە گوڵە کێویەکانی شەرمەزار کردبوو هەستی ئیرەیی تێدا دروست کردبوو، لە دەمەو بەیانێکی سافو سامالدا ئەو چەکە گوڵە کێویە بچوکە دوعای کرد: "پەروەردگار، تا ئێستا وەکو گوڵێکی ناشیرین ئێمە دەژین، ئێستا دلوات لێدەکەین بمانگۆڕە بە گوڵێکی جوان."

خودا لەوەلامدا وتی: "بۆچی دەتەوێ توشی ناڕەحەتیەکی نا پێویست بیت؟ ژیانی گوڵی سور گەلێ سەختو دژوارە، لە کاتی زریانو باو تۆفاندا لە ڕەگو ڕیشەوە دەلەرزێت، هێشتا خونچەکەی نەپشکوتوە کەسێك دێتو لێی دەکاتەوە، ئێوە ژیانێکی پارێزراوتان هەیە، بۆیە لەو دلوایە بکشێنەوە."

بەلام ئەوان پێداگریان کرد: "ئێمە دەمێکە ژیانی پارێزراومان هەیە، ئێستا دەمانەوێ بە مەترسیەوە بژین، پەروەردگار بۆ ماوەی بیستو چوار سەعات بمانگۆڕە بۆ گوڵی سور."

گوڵە کێویەکانی دیکە بە گریانەوە وتیان: "خۆتان شێت مەکەن، بیستومانە چەندێك لە دایبابمان حەزیان کردووە ببنە گوڵی سور، ئازاری زۆریان کێشاوە، ئەزمونی مەنتیقی ئێمە دەڵێت بەو جۆرەی خۆمان بین باشترەو هەوڵی ئەوە نەدەین بگۆڕێین."

بەلام ئەو چەپکە گوڵە بچوکە دیسان وتی: "دەمەوێ لەگەڵ ئەستێرەکان بدوێم، لەگەڵ تۆفان بجەنگێم، لە باراندا خۆم بشۆم، هەر دەمەوێ ببمە گوڵی سور."

پاش ماوەیەك خودا ڕازی بوو، لە دەمەو بەیانیەکی جواندا چەپکە گوڵ

کێویەکەی گۆڕی بۆ گوڵی سور، بە خێرایی ئێش‌و ئازارو ڕەنجی بێ پێشبینەو سەرەتا هاتە پێشەوە، تۆفان ڕەگو ڕیشەی لەرزاند، باران دایکردو نوقمی ئاوی کرد، هەتاوی نیوەڕۆ پەڕەکانی سوتاندو توشی نارەحەتی‌و سزای بێ ئەندازەی کردو لە تەواوی ئەو ماوەیەو لەهەموو لایەکەوە کەوتە مەترسیەوە.

جارێکی دیکە، گوڵانی کێویی بەتەمەنتر وتیان: "ئێمە لەم مەترسییە ئاگادارمان کردیتەوە، بەڵام تۆ گوێت لێ نەگرتین، ئێستا زانیت ژیانەکەی جارانت چەند پارێزراو بوو؟ لەگەڵ ژیانەکەی خۆماندا راهاتبوین، دەزانیت چ ژیانێکی پڕ لە دەردەسەریت بۆ خۆت دروست کرد؟"

چەپکە گوڵەکە وتی: "ئێوە گێل‌و نەفامن، من دەڵێم شەوو رۆژێك گوڵی سور بیت‌و بە مەترسیەوە بژیت نەك وەکو گوڵە کێویەك لە درزی دیوارێکی بەرزدا ژیانێکی دوور ودرێژو پارێزراوت هەبێت، لەگەڵ تۆفاندا هەناسەدان، ململانێ لەگەڵ زریان‌و با، گرنگ نیە، من لەگەڵ هەتاو لەپەیوەندیدا بووم لەگەڵ ئەستێرەکان لە گفتوگۆدا بووم، من رۆحی خۆمم بەدەست هێناو گەلێ رازیم، من ژیانێکی کامڵ ژیام دەمەوێ بە کاملی بمرم، ئێوە دەتانەوێ لە مردندا بژین."

سەرنج:

تا ئەو دەمەی عەشق لە ژیانی مرۆڤدا بە تەواوی نەپشکوێت، مرۆڤ ناگاتە شکۆو شایستەیی ژیان، بێ رۆح‌و گیان دەمێنێتەوە، ژیانی بەتاڵ لە عەشق، نیگەرانی‌و خەمباریە، وەکو بیابانە، ژیان سەرلنسەر کێشەیە،

مەگەر بیر بێت لە شەڕو تازەیی باشترە لە ژیانێکی کاڵو کرچ و مردوو.

"ولیەم ئالن وایت" دەڵێت،

ڕۆژێک ژیانی ڕۆشنبینی، باشترە لە سەد ساڵی تەمەن لە تاریکیدا."

"ئەلندریۆ ژید" دەڵێت،

هەرکەسێک دەبێت ڕێگەی ژیانی خۆی بدۆزێتەوە، لە ڕێگەی ژیانی خۆیەوە بڕوات، نەک لە ڕێگەی ژیانی کەسێکی دیکەوە.

"بوزەر جەمهەر" دانای بە ئەزمون و مامۆستاو وەزیری ئەنوشیروان "پاشای ساسان"ی هەمیشە جەختی لەوە دەکردەوە بەیانیان زوو بێدار بێتەوە کە سودێکی فراوانی هەیە.

ئەنوشیروان بە هۆی شەونشینیەوە شەوان درەنگ دەخەوت و بەیانیان درەنگ بێدار دەبویەوە، بە "بوزەر جەمهەر"ی وت: "بۆ ئەوەی فێری زوو بێداربونەوە بم، تۆ بەیانیان زوو وەرەو بێدارم بکەرەوە، ئەویش پەسەندی کرد کە بەیانیان زوو بێداری بکاتەوە.

ئەنوشیروان بینی بێداربونەوەی بەیانیان گەلێ سەختە. بۆیە نەخشەیەکی پەنامەکی کێشا، تاکو لە هاتنی بوزەر جەمهەر بەرگری بکات، بەچەند کەسێکی وت خۆیان بگۆڕن بەشێوەی نەناسراو کە بەیانیان زوو ئەو هات پەلاماری بدەن و جلەکانی لەبەر داکەنن، ئەوانیش ئەم فەرمانەیان جێبەجێ کرد، بەیانی زوو بەشێوەی نەناسراو لە بۆسەی بوزەر جەمهەردا بوون، هەر کە هات، پەلاماریانداو جلەکانیان لەبەر داکەندو تەنها جلی ژێرەوەیان لەبەردا هێشتەوە، ئەو کاتە ڕوتکرایەوە

گەڕایەوە بۆماڵەوە تا دووبارە خۆی بگۆڕێتەوەو بچێتەوە بۆ دی ئەنوشیروان، جلی دیکەی لەبەر کردو سەر لەنوێ گەڕایەوە.

ئەنوشیروان وتی: "ئەی بوزەر، بۆچی ئەمڕۆ درەنگ هاتیت؟"

وتی: "خاوەنشکۆ، ئەمڕۆ کە بەیانی زوو بەڕێکەوتم، چەند کەسێک پەلاماریاندام‌و جلەکانیان ڕفاندم. گەڕامەوە بۆ ماڵەوە جلی دیکەم لەبەر کرد، هەر ئەم ڕوداوە دوایخستم."

ئەنوشیروان پێکەنی وتی: "ئەمە ئەنجامی زوو لە خەو هەستانە، گەر ئەو کاتە نەبوایە ڕوتیان نەدەکردیتەوە!"

بوزەر جەمهەر وتی: "خاوەنشکۆ، ئەوان زووتر لە من لە خەو بێدار بوبونەوەو بە مەرامی خۆیان گەشتن!"

با یاساکانی گەردون بزانین، ئیلهام لەسروشت وەربگرین، بە پێی ڕێساکانی ئیلاهی بژین، ئەو کاتەی خۆرئاوا دەبێت‌و دنیا تاریک دادێت‌و باڵ بەسەر هەموو لایەکدا دەکێشێت، سروشت گەلێ ئارام دەبێتەوە، ئێمەش دەبێت ئارام ببینەوە.

کاتێ کە شەو پڕ دەبێت لەوزە، خەو ئارامیەکی زیاتر دەبەخشێت، هەرچەند ڕۆژانە بخەوین قەرەبوی خەوی شەو ناکاتەوە، هەرچەند زوتر بخەوین ئارامیەکی زیاتر لە سیماو دەرونماندا گەشە دەکات.

پەیامی ژیانێکی خۆش

- دێرماکیی ژیان، توانایی هەڵبژاردنی هەستی ڕەزامەندیە لەو ڕۆخەی کەسانیتر ناڕازیبون هەڵدەبژێرن.
- هەندێجار لە ژیاندا باشترین نرخ بە شتێك دەدەین، کە دەتوانین بە خۆڕایی مسۆگەری بکەین.
- گەر جڵەوی هەڵەکانتان نەکەن، ئەوان ئێوە جڵەو دەکەن.
- بە جۆرێك بژین وەك ئەوەی هەتا هەتاییە بژین، بە جۆرێك بژین وەك ئەوەی سبەی بمرن.
- کاتێ خۆر ئاوا دەبێت مەگرین، چونکە فرمێسکەکانتان بواری دیتنی ئەستێرەکان نادەن.
- گرنگ نیە چی دەبینن، گرنگ ئەمەیە چۆن دەبینن.
- ئەوەی لە مێژوو فێر دەبین، ئەمەیە مرۆڤەکان لە مێژووەوە فێر نابن.
- تاکو دەستبەکار نەبن، بێگومان براوە نابن.
- ترس لە گۆڕان، چەقۆی هەڵبژاردن کول، کول دەکات.
- هێز لەوەدایە، بەرپرسیێتی ژیان لە ئەستۆ بگرن.
- لەش ساغی تاجێکە لەسەری مرۆڤدا، تەنها نەخۆشەکان قەدری دەزانن.
- باشترین کار، باشترین نیە، دروستترین کار باشترینە.
- گەر نەبیتە یاریزانی ژیانی خۆت، بێگومان دەبیتە داشی یاریکردنەکە.

- "سبەی" گەورەترین ئامرازی بەرگە گرتنی "ئەمڕۆ"یە.
- کەسانێك بە دوای خەڵکەوە بن هەرگیز خەڵك دوایان ناکەوێت.
- کاتێ بە پێی نایابترین بنەما دەژیت، ئەنجامی یاریەکە گرنگ نیە، هەرچیەك بێت دروستە.
- پەرواز بە باڵەکانی ڕاستگۆیی، هەرگیز بەرپەنەوەی سەختی بە دوادا نایەت.
- لە ژیاندا چەند پێشکەوتوو بیت، پێویستە بەوەی لەگەڵ جوامێرانی نەرمو نیان، بەساڵاچوانی میهرەبان، هەژارو دەوڵەمەندەد گوندجاو بیت، چونکە سەردەمێك لە ژیاندا خودی تۆیش هەمان ئەمانە بویت.
- گرنگترین پاساوی ئەوەی لە ژیاندا وەڵامەکانت دەست نەکەوتون، ئەمەیە پرسیارێکت نەکردووە!
- گەورەترین خەوشی مرۆڤ دیتنی خەوشی کەسانیترو فەرامۆشکردنو نەدیتنی خەوشەکانی خۆیەتی.
- دوعای ئەوە نەکەین باری سەر شانمان سوك بێت، دوعا بکەین شانەکانمان بە هێز بێت.
- زۆربەی شکستەکان، نەبونی پێداگریی‌و بەردەوامیە.
- بەختەوەریی وەکو باڵندەیەکە، کاتێ بەرەو لامان دەفڕێت هێلانەمان بۆ ساز کردبێت.
- پێیەکانمان لە زەوی بچەقێنین، بەڵام با ئەندێشەمان تاکو بەهەشت پەرواز بکات.

- ڕۆژانە هەزاران سێو لە درەخت بەردەبێتەوە، بەڵام ئەوەی بوونی نیە دیدگایەکی "نیوتن"یە.
- ژیان ڕەهەندێك نیە فێر بین چۆن بین، بەڵکو ڕەهەندێکە لەو میانەیەوە فێربین، چۆن ئەوە نەبین کە هەین.
- هەقیقەت بە، چونکە ڕێگایەکی دیکە بۆ ناسینی هەقیقەت بوونی نیە.

ئەندێشەکان هەموار بکەنەوە:

جارێکیان لە مامۆستای راستگۆ دکتۆر عەلی شەریعەتیان پرسی:

بە بڕوای تۆ چ جلو بەرگێك بۆ ژنانی ئەمرۆ گونجاوە؟

لە وەڵامدا وتی: "پێویست ناکات جلوبەرگێك بۆ ژنانی ئەمرۆ بدوزن، ئەندێشەی ژن هەموار بکەنەوە، ئەو خۆی بڕیار دەدات چ کاڵایەك پڕ بە باڵای خۆیەتی.

ئەگەر خوازیاری شادیت

ژنێك مێردە خۆشەویستەكەی لە دەستدلو لە دەریای خەمو ماتەمینیدا نوقم بوو، ئەو چەند مانگ تەنانەت بزەیەك نەكەوتە سەر لێوەكانی. ڕۆژێكیان، بەخەمباری لەبەر پەنجەرەی ژورەكەیدا دانیشتبوو سەیری دەرەوەی دەكرد، دوو منالی هەژاری لەسەر شەقامەكە بینی هەردوكیان پێیان پەتیی بوو، جلی شڕو دڕاویان لەبەردا بوو، ژنەكە لە مالْ هاتە دەرەوە لێی پرسین: "دایكو باوكتان لە كوێیە؟"

منالەكان وتیان: "ئێمە هەتیوین!"

ژنەكە وتی: "كێ بە خێوتان دەكات؟"

منالەكان وتیان: "دراوسێكانمان جار جارێك خواردنمان پێ دەدەن."

ژنەكە بە دیتنی حالی ئەم منالانە، خەمی خۆی بیر چوویەوە، هەردوكیانی بردە فرۆشگایەكی گەورەو پێی وتن: "حەز لە هەر جلو پێلاوو خواردنێك دەكەن بۆتان دەكڕم!"

منالەکان نەیاندەتوانی باوەڕ بەم هەموو میهرەبانیە بکەن، ئەوان هەرچیەکیان پێویست بوو هەڵیانگرت، لە خۆشیدا نەیاندەزانی چی بکەن، بە بینینی ئەم حاڵە، کەمێك خۆشی لە دڵی ژنەکەدا گەشەی کردو باری خەمی سووك بوو، بۆ یەکەمجار دوای چەند مانگێك بزە گەڕایەوە سەر لێوەکانی.

سەرنج:

بە هەر ئەندازەیەك کەسانیتر دڵخۆش بکەین‌و میهرەبان بین بۆیان، بە هەمان ئەندازە عەشق‌و شادمانی وەردەگرینەوە.

"دبلیو. ئێچ. ئودن"

هاتوینەتە دنیا تاکو خزمەتی کەسانیتر بکەین، کەسانیتر بۆچی لێرەن؟ من نازانم! "

"سوزان جیفرز" دەڵێت:

لە دنیای میهرەبانی‌و خۆشەویستیدا جێیەك بە ناوی "لێرە بالاتر" نیە، بەڵکو هەموو وەك خێزانێکی گەورەی مرۆڤایەتی پێکەوە دەژین.

ڕاوێژكار

دەروونناسێك لە ڕۆژنامەدا ئاگادارییەكی بڵاو كردەوە:

"ڕاوێژكردن لەگەڵ ئەو ژنانەی لە مێردەكانیان ناڕازین"

زۆرێك لە ژنانو پیاوان هاتنە لای دەروونناسو ڕاوێژیان لێ وەرگرت، ڕۆژێك سكرتێری راوێژكارەكە، ژنێكی بردە ژوورەوە، كاتێ راوێژكارەكە ژنەكەی بینی، واقی وڕما! ئەو ژنە هاوسەرەكەی خۆی بوو!

ژنەكەش كە مێردەكەی خۆی بینی واقی وڕما! ژنەكە ویستی بڕوات، مێردەكەی پێی وت: "بۆچی هاتوی بۆ ئێرە؟! ئێرە شوێنی سەردانكردنی ئەو ژنانەیە لە مێردەكانیان ناڕازین! مەگەر من پارەو ئۆتۆمبێلو خانووم بۆ نەكڕیویت؟ هێشتا هەر ناڕازیت؟! ژنەكە وتی: "نەخێر، تۆ هیچ كاتێ لقێك گوڵت بۆ نەكڕیووم، پێت نەوتووم كە خۆشم دەوێی!"

"جی. پی. ڤاسوانی" دەڵێت:

هاوسەرگیریی راستەقینە، واتا هەموو ڕۆژێك عاشقبونی هەمان كەس!

هەرچی بکەیت بۆ خۆتە بە چاک‌و خراپەوە

دەگێڕنەوە لە کۆندا دەروێشێك لە نزیکی گوندێکەوە دەژیا. ڕۆژانە هاتوچۆی شارو گوندەکانی دەکردو خەڵکی خواردنیان پێ دەداو لەو ڕێگەیەوە بژێویی دابین دەکرد، بەڵام لەوەڵامی چاکەی خەڵکیدا تەنها یەك ڕستەی دەووت: "هەر چاکەو خراپەیەك بکەیت بۆ خۆت دەگەڕێتەوە."

لەگوندێکی ئەو نزیکانە پیاوێکی پیسکە هەبوو دەمێك بوو ئەو وتە باوەی دەروێشەکەی بیستبوو، ڕۆژێك لە ناو کۆمەڵێکدا باسی ئەو ڕستە هاتە ناو باسەوە، ئەو پیاوە بە خەڵکەکەی وت: من دەیسەلمێنم ئەم قسەیەی دەروێش ڕاست نیە، ڕۆشتەوە بۆماڵەوە بە ژنەکەی خۆی وت چێشتێکی خۆش لێ بنێت، خۆیشی ژەهرێکی کوشندەی کردە ناو نانەکەوە، کاتێ دەروێش هاتەوە بۆ گوند، وەکو هەمیشە بە سوپاسەوە ڕستەکەی خۆی دوپات کردەوەو ڕۆشت، پیاوەکە لە ژێر لێوەوە بزەیەکی کردو وتی: "دەیبینن!" دەروێش لە گوندەکە دەرچوو، چووە کەناری

روبارێك دانیشت بۆ پشودان‌و هه‌مان نان‌و توێشه‌به‌ره‌ی كرده‌وه بیخوات، چه‌ند هه‌نگاوێ له‌ولاتره‌وه لاوێكی ماندوو له‌ زه‌ویدا كه‌وتبوو، ده‌روێش چووه لایه‌وه ئاوی كرد به‌ده‌م‌و چاویداو لێی پرسی له‌وێ چی ده‌كات؟ لاوه‌كه وتی: "چه‌ند رۆژێك له‌مه‌وبه‌ر چه‌ته‌كان رێیان لێگرتم‌و هه‌رچیه‌كم هه‌بوو لێیان سه‌ندم، ته‌نانه‌ت تیكه نانێكیان بۆ نه‌هێشتمه‌وه، ئه‌وه چه‌ند رۆژه برسیمه‌و خه‌ریكه ده‌مرم."ده‌روێش به میهره‌بانیه‌وه نانه‌كه‌ی خۆی خسته به‌رده‌می لاوه‌كه‌و وتی: "من برسیم نیه تۆ بیخۆ."

لاوه‌كه به په‌له ده‌ستی به نانخواردن كرد، پاش تاوێك لاوه‌كه ده‌ستی گرت به سكیه‌وه هاوارو ناڵه‌ی ده‌گه‌شته ئاسمان، وتی: "ئه‌ی ده‌روێش ئه‌مه چی بوو تۆ ده‌رخواردی منت دا؟" ده‌روێش وتی: "نازانم ئه‌م خواردنه كه‌سێك پێی دام!" زۆری پێنه‌چوو لاوه‌كه ده‌ستی كرد به له‌رزین‌و گیانی ده‌رچوو، ده‌روێش به ناڕه‌حه‌تیه‌وه ته‌رمی لاوه‌كه‌ی دا به كۆڵیدا به‌ره‌و ئاواییه‌كه گه‌ڕایه‌وه چویه لای ئه‌و پیاوه‌ی خواردنه‌كه‌ی پێدا بوو پێی وت ئه‌و خواردنه چی بوو تۆ دات به‌من؟ من دام به‌م لاوه‌و خواردی‌و مرد."

پیاوه‌كه سه‌یرێكی لاوه‌كه‌ی كردو ئاهێكی سه‌ختی كێشا، ئه‌و كوڕێكی هه‌بوو كه چه‌ند ساڵێك پێشتر بۆ بازرگانی رۆشتبویه ده‌ره‌وه‌و ئه‌م ته‌رمه‌ش هه‌مان ئه‌و كوڕه‌ی خۆی بوو! به شین‌و گریانه‌وه به‌سه‌رهاته‌كه‌ی بۆ ده‌روێش گێڕایه‌وه‌و وتی:

"هه‌رچی بكه‌یت بۆ خۆتی ده‌كه‌یت به‌چاك‌و خراپه‌وه"

بایی بوون

شێرێکی برسی لە بێشەیەکدا لە بۆسەدا بوو، لە گردو تەپۆلکەی کوێستانەکانەوە بەرەو نشێوەکان هاتە خوارەوە گایەکی بینی و پەلاماریدا. لە کاتێکدا کەلّبەی لێ دەداو ورگی هەڵدەدڕی هەموو جارێک سەری هەڵدەبڕی و بە غرورەوە نارەتەی لێ دەدا.

راوچیەک لەو ناوەدا بە دوای نێچیرێکدا دەگەڕا، گوێی لە نارەتەی شێرەکە بوو، چاوی بۆ گێڕاو نیشانەی لێ هێنایەوەو گوللەیەکی پێوەناو گیانی دەرچوو.

سەرنج:

سەرکەوتن بۆ کەسانی بێ ئەزموون سەرەتای سەرکێشیە!

"نیچە" دەڵێت:

"بایی بوون، ئاسانترین ڕێگەی فەوتاندنی سەرفەرازیە."

ڕکابەریی

ڕۆژێك كڵاو فرۆشێك بە دارستانێكدا تێپەڕی، لەبەر ماندوێتی بڕیاریدا لە ژێر سێبەری درەختێكدا كەمێك پشوو بدات. كڵاوەكانی لای خۆیەوە داناو خەوت. كاتێ لە خەو هەستا بینی كڵاوەكانی نەماوون، كە سەری هەڵبڕی كۆمەڵێ مەیمونی بینی كڵاوەكانیان بردبوو. بیری كردەوە چۆن كڵاوەكانی لە مەیمونەكان وەربگرێتەوە، بەدەم بیركردنەوە سەری خۆی خوراند، بینی مەیمونەكان لاسایی دەكەنەوە، پاشان كڵاوەكەی لەسەری خۆی داگرت، بینی مەیمونەكانیش كڵاوەكانیان داگرت، بیری كردەوە كڵاوەكەی خۆی فڕێداتە سەر زەوی، بۆیە كڵاوەكەی خۆی فڕێدا، مەیمونەكانیش كڵاوەكانیان فڕێدا، پاشان كڵاوەكانی كۆ كردەوەو كەوتەوە ڕێ. ساڵانێك تێپەڕیو نەوەكەی بوو بە كڵاو فرۆشو باپیرە ئەم داستانەی بۆ گێڕایەوەو ئەوەی بۆ دوپاتكردوە ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان توشی ئەو رودلوە بوو، چۆن ڕوبەڕوی ببێتەوە، ڕۆژێك نەوەكەی بە هەمان دارستاندا تێپەڕی هەمان ڕوداو بۆ ئەویش دوبارە بویەوە، ئەو دەستیكرد بە خوراندنی سەری خۆی، مەیمونەكانیش لاساییان كردەوە، سەرەنجام كڵاوەكەی فڕێدایە سەر زەوی، بەڵام مەیمەنەكان ئەو كارەیان نەكرد.

یەكێك لە مەیمەونەكان لە درەختێك هاتە خوارەوەو كڵاوەكەی داگرتو سنگی لێ دەرپەڕاندو وتی: "پێت وایە تەنها تۆ باپیرەت هەیە!"

سەرنج:

بۆ ئەوەی بچینە ململانێی رکابەریەوە، دەبێت بەدوای شێوەو تەکنیکی باشتردا بگەڕێین، ئەو کارەی ئەمڕۆ ئەنجام ئەنجامێکی هەیە، ڕەنگە سبەی هیچ ئەنجامێکی نەبێت...

داهێنان

دەیان ساڵ پێشتر، فێرخوازێك سەرانسەری ئەمریکا دەگەڕا بە دوای ئەو دەوڵەمەندانەی هاوکاری بکەن بۆ تەواوکردنی داهێنانەکەی سەرمایەگوزاری بکەن، ئەو شتە سەیرەی ئەو دایهێنابوو بیخاتە خزمەتی خەلکەوە، بەڵام ڕووی لە هەرجێیەك دەکرد گاڵتەیان پێدەکرد. هەموو پێیان دەوت: "ئەم فێرخوازە بەهۆی کارکردنی زۆرەوە شێت بووە، ئاخر چۆن دەکرێ دەنگی مرۆڤ لەم شارەوە بچێتە ئەو شار؟"

بەهەر حاڵ کەس ئامادە نەبوو بانگەشەی ئەم فێرخوازەی کە دەیوت دەنگی مرۆڤ نەك تەنها کیلۆ مەترێك، بەڵکو سەدان کیلۆمەتر دوور بخاتەوەو بیگەیێنێتە گوێی کەسێکی دیکە، باوەڕی پێ بکات، بەڵام کەسیش نەیدەزانی کەسێکی وەك "گراهام بێڵ" واتا هەمان فێرخواز، چەندە لەسەر خەونەکەی خۆی پێداگرە.

گراهام کەسێك بوو دوای ساڵانێك کارکردن و ئەزمون توانیبووی گرنگترین و پێشکەوتوترین ئامرازی پەیوەندی مرۆڤ دابێنێت.

لەسەردەمی داریوشی گەورە، ئێرانیەکان بە هۆی کردنەوەی ئاگر لەسەر گرد و تەپۆلکەکان توانیبویان لە نێوان تەختی جەمشیدو شوشدا

پەیوەندی بکەن، بەڵام گەر هەورو باران بوایە ئەم پەیوەندیە دەبچڕا
لە کیشوەری فراوانی ئەمریکادا سوور پێستەکان بە هۆی دوکەڵەوە لەمەودایەکی دوورەوە پەیوەندییان دەکرد بە یەکتریەوە، دەیانتوانی هەواڵ بدەنە یەکتریی، بەڵام ئەگەر ئەو هۆزەی مەبەستیان بوو لەو دارستانەدا بوایە، نەیاندەتوانی هەواڵەکە بدەن بە یەکتریی، بە ئاوێنەو ڕەنگدانەوەی تیشکی خۆرەتاو هەواڵەکەیان دەگەیاندە یەکتریی، بەڵام ئەگەر هەوور یان شاخ و کێوێکیان لە نێواندا هەبوایە ئەم کارە مەحاڵ بوو.
فێرخوازەکە بەردەوام بە خۆی دەوت: چۆن بتوانم پەیوەندی بەردەوام لە نێوان دوو خاڵداو بێئەوەی یەکتر ببینن دروست بکەم؟"
دە ساڵ کارکردن لەسەر داهێنانێک، تێکرای پاشەکەوتی ژیانی لە پێناودا خەرج کرد بە هیوای ئەنجامێک بوو. گراهام گەلێ نەهامەتی بەسەردا هاتبوو، ئەو زیاتر لە ئەندێشەی داهێنانەکەیدا بوو تا ئەندێشەی خواردن و جلوبەرگی خۆی.
فەرامۆشی نەکەین گراهام سەدەیەک پێشتر لە ڕۆژگارێکدا ژیاوە لانیکەم تا هەواڵێک لە گۆشەیەکەوە گەشتۆتە گۆشەیەکی دیکە سێ مانگی خایاندووە، تاکە ئارەزوو و خەونی ئەو بەدی هێنانی ئەوە بوو هەر کەسێک لە هەر گۆشەیەکی دنیادا بتوانێت لەگەڵ کەسێکی دیکە لە هەر کیشوەرێکی دنیادا بە ئاسانی پەیوەندی بکات.
هەرچەن زیاتر لە هەشتا ساڵی خایاند تا ئەم ئارەزووە بە شێوەی رادیۆ، تەلەفۆنی بێ سیم و تەلەفزیۆن بێتە کایەوە، بەڵام پایەکانی ئەم پێشکەوتنە مەزنە هەمان ئەو فێرخوازە لاوە دایمەزراند، ئەو دە ساڵ لە

ئەمەى خۆى خستە پێناو داهێنانەكەى، بێگومان دە ساڵ تەمەن بۆ دەستخستنى سەرمايە، لە دنيايەكى سەد ساڵ پێش ئێستا كارێكى گران و هەلاكەنبارە، ئەمڕۆ كە ئێمە تەلەفۆنێك هەڵدەگرین و بە فشار خستنە سەر دوگمەيەك پەيوەندى لەگەڵ هەر كەسێك دەكەين لە هەر شوێنێكى دنيا بێت، بەلامانەوە سەختە لۆخى ئەو سەردەمە لەبەر چاوى خۆمان بەرجەستە بكەينەوە.

سەرنج:

پێداگريى و ئيرادەو سووربوون، تاكە ڕێگاى سەركەوتنەكانە.

"والتر كرونكايت" دەڵێت:

من تا ئێستا كەسێكى سەركەوتوم نەديتوە تێكراى سەرمايەو دڵراپيەكەى نەخستبێتە پێناوى ژيان.

حەكيمێك دەڵێت:

ناكام ئەو كەسەيە بە هەر شكستێك تێڕوانينى دەگۆڕێت.

"گوستاز لوبون" دەڵێت:

ئيرادەى لاواز بە شێوەى وشەو وتار خۆيان دەردەخەن، هاوكات ئيرادەى بەهێز بێجگە لە پۆشاكى كارو كرداردا نەبێت خۆى دەرناخات."

هێزی ئاخاوتن

چەند کەسێك بۆ گوێگرتن لە قسەکانی مامۆستایەك هاتبوون بۆ چاوپێکەوتنی، مامۆستا دەربارەی هێزی ئاخاوتنو کاریگەری وشە و قسەی بۆ کردن، لە کۆتایی لێدوانەکەیدا باسێك هاتە پێشەوە.

یەکێك لە ئامادەبوان بە دەنگی بەرزو ڕیتمێکی زبرەوە ڕویکردە مامۆستاو وتی: "من بە ئارامیەوە گوێم بۆ لێدوانەکەی تۆ گرت، بەلام شتێکی نوێم نەبیست، من تا ئێستا لە ماوەیەکی ئاوا کەمدا قسەی بێ کەڵکی بەو جۆرەی تۆم نەبیستووە!"

لە ناکاو لە نێوان ئەو بێدەنگیە ناخۆشەدا دەنگی مامۆستا بەرز بویەوە کە دەیوت: "تۆ گەمژەترین کەسێکیت کە من لە ژیانی خۆمدا دیتبێتم!"

پیاوەکە جۆرێك شۆك بوو، ئەتوت هەورە بروسکە لێیداوە، بە تورەیی هاواری کرد: "ئەی پیاوی فێلباز، تۆ چۆن دەوێری بەکەسێکی بەرێز خاوەن بروانامە بڵێی گەمژە؟!"

مامۆستا وتی: "کەواتە وەکو کەسێکی بە ئەزمونو خاوەن بڕوانامە، دەبێت ئەوە پەسەند بکەیت، ئەم تاقیکردنەوەیە سەرکەوتوو بوو، تۆ

ئەوەت ڕاگەیاند وشەکان هیچ هێزێکیان نیە، بەلام بە بیستنی وشەی "گەمژە" ئۆی بەو ئەندازەیە تووڕە کرد. ئێستا بیر لەمە بکەرەوە وشەکانی "خودا، هەقیقەت، عەشق" چ کاریگەریەکی لەسەر ئەو کەسانە هەیە کە باوەڕیان پێی هەیە؟"

سەرنج:

وشەو قسە کردن لە بەدیهێنراوە سەیرو سەمەرەکانی پەروەردگارەو لەو ڕێگەیەوە پەیوەندی بە مرۆڤەکانەوە دەکات. وتەو گوفتار یەکێکە لە گەورەترین جیاوازیەکانی نێوان مرۆڤو ئاژەڵ.

ئەرستۆ دەڵێت:

مرۆڤ چونکە قسە دەکات، مرۆڤە... بە قسە کردن مرۆڤ دەتوانێت سوود لە باشترین ئەزمونەکانی کەسانیتر ببینێت.

زاناکان دەڵێن:

ئەندێشە یەکەم قۆناغی وجودە، وشەکان قۆناغی دووەمە، لەراستیدا وشەکان بیرو باوەڕی شەقڵ گرتوو ئەندێشەی دەر بڕاوون. ڕونتر، ئەوەی بە زماندا دێت ئەو ئەندێشەیە کە دەربڕدراوە.

"کۆنفۆسیوس" دەڵێت:

ناسینی مرۆڤ بە بێ ناسینی هێزی وشە مەحاڵە.

واژەی زۆر وزەبەخش هەیە هەستو سۆزەکانی مرۆڤ زۆر بەتین دەبزوێنێو کاریگەریی لەرادەبەدەری هەیە، هەستەناخ بەبێ هیچ بنەمایەك دەکەوێتە ژێر کاریگەریانەوە، بەهۆی دوپاتکردنەوەی واژەکانو خۆباوەڕیی ئەرێنییەوە دەکرێ زەینی خۆت داتا بکەیت، دیدگای ئەرێنی بخەیتە جێی دیدگای نەرێنی، هەروەك چۆن بەرنامەو داتاکانی کۆمپیوتەر دەگۆڕیت، بەرنامەو داتای مێشکیش بە هۆی واژەو خۆباوەڕیەوە دەتوانیت بگۆڕیت.

ئەو کەسەی شارەزایی لە کاریگەری ناخاوتندا هەیە، لەکاتی گفتوگۆ کردندا دیقەتو تێڕامانێکی زۆری هەیە، هێندە بەسە ئاگای لە کاردانەوەی قسەکانی بێت تا بزانێت بە بێ هۆ ناگەڕێتەوە، مرۆڤ بەو قسەیەی دێتە سەر زمانی هەمیشە یاسایەك بۆ خۆی دادەنێت، هێزە شاراوەکان هەمیشە بۆ مرۆڤ سەرگەرمی کار کردنن، خودی خۆیەتی سەری داوەکەی بە دەستەوەیە، واتا هەرچیەك کە مرۆڤ دەیهێنێتە سەر زمان، هەمان شت بەرەو خۆی کێش دەکات. کەسانێك هەمیشە باسی نەخۆشی دەکەن، هەمیشە نەخۆشی بۆ خۆیان کێش دەکەن، هەروەها کەسانێك باسی تەندروستی یان سەروەتو سامان دەکەن، هەمیشە سەلامەتیو سەروەتو سامان بۆ خۆیان کێش دەکەن.

وشەی ئەرێنیو شادی بەخش، هۆکاری ئارامیو سەلامەتیو دڵخۆشیو پێشکەوتنو سەرکەوتن دەبن.

بەکاربردنی وشـەی نـەرێنیو خـەمباریی‌و باسـکردنی ڕوداوی دڵتـەزێن‌و نـەخوازراو دەبنــە هــۆی نیگــەرانی، هــەژاری، نەخۆشــی‌و بەدبــەختی مرۆڤەکان.

- وشەکان کاریگەریان لەسەر هەستەکان‌و ئەندێشەکان هەیە.
- هەستەکان لەسەر ئەندێشەکان‌و وشەکان.
- ئەندێشەکان لەسەر قسەو هەستەکان.

واتا کاتێك هەسـتێکی نـەرێنی‌و خراپمان هەیـە، ئـەم هەسـتە نەرێنیـە کاریگەری لەسەر ئەندێشەو دەربڕینەکانمان هەیە.

کاتێك ئەندێشـەیەکی ئـەرێنیمان هەیـە، هەسـتی شـادی‌و ورووژێنـەر بـە دەربڕینێکی میهرەبانیەوە دەردەخەین. بە پێچەوانەشەوە.

پەندە زێڕینەکان بۆ دایکان و باوکان

- بە پاریزگاریی لەڕادەبەدەر، دیدگای منالەکانتان سنووردار دەبێت.
- ڕەخنە لە ڕەفتاری منال بگرن، نەک لە خودی منالەکە!
- هەوڵ بدەن بۆ نایاب بونی منالەکانتان نەک کامڵ بونیان.
- بواری بڕیاردان بۆ منالەکانتان برەخسێنن.
- منالەکانتان فێر بکەن خۆیان بە کەم نەزانن.
- تکایە منالەکانتان بێدەنگ پەروەردە بکەن.
- زەحمەتەکانی خۆتان هەگیز مەکێشنەوە بە ڕووی منالەکانتاندا.
- بوونە باوک زۆر گرنگ نیە، باوکایەتی گرنگە.
- بۆ یاریکردن لەگەڵ منال، دەبێت ببیتە منال.
- کاتێ بەمنالەکەت دەڵێیت : "چیتر نەبینم ئەو کارە بکەیت." واتا ئەو کارە دوور لە چاوی من بکە.
- منال زیاتر پێویستی بە نمونە هەیە تا بەڕەخنە گرتن.
- دایکێکی باش سەد قوتابخانە دەهێنێت.
- هەندێجار بە بێ هیچ بیانویەک بە منالەکەتان بلێن خۆشم دەوێی.
- کەسایەتی مرۆڤی سەرکەوتوو لە پێنج سالێدا شێوەی خۆی وەردەگرێت.
- باشترین میرات بۆ منالەکانتان سەروەت و سامان نیە، بەڵکو پەروەردەو ئەدەبە.
- لە مالێکدا کە گەورەکان بچوک دەبنەوە، بچوکەکان گەورە نابن.

ئەندێشەی دووربینی

"مەولانای ڕۆمی" دەربارەی دووربینیو ئایندەگەرایی ئەم چیرۆکە دێنێتەوە:

پیرەمێردێکی پەککەوتە چووە لای زەرنگەرێك وتی: "تکایە تەرازووەکەی خۆتم پێ بدە، دەمەوێ پارچەیەك زێڕ بکێشم!"

زەنگەر وتی: "برۆ مامە گیان من هێڵەکم نیە."

پیرەمێرد وتی: "تکا دەکەم وتم تەرازووم دەوێ."

زەرنگەر وتی: " برۆ مامە گیان من گسکم نیە."

پیرەمێرد وتی: "تکایە گاڵتەم پێ مەکە، من تەرازووەکەی تۆم دەوێ."

زەرنگەر وتی: "گوێم لێ بوو. من کەڕ نیم هەستم هەیە، من لە حاڵی تۆ وورد بوومەوە، تۆ پیرەمێردێکی دەست لەرزۆکیت، خۆت بە پێوە ناگریت، پاشان زێڕەکانی تۆ وردو بچوکە، کاتێ کە دەیکێشیت لێت دەڕژێت، دوایی داوای هێڵەکو گسکم لێ دەکەیت، منیش دووربینیم کردو بیری تۆم ئاسودە کردو خۆم لە دەستی تۆ ڕزگار کرد."

دیارە ئەو کەسەی کە تەنها لەسەرەتای کار بڕوانێت بێگومان نابینایە، بەڵام ئەو کەسەی کۆتایی کارو قۆناغی دەستپێکو ئەنجامی کار دەبینێت، هەرگیز لە ئاگری پەشیمانیدا ناسوتێت.

سەرنج:

هەر کەسێك بەبێ بیرکردنەوە لە ئەنجامی کار، دەستبەکار بێت بێگومان خۆی دەخاتە بەر تەوژمی بەڵاو نەهامەتیەکانەوە.

ئیمان‌و باوەڕ

بەندبازێك شارەزاییەكی زۆری هەبوو لە ڕۆشتن بەسەر تەنافداو بە ئاسانی دەیتوانی مەودای نێوان دوو باڵاخانەی چل نهۆمی ببڕێت، هەزاران كەس شاهیدی كارامەیی ئەم بەندبازە بوون، ڕۆژێكیان دوای ئەوەی مەودای نێوان دوو باڵاخانەی بڕی بە یاریدەدەرەكەی وت بچێتە سەر شانەكانی‌و پاشان بەسەر تەنافەكەدا گەڕایەوە، بینەران زۆر سەرسام بوون هەموویان چەپڵەیان بۆ لێدا، بەندبازەكە بە بینەرانی وت: ئاخۆ بە بڕوای ئێوە دەتوانێت جارێكی دیكە هەمان ئەم كارە بكاتەوە؟ هەموو وتیان: "بێگومان، باوەڕ دەكەین كە دەتوانیت!"

پاش كەمێك دیسان وتی: "ئێستا كێ لە ئێوە ئامادەیە بێتە سەر شانم دانیشێت تا پێكەوە بەسەر تەنافەكەدا بپەڕینەوە؟" بەڵام لە وەڵامی ئەم پرسیارە هەموو بێدەنگ بوون!

سەرنج:

بە خوێندنەوەی ئەم بابەتە بێگومان هەموو دەپرسن، باوەڕو ئیمان چ جیاوازیەكیان هەیە؟

باوەڕ بە "مناڵەكانی ئیمان" ناو دەنێین بۆ زیاتر ڕوونبونەوەی بابەتەكە. نمونەیەك دێنینەوە، لە شوێنێكیت‌و كەسێك پێت دەڵێت، لەو

لای ماڵی خۆتانەوە شوێنێك گڕی گرتووە، لەم کاتە هەست بە بۆنی سوتاوی "بۆسۆ" دەکەیت بەمە دەڵێن "باوەڕ" پاش کەمێ دەجوڵێتو بەرەو شوێنی سوتانەکە دەچیتو ئاگرەکە لە نزیکەوە بە چاوی خۆت دەبینیت لەم کاتەدا تۆ "ئیمان"ت پێ هێناوە.

"زانژاك رۆسۆ" دەڵێت:

ئیمان هەبوون بە توانابیەکانی خۆت نیوەی کامەرانیە.

حەکیمێك دەڵێت:

باوەڕو ئیمانی مرۆڤ، بەهەر شتێك بێت دەگاتە ئەنجام.

زیان یان مردن

"مارتین گری" لەو پیاوانەیە کاتێ مرۆڤ ژیاننامەی دەخوێنێتەوە سەرسام دەبێت و بەخۆی دەڵێت: "جێگەی باوەڕ نیە!"

ژیانی ئەو رشتەیەکە لە ڕوداوی راستەقینە، ئەو لە ساڵی ١٩٢٥ دا، لە دایك بووە، لە تەمەنی چواردە ساڵیدا بە دەستی نازییەکان دیل دەکرێت و دەخرێتە زیندانەوە، یاری چارەنوس دەست پێدەکات و لە زیندانەوە دەیبەن بۆ ئۆردوگای مەرگ، بە هەوڵێ زیرەکی خۆی لە ئۆردوگای نازییەکان هەڵدێت و لە شۆرشی دژی نازییەکاندا بەشداری دەکات. لەم تێکۆشانەدا شاهێدی مەرگی زۆربەی ئازیزانی دەبێت و پابەندی وەفاداریاز دەبێت تا سەرکەوتن، مارتین بریاریدا بوو زیندو بێت، تا پەیامی ئەو ئازیزانەی لە دەستی چووبون بە خەڵکی بگەیێنێت، پاشان گەڕایەوە بۆ لای دایکی بۆ وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمریکاو بەدوای هاوسەرە دڵخوازەکەیدا گەڕا تاکو سەرەنجام دۆزیەوەو هاوسەرگیریی لەگەڵدا کرد. ئاکامی ئەم هاوسەرگیرییە چوار منداڵ بوو، لەگەڵ دایکیان خێزانێکی بەختەوەریان پێك هێنا. کە پێشتر لە خەیاڵی خۆیدا نەخشەی بۆ کێشا بوو، ئەو موڵکێکی فراوانی لە شاری "کان" لە باشوری فەرەنسا کڕی لەوێ کۆشکی بەختەوەری دروست کرد، بەڵام چارەنوس جۆرێکی دیکە

دەستو پەنجەی لەگەڵ نەرم کرد.

لە ٣ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٠ مارتین ئەو ژنو چوار منداڵەی مایەی بەختەوەری ئەو بوون لە کارەساتێکی دڵتەزێندا لەدەست دەدات، ئەوان بە هۆی سوتانی ئەو دارستانەی لەنزیکی شوێنی نیشتەجێ بونیانەوە بوو، سوتانو بە شێوەیەکی کارەساتبار گیانیان دەرچوو، ئەم کارەساتە کاریگەری بە تینی لەدڵو دەرونیدا دروستکرد، کە دەستبەجێ خۆی لە دووڕیانێکدا دەبینیەوە مردن یان ژیان؟

ئەو ماوەیەك لەم دووڕیانەیەدا مایەوە، سەرەنجام ژیانی هەڵبژارد، لە جیاتی تەسلیم بوونو خۆکوژیی بەردەوامی بە ژیانو ململانێیدا، دامەزراوەیەکی بە ناوی هاوسەرەکەیەوە "نینا گری" دامەزراند تا لە دژی نەمانو ئەو ئاگرکەوتنەوە سروشتیانە ململانێ بکات، ئەو لە کتێبەکەیدا بەناوی "هەموو ئازیزانم" ژیاننامەی خۆی نوسیوەتەوە کە ناوبانگێکی زۆری هەیە.

مارتین گری، لە کتێبێکی دیکەیدا بە ناوی "وزەکانی ژیان" ئاماژە بە تواناکانی مرۆڤ دەکاتو ئەزمونەکانی خۆی دەخاتە ڕوو.

"من دەمێکە هەستم بەوە کردووە کە مرۆڤ خاوەنی توانا گەلێکە کە خۆی لێیان بێ ئاگایە، مرۆڤ کۆمەڵی سەرچاوەی هەیە کە دەیانشارێتەوە، سەردەمی جەنگم بیر دێتەوە کە چۆن لە چەند ڕۆژێك لە بەختەوەریەوە ئاسودەییەوە هەنگاوم بۆ بەدبەختیو دۆزەخ هەڵگرت، هەندێجار منو باوکم لە شوێنێکی دووردا چاومان بە یەکتر دەکەوت، ئەو پێی دەوتم: مارتین مرۆڤەکان ببینە، لێیان ورد ببەوە، ئەوان بە خۆیان ئازانن؟

کارێکیان لیٚ دەوەشێتەوە، خاوەنی چ توانایەکن، ساڵانێک دواتر من توشی کارەساتێک بووم کە لە ژیاندا تەنیای کردم، من هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم وزەیەکی هێندە بەهێزو بە تین لە مندا هەیە، کە وێڕای ئەم ماڵوێرانیو نەهامەتیە گەورەیە بتوانم لە ژیان بەردەوام ببمەوە، تەنانەت ڕێگەی ژیانێکی نویٚ بدۆزمەوە.

ناپلیۆن دەڵێت:

من تێکرای سەرکەوتنەکانم بە قەرزاری ئەو هیواو ئومێدانە دەزانم، لەسەردەمی لاوێتیدا لە دڵی خۆمدا پەروەردەم کردبوون.

"ویل دورانت" دەڵێت:

ونبون لە بیابانی هیوادا، گەلیٚ ئاسانترو باشترە لە ڕەشبینی...

ترس‌و سەرکەوتن، حەقۆو پەنیرن

دوو هاوڕێی ڕکابەری یەکتریی هەبوو. دەیڤید، جاکی هاندا بەسەر تەختەیەکدا بە درێژیی شەش مەترو پانی سیی سانتیمەتردا بڕوات، سەرەتا دەیڤید تەختەکەی لە ڕووبەری ژوورێك دانا، دراوێکی دە دۆلاریی لەوسەری تەختەکەوە دانا بە جاکی وت بەسەر تەختەکەدا بڕوات‌و دراوەکە بۆ خۆی ببات، بێگومان ئەم کارە زۆر ئاسان بوو، جاك توانی بە ئاسانی لە چاو تروکانێکدا بەسەر تەختەکەدا بپەڕێتەوە، پاشان دەیڤید وتی: "کەواتە ئێستا با ئەم تەختەیە ببەینە نێوان سەربانی دوو بالاّخانەی بیست نهۆمی من یەك چەکی هەزار دۆلاریی دەخەمە ئەو سەری تەختەکەو بەردێکی لەسەر دادەنێم تاکو با نەتوانێ بیبات. ئەگەر توانیت ئەوا هەزار دۆلارەکە مالّی خۆتە، بەلاّم ئەگەر نەتتوانی ئەوا تۆ سەد دۆلار بدە بەمن."

"ئیمیل کوهی" دەلّێت:

"هیچ کاتێ لەگەلّ ترسدا ڕاوێژ مەکەن، چونکە ترس ڕاوێژکارێك نیە ڕێگەی سەرکەوتنتان پێ نیشان بدات."

ئیرەیی

ژنو مێردێک بۆ بەسەر بردنی پشووەکانیان لە ویلایەتی "مێن"ی ئەمریکا بۆ سەیرکردنی بەلەمەکانی ڕاوە ماسیو قرژاڵ ڕۆیشتنو گەشتنە بەندەرێک، یەکێک لە بەلەمەکان لە نزیک ئەوانەوە لەنگەری گرت، ڕاوچییەکان سەتڵی پڕ لە قرژاڵی تازەیان پێ بوو بەتاڵیان دەکرد، ژنەکە لەو قرژاڵانەی دەڕوانی لە سەتڵەکاندا بوون بەملاو لادا هەوڵی دەربازبونیان دەدا، ئەو سەرنجیدا یەکێ لە قرژاڵەکان بە دیواری سەتڵێکدا سەردەکەوت، قرژاڵەکانی دیکە خێرا پەلاماری دەدەنو رایدەکێشنەوە خوارەوە، لەوە دەچوو هەر دانەیەک لەو قرژاڵانە بتوانێ بە سەتڵەکەدا سەرکەوێتو خۆی دەرباز بکات بەو مەرجەی قرژاڵەکانی دیکە نەیخەنە خوارەوە.

سەرنج:

پەندێک دەڵێت: ئیرەیی تیر بەکەسێکی دیکەوە دەنێتو خۆی بریندار دەکات.

مێروڵەو هەنگ

هەنگێك مێروڵەیەکی بینی بە هەزار فێڵو زەحمەت دەنکە جۆیەکی دەبردە شارەکەیەوە، هەنگەکە پێی وت: "بۆچی هێندە خۆت ماندوو دەکەیت، ئەمە چ بارێکە تۆ هەڵبژاردووە؟ وەرە خواردنو خواردنەوەو چێژو لەزەتی من ببینە، ئەوەی من نەیخۆم ناچێتە بەردەمی پاشاکان، هەر کوێم بوێت لێی دەنیشمەوە، هەرچیەکم بوێت ئەوە دەخۆم." ئەمەی وتو هەڵفڕی بەرەو دوکانی قەسابێكو لەسەر پارچە گۆشتێك نیشتەوە، قەساب چەقۆی بە دەستەوە بوو لێیداو کردی بە دوو کەرتەوەو کەوتە خوارەوە...

مێروڵە هات قەپی لە قاچی گرتو ڕایکێشا...

هەنگ وتی: "بۆ کوێم دەبەیت؟"

مێروڵە وتی: "هەرکەسێك بە بایبونەوە لە شوێنێك دانیشێت کە خۆی حەزی لێ بکات. لە شوێنێك دەمرێت کە خۆی نەیەوێت!...

"جوامع الحکایات"

راستگۆیی

پاشایەك فەرمانی کوشتنی دیلێکی دا... دیلەکە لە حاڵەتی نائومێدیدا تێر جنێوی بە پاشاکەدا. پاشا بە یەکێ لە وەزیرەکانی وت: "ئەو دەڵێت چی؟"

وەزیرەکە وتی: "دوعا بۆ پاشا دەکات."

پاشا لێی خۆش بوو.

وەزیرێکی دیکە لە دەرباری پاشا بوو ناکۆکی لەگەڵ ئەو وەزیرەی پێشودا هەبوو وتی:

"خاوەنشکۆ ئەو دیلە جنێوی بە تۆدا."

پاشا وتی: "تۆ راست دەکەیت، بەڵام درۆی ئەو وەزیرەی گیانی کەسێکی لە مردن رزگار کرد باشترە لە راستگۆییەکەی تۆ کە هۆی مردنی کەسێکە."

سەرنج!

شۆپنهاوەر دەڵێت:

لە سەد کەس تەنها یەك کەس بەهای ئەوەی هەیە گفتوگۆی لەگەڵ بکەیت، کەواتە لێگەڕێ خەڵکی هەرچی دەڵێن با بڵێن، هەموو کەسێك ئازادە کە گەمژە بێت.

"سەعدی شیرازی" دەڵێت:

بێجگە لە راستی نابێت بوترێت

هەموو راستیەکیش نابێت بدرکێنرێت.

کەمدوویی

مایەی سوود وەرگرتن لەم پەندە، سەردەمێکە کەسێك ئاگای لە نهێنیەك بێتو درکاندنی مایەی دەردەسەریی بێت، لەم کاتەدا پێی دەڵێن تۆ وشترەکەت دیتوە یان نا.

بەڵام ریشەی مێژوویی ئەم چیرۆکە:

پیاوێك لە بیابانێکدا بەدوای وشترەکەیدا دەگەڕا، لە ناکاو توشی کوڕێکی زیرەك بوو، سۆراغی وشترەکەی لەو پرسی...

کوڕەکە وتی: "وشترەکەت چاوێکی کوێر بوو؟"

پیاوەکە وتی: "بەڵێ، ئێستا پێم بڵێ لە کوێیە؟"

کوڕەکە وتی: "ئایا تایەکی بارەکەی شیرینو تایەکەی دیکەی ترش بوو؟"

پیاوەکە وتی: "بەڵێ، ئێستا پێم بڵێ لە کوێیە؟"

کوڕەکە وتی: "من وشترم نەدیوە!"

پیاوەکە ناڕەحەت بوو، بیری کردەوە ڕەنگە ئەم کوڕە بەلایەکی بەسەر وشترەکەیدا هێنابێت، کوڕەکەی بردە لای قازیی و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە.

قازی لە کوڕەکەی پرسی: "ئەگەر وشترەکەی ئەوت نەدیتوە چۆن ئەو تایبەتمەندیانە دەزانیت؟"

کوڕەکە وتی: "لەڕێگا شوێن پێی وشترێکم بینی کە تەنها پوش و پەڵاشی یەک لای ڕێگاکەی خواردبوو، زانیم ڕەنگە ئەو وشترەی بەم ڕێگایەدا ڕۆشتووە چاوێکی کوێر بوبێت، پاشان بینیم لایەکی ڕێگاکە مێشی زیاترەو لایەکەی دیکەی مێشولەی زیاترە، چونکە مێش حەزی لە شیرینیەو مێشولەش لە ترشیی، بۆیە گەشتمە ئەم ئاکانەی ڕەنگە تایەکی شیرینی و تایەکەی دیکەی ترشی بێت."

قازی ئافەرینی لە زیرەکی کوڕەکە کردو وتی: "ڕاستە تۆ بێ تاوانیت بەڵام زمانت توشی دەردەسەریی کردیت. لەمە بەدولوە وشترەکەت دیوە یان نەتدیوە، بوو بە پەندو باو... ئەم پەندە کاتێ کار دەکات کە زۆر وتن هۆکاری دەردەسەریی دەبێت، ئاسودەیی لە کەم دوییدایە.

سەرنج:

قسەکانمان دەستیان هەیە! دەستانێکی درێژ کە هەندێجار گەردنی کەسێک دەگرن!

قسەکانمان پێیان هەیە! پێیەکی گەورە کە هەندێجار، شوێنەواریان ...

سەر دڵێک جێ دەمێنێت و بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە!

قسەکانمان چاویان هەیە! چاوانێکی ڕەشی قەترانی کە:

هەندێجار لەچاوی کەسانیتر دەڕوانن و لە شەرمیان هەڵدەکێشن.

با وریای قسەکانمان بین، چونکە قسەکردن بە پێوانەکردن لە بێدەنگی دژوارترە.

خاکەڕایی، واتا قبوڵ کردنی خەوشەکانی خۆت...

بەهێزبە، بەڵام نەک سەرکەش.

میهرەبانبە، بەڵام نەک لاواز.

بوێربە، بەڵام نەک چەنەباز.

خاکەڕابە، بەڵام نەک ترسنۆک.

مەغروربە، بەڵام نەک خۆپەسەند.

وابەستەیی و دڵبەستەیی

"وابەستەیی" واتا دەمەوێت،

"دڵبەستەیی" واتا دەمەوێیت، تەنانەت ئەگەر بە کەڵکیش نەیەیت.

ماندێلا دەڵێت:

من وابەستەی ئەو قەڵەمە گرانبەهایەی سەر مێزی کارکردنەکەی خۆمم، بەڵام لە قوتویەکی شینی کۆندا دایدەنێم کە لە سەردەمی منالیدا دڵبەستەی بووم.

من وابەستەی ئەو مێزەم کە هەموو رۆژێک لە پشتیەوە دادەنیشم، بەڵام دڵبەستەی ئەو ئینجانە بچوکەم کە گوڵێکی کاکتۆسی تێدا ڕوواوەو لە بەر پەنجەرەی ژوورەکەمدا دانراوە.

وابەستەبونەکان کۆمەڵگەو فەرهەنگو دایکانو باوکان فێر دەکاتو پەروەردەیان دەکات، بەڵام دڵبەستەبونەکان کاردانەوەی "خودی راستەقینە"ی منن.

سەرنج

دڵبەستەی ئەو کەسانە بە کە خۆشت دەوێن، نەك وابەستە.

هەرگیز چاوەڕوانی بەیانیەکی خەیاڵی مەبە.

پشکی خۆت لە "شادی ژیان" ی ئەمڕۆ ببە، فەرامۆشی نەکەیت "مەبەست" هەمیشە "کۆتایی ڕێگا" نیە ! "مەبەست" چێژ بینینە لەو هەنگاوانەی هەڵیان دەگرین!

پێبکەنە، نیگەرانی سبەی مەبە، لە خەرمانی منو تۆ مشتێ "کا" بەجێ دەمێنێت...

منەتباریی

پیاوێك سەرپێچیەكی كردو فەرمانی زیندانیكردنی دەرچوو. دەستگیریان كردو بردیان بۆ زیندان، ژنەكەی ڕۆشت بۆ لای یەكێك لە هاوڕێ دێرینەكانی پێی وت: "بۆچی دەستەوسان دانیشتویتو هاوڕێكەت بە پێنج ساڵ حوكم زیندانی كراوە، هەستەو هیمەتێك بۆ دەربازبونی بكە."

هاوڕێكەی هەستی بوێریی بزواو شەوێك بە دیواری قەڵای زینداندا سەركەوتو بە ئەسپایی بەلای پاسەوانەكاندا تێپەڕیو خۆی گەیاندە قاوشی زیندانیەكان، پیاوە زیندانیەكە خۆشحاڵ بوو. وتی: "هەر بژیت خێراكە زنجیرەكانی دەستو پێم بكەرەوە، هەر ئێستا پاسەوانەكان دێنە سەرمان."

بەڵام هاوڕێكەی وتی: "دەزانی چ مەترسیەكم كردووە؟ بە دیواری قەڵادا سەركەوتم، بەلای پاسەوانەكاندا بە ئەسپایی تێپەڕیم، بۆ ڕزگار كردنی تۆ گیانی خۆم خستە مەترسیەوە."

پاشان زنجیرەكانی كردەوە، بەرەو دەرگاكە ڕۆشتن هاوڕێكەی وتی: "دەزانی چ مەترسیەكم كردووە؟ بە دیواری قەڵادا سەركەوتم، بەلای پاسەوانەكاندا بە ئەسپایی تێپەڕیم، بۆ ڕزگار كردنی تۆ گیانی خۆم خستە

مەترسیەوە."

چوونە لای دیواری قەڵاکەوە کە بەگوریس خۆیانیان بەستەوە ناکو سەرکەون، هاوڕێکەی وتی: "دەزانی چ مەترسیەکم کردووە؟ بە دیواری قەڵادا سەرکەوتم، بەلای پاسەوانەکاندا بە ئەسپایی تێپەڕیم، بۆ ڕزگار کردنی تۆ گیانی خۆم خستە مەترسیەوە."

بەهەر ناڕەحەتیەك بوو سەرکەوتنە سەرەوە، هەر کە ویستیان لە دیواری قەڵاکەوە خۆیان هەڵدەنە خوارەوە هاوڕێکەی وتی: "دەزانی چ مەترسیەکم کردووە؟ بە دیواری قەڵادا سەرکەوتم، بەلای پاسەوانەکاندا بە ئەسپایی تێپەڕیم، بۆ ڕزگار کردنی تۆ گیانی خۆم خستە مەترسیەوە."

پیاوە زیندانیەکە هاواری کرد: "پاسەوانان... پاسەوانان، فریام کەوون، ئەم پیاوە دەیەوێ بمڕفێنێ!

تا پاسەوانەکان هاتن پیاوەکە ڕایکردبوو، بە زیندانیەکەیان وت: "بۆچی هاوارت کردو لەگەڵ ئەو هەڵنەهاتیت؟"

پیاوەکە وتی: "پێنج ساڵ لە زیندانی ئێوەدا بم باشترە لەوەی ئەمەنێك لە زیندانی منەتی ئەودا بم!"

سەرنج:

لە ژیاندا لە برسێتیدا بمریت، بەرگەی هەژاری بگریت، خۆت بخەیتە مەترسیدارترین مەترسیەوە، بەڵام نەچیتە ژێر باری منەتی هیچ کەسێکەوە، هیچ کەسێك.

کێشانی باری حەماڵی کردن قورس و گران نیە، چونە ژێر باری نامەردانەوە گرفتە...

پابەندبوون

بۆ کەسێك یاری بۆکسێن دەکات: ئەوەیە دوای ئەوەی دەکەوێتە سەر زەوی، هەوڵ دەدات دووبارە لە جێی خۆی هەستێتەوە.

بۆ پەرستارێك: ئەوەیە لەوپەڕی ماندوێتیدا لەگەڵ یەکەم نالەی نەخۆشێك بە بزەوە لە ژوور سەری ئامادە بێت.

بۆ ئەو یاریزانەی پێشبرکێی راکردن دەکات: ئەوەیە کاتێ بڕستی لێ بڕاوە دە مەتر زیاتر ڕا بکات.

بۆ سەربازێك: سەرکەوتن بەسەر گردێکدایە بێ ئەوەی بزانێت لەو دیوی گردەکەوە چ شتێك چاوەڕوانی دەکات.

بۆ مامۆستایەك: ڕونکردنەوەی وانەیەکە بۆ قوتابیەکانی بەو جۆرەی هەموویان بە جگەرگۆشەی خۆی دەزانێت.

"لیۆناردۆ نیومی" دەڵێت:

ڕەنگە هێندە چالاك نەبم، ڕەنگە بە هێز نەبم، ڕەنگە زیرەك و نایاب نەبم، بەڵام دەتوانم پابەندبم، بەوەی کارەکان لە کەسانیتر باشتر ئەنجام بدەم، ئەم کارە هونەری خۆ بوون و پابەندبونە بە خودی خۆمەوە.

دەربازبون لە مەرگ

لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کەسێك بەناوی "توراما" بە خەستی بریندار بوو تواناى قسەکردنی نەمابوو، بردیانە نەخۆشخانەی تایبەتی سەربازی، پزیشکان دوای پشکنین بردیانە هۆڵی نەشتەرگەریی، بەڵام زۆر لە ژیانی نائومێدیدا بوون، پاشان خستیانە لیستی مردووەکانو بە پەرستارەکانیان وت بیبەنە هۆڵی مردووەکانەوە، "توراما" تێکرای ئەم قسەو باسانەی دەبیست، بەڵام بە هیچ جۆرێك نەیدەتوانی قسە بکات، ئەو لە هەمان شوێندا بڕیاریدا ململانێی مردن بکات، هاوکات لەگەڵ مردووەکاندا ڕاکشا بوو، لە ژێر لێوەوە دەیوت: "تۆ دەبێت بژیت، تۆ نابێ بمریت، نابێت هەست بە هیچ ئازارێك بکەیت!"

ئەم کەسە دەگێڕێتەوە کە: "ئەم رستانەو زۆرێك لە پەیامە ئومێد بەخشەکانم هێندە دوپاتکردەوە کە سەرانسەر جەستەی داپۆشیم، تاکو دوو رۆژ دوای ئەوە هەستم کرد من زیندووم، بەو پەڕی سەرسورمانەوە لەوێ بردیانمە دەرەوە، دوای نەشتەرگەری من بە هۆی خۆباوەڕییەوە دووبارە ژیانی خۆم بەدەست هێنایەوە، من ئەم ژیانەم بە قەرزاری توانای

دەرونی خۆم دەزانم، گومانی نیە گەر پەیوەست نەبومایە بەو ڕەوشەوە ئێستا منیش لەگەڵ مردووەکاندا بووم.

سەرنج:

خۆباوەڕیی، لە ڕاستیدا جۆرێکی "بەرنامە نوسی مێشکی مرۆڤە" لە نێوانی ئەم بەرنامەنوسیو کار پێکردنە، ڕشتەیەك چالاکی ئاڵۆز دێتە کایەوە، رەهەندی پەیوەستبوونی خۆباوەڕیو گۆڕینی بۆ راستی، ڕەوتێکە جێبەجێ کردنی لە هەستە ناخەوە سەرچاوە دەگرێت، رەفتاری ئێمە هەڵقوڵاوی خۆباوەڕیەکانە. ئەوان لە سەرانسەری ژیاندا هەبونی خۆیان بەسەر ڕەفتارەکانی ئێمەدا دەسەپێنن، ئێمە بە درێژایی رۆژ بە ئەندێشەی جۆراو جۆرەوە بەسەر دەبەین، ئەم ئەندێشانە لەناخو دەرووندا جێگەی خۆیان دەگرنو حاڵەتی دەروونیمان ڕێك دەخەن، بۆیە هێزی دەرونی هەر کەسێك پەیوەستە بەئاستی هەستە ناخی خۆیەوە. "ئیمیل کویی" یەکێ بووە لەو کەسانەی ڕکاربەری خۆباوەڕیی لە خۆیدا کارا کردووە.

"من هەموو رۆژێكو هەموو ساتێك، لە هەموو ڕویەکەوە باشو باشتر دەبم."

نهێنی

مەئمونی عەباسی وەزیرێکی هەبوو ناوی "عەجیب" بوو. ڕۆژێک بە تەنیا پێکەوە بوون. مەئمون وتی: "نهێنیەك بە تۆ دەڵێم کە نابێت بە کەس بڵێیت، من لە موعتەسەمی برام دەترسم نەوەك بمکوژێت و ببێتە خەلیفە، بۆیە دەبێت ئاگات لێی بێت."

پاش ماوەیەك "عەجیب" نهێنیەکەی بۆ موعتەسەم ئاشکرا کرد، موعتەسەم سوپاسی کرد. دوای ئەوەی موعتەسەم بوو بە خەلیفە، ڕۆژی یەکەم فەرمانیدا "عەجیب" لە سێدارە بدرێت، عەجیب گلەیی کردو وتی: "خاوەنشکۆ، من چاکەم لەگەڵ کردیت و هەواداری تۆ بووم، من تۆم لە مردن ڕزگار کرد، ئێستا تاوانم چیە، وا لە سێدارەم دەدەیت؟!"

موعتەسەم وتی: "تاوانی تۆ ئاشکرا کردنی نهێنی مەئمونی برامە، تۆ کە نهێنیەکەی ئەوت نەپاراست و ئاشکرات کرد، من دوای ئەوە چۆن متمانەت پێ بکەم و نهێنی منیش ئاشکرا نەکەیت؟!" بۆیە موعتەسەم فەرمانیدا کە عەجیب بکوژن!

سەرنج:

ڕاوێژ بە هەزار کەس بکەو نهێنی خۆت بە کەس مەڵێ.

پەتاڵ بوونەوە

پسپۆڕێکی فەلسەفە چووە لای مامۆستایەک و وتی: "هاتووم رای تۆ دەربارەی حەقیقەت بزانم." پسپۆڕەکە بۆ گەیشتن بە شوێنی نیشتەجێ بوونی مامۆستا، بە هەورازێکدا رێگەی بڕیبوو ئارەقی دەڕشت، زۆر ماندوو بوو. مامۆستا وتی: "دانیشە، کەمێ پشوو بدە، من چام بۆ ئامادە کردووە، هەموو شتێک بە جێی خۆی، با چایەکەمان بخۆینەوە، دوای ئەوە دەتوانین قسە بکەین. چا لە حەقیقەت گرنگترە."

پسپۆڕەکە نەیدەتوانی باوەڕ بکات، ئایا ئەم پیاوە شێتە؟ چا لە حەقیقەت گرنگترە؟ پاشان مامۆستا چای ئامادەکردو هێنای تێی کردو هێندە لە تێکردن بەردەوام بوو تاکو پڕ بوو ڕژایە ژێر پیاڵەکە، بەڵام ئەو بێدەنگ بوو، بەڵام کەزانی ئەوا ژێر پیاڵەکەش پڕ بوو خەریکە دەڕژێتە سەر زەوی، وتی: "بەسە، چی دەکەیت؟ بۆچی هێندە پڕی دەکەیت؟ من پیاڵەکەم پڕەو چیتر جێی چای دیکە نابێتەوە!" مامۆستا وتی: "هێندە سەرنجی پیاڵەکە دەدەیت، هێندە سەرنجی زەینی خۆت نادەیت، زەینی

تۆ زۆر پڕە، تەنها کەلوپەلی کۆنو سواوی تێدا دەبینم، هاوکات تۆ دەخولزێت هەقیقەتیش بخەیتە سەری؟ دەبێت ڕووبەرێکی بچوکیش بۆ هەقیقەت دروست بکەیت تاکو ئەویش جێگەی ببێتەوە."

سەرنج:

ئەندێشە وەکو تەپو تۆزو غوبارێکی بەردەوامە، زۆرێک لە مرۆڤەکان هێندە پڕن لە ئەندێشە چیتر شوێنێکی بەتاڵیان نیەو ناتوانن شتێک بخەنە دەرونیانەوە، ئەمە حسابێکی ئاسانە، گەر دەتانەوێ شتێک بۆ دەرونتان زیاد بکەن، دەبێت روبەرێکی بچوکی بۆ تەرخان بکەن، "یاسای بۆشایی" زۆربەی خەڵکی دەرونیان هێندە بە ئەندێشە پڕکردووە، کە چیتر هیچ شتێک ناتوانێت بچێتە ژوورەوە.

لە یاسای "بۆشایی" رامێنن:

یاسای بۆشایی یەکێکە لە بەهێزترین یاساکانی توانایی، هەرچەند کار پێکردنی باوەڕێکی دلێرانەو بوێرانەی دەوێت تا بتوانرێ بەرووبومەکەی دروێنە بکرێت، کاتێ کەسێك راستگۆیانە لە رێی بەختەوەریدا دەکۆشێت، تەنها بە توانایییەوە بیر دەکاتەوە، کەچی هێشتا شکست دەخوات، دیارە بەهۆی ئەوەیە یاسای بۆشایی بەکار نەهێناوە، بۆشایی لە بنەرەتدا بەم شێوەیە:

"ئەگەر لە ژیاندا خوازیاری بە هرەیەکی مەزنن، بە خێرایی بۆشایی دروست بکەن، تا بتوانن بەهرەی دڵخوازی خۆتان مسۆگەر بکەن!"

پوختە: خۆت لەبەلای ئەوەی ناخوازیت رزگار بکە، تاکو ئەوەی دەخوازیت شوێنێك بکەیتەوە، ئەگەر لە تاکی جلەکانتدا کۆمەڵە جلو پۆشاکێك هەیە چیتر گونجاو نین، ئەگەر لە ماڵەوە یان لە شوێنکارەکەتدا کەلوپەلێکت هەیە کە چیتر بەکاریان ناهێنیت، ئەگەر لە نێوانی دۆستانو ناشنایاندا کەسانێکت هەیە کە چیتر تێکەڵاوی‌و بەرکەوتنی ئەو کەسانە بۆ خۆت بە شیاو نازانیت، هەموو شتێك‌و پەیوەندی ئاشکراو شاراوەی نا پێویست لە ژیانت بکەرەوە دەرەوە، باوەڕت بەوە هەبێت کە هەموو ئەو شتانەی بەراستی دەتەوێت‌و ئارەزووی دەکەیت بەدەستی بێنیت، بێگومان تاکو لە بەلای ئەو شتەی کە ناتەوێ خۆت رزگار نەکەیت، ناتوانیت هەست بەوە بکەیت کە بەراستی چ شتێکت دەوێت.

لە ئەزموونەکانی ژیانەوە دەگەیتە ئەو ئاکامەی هەر کاتێ توانیت بەهرەی دڵخوازی خۆت مسۆگەر بکەیت بەو هۆیەوە دەبێت دەستبەرداری شتێك بیت، بۆ ئەوەی جێیەك بۆ خواستەکەت چۆڵ بکەیت.

بەدی هێنان‌و داهێنان

پیاوێك چووە بانکی "مۆنهاتن" لە نیویۆرك نۆبەیەکی لە ئامێری سەرەگرتنەکە وەرگرت، کاتێ ژمارەی نۆبەکەی لە بڵند گۆکەوە راگەیەنرا، چووە بەردەمی کارمەندی بانکەکە و پێی وت بۆ ماوەی دوو هەفتە دەیەوێ سەفەرێکی بازرگانی بکات بۆ ئەوروپا، بۆیە بە پەلە پێویستی بە قەرزێکی پێنج هەزار دۆلاریی خێرا هەیە، کارمەندە دیقەتێکی سیمای

پیاوەکەیدلو وتی: "بۆ پێدانی قەرز پێویستی بە بەڵگەنامەو گرەنتیی دەبێت پێ بێت." پیاوەکە بە خێرایی دەستیکرد بە گیرفانیداو سویچی ئۆتۆمبێلە فێراریە نوێیەکەی کە لەبەردەمی بانکەکەدا ڕایگرتبوو دایە دەستی کارمەندەکە، سەرۆکی بانک دوای هاوتا کردنی بەڵگەنامەکان قەرزەکەیان بۆ پەسەند کرد، ئەویش تەنها بۆ دوو هەفتە، کارمەندەکی ئۆتۆمبێلی پیاوەکەی هێنایە پارکینی بانکەکەوە.

وەک بڕیار بوو پیاوەکە دوای دوو هەفتە گەڕایەوە، پێنج هەزار دۆلارەکەو هەزارو پێنج سەد دۆلاری سوودی قەرزەکەی دایەوە بە بانک، کارمەندی بانک ڕوویکردە پیاوەکەو لەسەر قسەی سەرۆکی بانک وتی: "لەوەی بانکەکەی ئێمەت هەڵبژارد بۆ قەرز سوپاسی بێ پایانت دەکەین، ئێمە لێکۆڵینەوەمان لە بارەی تۆوە کردو بۆمان دەرکەوت کە تۆ مۆڵتی ملیۆنێریت، بەڵام من تەنها یەک پرسیارت لێ دەکەم، بەم هەموو سەروەتو سامانەتەوە بۆچی خۆتان ماندوو کرد پێنج هەزار دۆلار قەرز وەربگریت؟"

پیاوەکە سەیرێکی کارمەندەکەی کردو وتی: "تۆ تەنها پێم بڵێ لە چ شوێنێکی نیویۆرکدا دەتوانم ئۆتۆمبێلێکی دوسەدو پەنجا هەزار دۆلاریی بۆ دوو هەفتە بە دڵنیاییەوە تەنها بە هەزارو پێنج سەد دۆلار ڕاگرم؟"

گەورەیەک دەڵێت:

ئەگەر ژیان بە چێژو داهێنانەوە نەبێت، گەلێک ناڕەحەت و جۆرێک خۆ کوژییەکە."

کێشەکان بکەن بە نوقڵ

کریستۆفر کۆلۆمب، لە شاری جێنوای ئیتالیا هاتە دنیاوە، لە تەمەنی پانزە ساڵیدا بووە مەلەوانی کەشتی، جارێك کەشتیەکەی کەشتە کەنار توانی تەنها بە تەختەیەکی مەلەکردن خۆی بگەیێنێتە وشکانی، لەسەردەمی ژیانی ئەودا هەموو لەو باوەڕەدا بوون زەوی تەختە، بەڵام کریستۆفر کۆلۆمب باوەڕی وابوو زەوی خڕە. تەنانەت لە باسەکانیدا دەیوت مانگو خۆریش خڕن، ئیدی بۆچی زەوی خڕ نەبێت، خەڵکی پێیان دەوت ئەگەر زەوی خڕە لەسەر چی وەستاوە؟ ئەو ئاماژەی بەم خاڵە دەکرد ئەگەر لە وڵاتی پرتوگالەوە بە کەشتی بەرەو مەغریب بروات دەتوانێ بگاتە ئاسیا، بەمشێوەیە سەفەری دۆزینەوەکەی ئەو لێرەوە دەستی پێکرد، لە سەرەتای ئەم سەفەرەیدا ڕوبەڕوی گەلێ گرفت بویەوە، برسێتی چەشت، هاوسەرەکەی لە دەستدا، هاوڕێکانی پێیان دەوت شێتو لێی جیابوونەوە، سەرەنجام توانی سەرنجی شاژنی بەریتانیا کێش بکات بەچاودێری هەموو لایەك ئەو سەفەرەکەی خۆی دەست پێکرد، هەموو ئەو مەلەوانانەی لەگەڵی بوون حەزێکی ئەوتۆیان لەم سەفەرە نەبوو، بەڵام کریستۆفر کۆلۆمب ناچاریکردن کە لەگەڵیدا بڕۆن، بە تێپەڕینی پێنج ڕۆژ دوای دەسپێکی ئەم ڕوداوە، ئەو بەلەمەی کە ئەوانی هەڵگرتبوو تەنها لە بەلەمێکی ماسیگرتن کەمێ گەورەتر بوو، کەوتە سەر ئاوو هەر ساتێ ئەگەری تێکشکانی هەبوو، ماوەیەك دوای

ئـەوە قیبلەنماکـەی لەکارکـەوت، سـەرباری تێکـرای ئـەم ناهەموارییانە کریستۆفر کۆلۆمب تەسلیمی شکست نەبوو، دوای برینی مـەودای ۲۴۰۰ میـل، سـەرەنجام لـە ڕۆژی ۱۲ ئۆکتۆبـەر ۱۸٤۲ گەشـتە مەبەستە شاراوەکەی، دیارە نەیتوانی بچێتە ئاسیاوە، بەڵام دۆزینەوەیەکی باشتری مسۆگەر کردو ناوی ئەو وەك دۆزەرەوەی کیشوەری ئـەمریکا لـە مێژوودا بە نەمری مایەوە.

سەرنج:

"ناپلیۆن هیل" دەڵێت:

کەسانی ئاسایی، بە ئەزمونکردنی یەکەم شکست دەست لـە هەوڵدان ناکێشنەوە، هەر بۆیە لە ژیاندا ڕوبەڕوی گەلێ کەسانی ئاسایی دەبینەوە بەڵام تەنها یەك "ئەدیسۆن" دەبینینەوە.

"ڤی. جی. ئیسواران" دەڵێت:

بۆ ڕوبەڕو بونەوەی ئاستەنگەکان دوو ڕێگـەمان هەیـە: دیتن و تەسلیم بوون، بە سوود بینین لێیـان، کەسێك دەتوانێت بەسـەر گرفتەکاندا زاڵ بێت و لە قازانجی خۆی بەکاریان بێنێت، شاخەوانێك تاشە بەردێك لە پێش خۆیەوە دەبینێت، پێیدا سـەردەکەوێت، تاشـە بـەردێك دەبێتـە شوێنی پشوودانی، هەموو شتێك لە لوتکەدا کورت و بچوك دەبێتەوە، ئەگەر ئەو شتە وەك ئەوە ببینیت کە دەبێـت زاڵ بیت بەسـەریدا. بـەڵام ئەگەر لە ئاسـتەنگەکە وەکـو پێویسـتیەك بروانیـت ئـەو کاتـە دەچیت بە پێشوازیەوە."

دەبێت بە زێڕ بنوسرێت

- ئەگەر زۆریش خاکی بیت، وا دەزانن تۆ زەویت و بەسەرتدا تێدەپەڕن.
- مسقاڵێك ئاڵتون لە چەندین تاشە بەرد دەر دەهێنرێت.
- سەرکەوتن لە هاوسەرگیریدا، پەیوەست نیە بەوەی کەسێکی گونجاو بۆ خۆمان بدۆزینەوە، بەڵکو پەیوەستە بەوەی کە خۆمان کەسە گونجاوەکە بین.
- ئەو کەسەی یەکجار پەیمانی شکاند، هەرگیز متمانەی پێ مەکە.
- چێژی باش بوون، لە چێژی هەر شتێکی دیکە زیاترە.
- هەندێ لە مردنەکان تەمەنێك درێژە دەکێشێت.
- بە بێ عەشق دەتوانیت ببەخشیت، بەڵام بە بێ بەخشین ناتوانیت عاشق بیت.
- جیاوازی نێوان "باشەو ناپاکە" کەمێك هەولی زیاترە.
- جیاوازی نێوان بچوکی و منالی، بچوکی هەرگیز نەبووین، منالی

پاکیزەییە، هەوڵبدە منداڵ بیت.

- شادی عەترێکە ناتوانیت بیکەیت بە خەڵکیەوە، مەگەر ئەوەی تنۆکەکانی لە خۆت بدەیت!

- ئەوەی دەبێتە هۆی خنکاندن، نوقم بوون نیە لە ئاودا، بەڵکو مانەوەیە لە ژێر ئاودا!

- یەکێك لە کێشە گەورەکانمان ئەمەیە، وا دەزانین تەنها هەڵبژاردنی ئێمە کەناڵی تەلەفزیۆنە.

- بۆ بەڕێوەبردنی کاری خۆت، سەرت بە کاربێنە، بۆ بەڕێوەبردنی خەڵکی، دڵت بەکار بێنە.

- ئەو کەسەی دەیەوێ هەمیشە چەپڵەی بۆ لێبدەن، تەواوی خۆشبەختی خۆی دەخاتە دەستی کەسانی ترەوە.

- هەندێجار دەبێت بەدەوری خۆتدا دیوارێکی تەنیایی بکێشیت، نەك بۆ ئەوەی کەسانیتر لەخۆت کۆ بکەیتەوە بەڵکو بۆ ئەوەی بزانیت گرنگی بە کێ دەدەیت ئەو دیوارە بشکێنن.

- هەرگیز بە خوێندنەوەی کتێبێکی ئامادەکردنی خواردن تێر نابیت، کەواتە ڕووبەڕووی هەستی خۆت بە قەبارەی خوێندنەوەو کردار پێکردنی بپێوە.

- زۆربەی خەڵکی تەمەنێك دەچن بۆ ڕاوە ماسی، بەڵام هەرگیز لەوە تێناگەن کە دوای ماسی نەکەوتوون!

- کاتێ مەدالیای شەرەف مسۆگەر دەکەیت، ئەزمونی جەنگت کردبێت.

- ئەگەر دەتەوێ کارێکی ئاسان، زۆر بە گران دەرکەوێت، هەمیشە دوای بخە.
- لە پانتایی خەیاڵو ئەندێشەدا باڵاتر لە سەرکەوتنەکانو نزمتر لە شکستەکانی خۆت مەڕۆ.
- بۆ ئەنجامنەدانی کارێک دەتوانیت ١٠٠١ بیانوی بێنیتەوە، بەڵام بۆ ئەنجامدانی ١٠٠١ کار یەك بیانو بەسە.
- هەمیشە کۆتایی هەموو شتێك باش دەبێت، ئەگەر نەبوو، بزانە هێشتا کۆتایی نەهاتووە!
- کاتێ بە یەك پەنجە ئاماژەی ڕەخنە بۆ کەسێك دەکەیت، جوان ببینە سێ پەنجەی دیکە ڕووی لە خۆتە!
- زۆرێك فێربوون چۆن دەرامەتی خۆیان باش بکەن، بەڵام هێشتا فێر نەبوون چۆن بە باشی بژین.

هەرگیز لە کردنی خێر دوا مەکەوە

پیاوێك زۆر حەزی دەکرد کوڕێکی هەبێت، چووە شوێنێکی پیرۆزو پاڕایەوە: "خودایە... ئەگەر تەنها کوڕێکم پێ ببەخشیت پێنج سەد دینار دەکەم بە خێر!"

پیاوەکە ئاواتەکەی بەدی هات، خودا کوڕێکی پێبەخشی، پیاوەکە لە خۆشیدا نەیدەزانی چی بکات، هەمیشە بیری لە بڕیارەکەی دەکردەوە دەیوت: "دەبێ زوو نەزرەکەم بکەم، هەرچۆنێك بووە پێنج سەد دینارەکە بدەم."

زۆر بە زوویی باوەڕی گۆڕا بە خۆی وت: "بۆچی دەبێ پێنج سەد دینار بدەم؟ بە لای خولوە پێنج سەد دینارو پەنجا دینار چ فەرقێکی هەبە؟ هەموو دنیا مولکی خوایە، من تەنها پەنجا دینار دەکەم بە نەزر!"

ئەمجارەش باوەڕی گۆڕا وتی: "پەنجا دینارو پێنج دینار چ فەرقێکی هەبە، وردە وردە هاتە سەر پێنج سێو، چووە لای سێو فرۆشێك پێنج دانە سێوی هەلگرت، سێو فرۆشەکە داوای پارەکەی لێ کرد، ئەوکە

نەیدەویست پارەیەك بدات، ڕێگەی گرتە بەرو چوو بۆ بۆ لای باخەوانی سێوەکە، چونکە لە ڕێگەدا پێڵاوەکانی دڕابوون دەیویست لە بری پارەی سێوەکان سێ دینار بدات، باخەوان پێی وت: "گەر دەتەوێ بە نرخێکی هەرزان سێو بکڕیت دەبێ خۆت بچیت سێو بچنیت."

پیاوەکە بەم پێشنیارە دڵخۆش بوو، بەسەر دار سێوێکدا سەرکەوت، تا ئێستا کاری وای نەکردبوو، لە درەختەکە بەر بویەوە، ئێسکی پێی لەچەند لایەکەوە شکا، بۆیە ناچاربوو بۆ چارەسەر پێنج سەد دینار خەرج بکات.

ئەلبومی ئامانجەکان

من لە ساڵی ١٩٧٧ بێوەژن و دایکی سێ کچی بچوك بووم، کرێی خانوو کرێی قەرزی ئۆتۆمبێل و بژێویی تەنگیان پێ هەڵچنیبووم، دەمویست خەونەکانم بەدی بێنم.

شەوێك بەشداری سیمینارێکم کرد، کە وتاربێژەکە دەربارەی بنەمای "خەیاڵ و نهێنی ژیان و راستەقینە" دەدوا، وتی ناخی مرۆڤ لە وێناکردندایە، نەك لە قسەو بیرکردنەوەکانیدا، بۆیە هەر ئارەزوویەکمان هەیە گەر بەشێوەیەکی زیندوو لە ناخ و زەینی خۆماندا وێنای بکەین، دەبێتە هەقیقەت و راستی.

ئەم چەمکە نەوایەکی لە بەدی هێنان لە دڵ و دەروونی مندا کارا کرد، خۆم ئەم راستیەم دەزانی: "خودا ئارەزووی دڵەکان بەدی دێنێت." و "مرۆڤ هەر ئەو شتەیە کە بیری لێ دەکاتەوە."

بڕیارمدا دوعا نوسراوەکانم بگۆڕم بە وێنە، بە بڕینی ئەو وێنانە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانداو کۆ کردنەوەیان کە نوێنەری ئارەزووەکانم بوون کردمە ئەلبومێكو بە هیواوە لە چاوەڕوانیدا بووم.

ئەو وێنانەی کۆم کردبونەوە بە جوانی دەرکەوتبوون کە بریتی بوون لە: پیاوێکی قۆز، خانمێك بە جلی بوکێنیو پیاوێك بە جلو بەرگی زاواییەوە، چەپکە گوڵەکان، ئەڵماسی نایاب، دورگەیەك لە دەریاری کارابی، ماڵێکی جوان، کەلو پەلی تازەی ناوماڵ، خانمێك بەو زوانە بۆتە جێگری کۆمپانیایەکی گەورە، دەمویست یەکەم جێگری سەرۆکی ئەو کۆمپانیە خۆم بم.

نزیکەی هەشت مانگ دواتر، بە یەکێك لە شارێکانی کالیفۆرنیادا دەرۆشتم، لە ناکاو ئۆتۆمبێلێکی سورو سپی کادیلاك بەتەنیشتمدا تێپەڕی، شۆفێرەکەی نیگایەکی کردمو بزەیەکی کرد، منیش بزەیەکم بۆ کردەوە، چونکە هەمیشە من بزە لەسەر لێوەکانم بوو.

ئەمە وایکرد ئەو شۆفێرە چەند کیلۆمەترێك شوێنم بکەوێت، سەرەنجام کارمان گەشتە هاوسەرگیریی، ڕۆژی یەکەم دوای بەستنی یەکەم ژووان، ئەو چەپکە گوڵێکی گەورەی بۆ هێنام، دوای ئەوە هەستم کرد ئەو سەرگەرمیەکی تایبەتی خۆی هەیە، سەرگەرمیەکەی کۆ کردنەوەی ئەڵماس بوو، ئەو بەدوای کەسێکدا دەگەڕا ئەوانە بە شێوەیەکی نایاب ڕێك بخات بۆیە لای خۆی دایمەزراندم، نزیکەی سێ مانگ بەر لەوەی هاوسەرگیریی بکەین، جیم پێی وتم: "من شوێنێکی خۆشم بۆ بەسەربردنی مانگی هەنگوینی دۆزیوەتەوە، دەچینە دورگەی "سنت جان" لە نزیك

دەریای کارایبی. من بە پێکەنینەوە وتم: "هەرگیز بەخەیاڵمدا نەدەهات."

دوای ئەوە چوینە خانوو ماڵێکی نایابو خۆشو ئەو کەلوپەلی ناوماڵەی لە خەیاڵمدا وێنەیان کێشرا بوو، هەمووی بەراستی لەبەرچاووم دانرابوون، پاشان دەرکەوت کە جیم کارگێڕی بەشی سەرەکی کارخانەیەکی مۆبیلسازییە. زەماوەندەکەمان لە کالیفۆرنیاو "لانگو نابیچ" بەڕێوە چوو. جلی بوکو زاوایمان لەبەرکرد، هەشت مانگ دوای ئەوەی من ئەلبومی خەونەکانم دروست کرد، بومە جێگری سەرۆکی سەرچاوە مرۆییەکانی کۆمپانیاو لەوێ کارم کرد، ئەوەی بۆ من ڕویدا لە داستانی پەرییان دەچێت، بەڵام راستین، منو جیم لەو کاتەوەی هاوسەرگیریمان کردووە ئەلبومی زۆرمان دروستکردوە، بریار بدەن لە هەر بەشێکی ژیاندا چیتان دەوێت، بە شێوەیەکی رونو ئاشکرا لە زەینی خۆتاندا وێنەی بکێشن، پاشان بە دروستکردنی ئەلبومی تایبەت بە خۆتان دەربارەی ئارزووەکانتان هەنگاوی پتەو هەڵگرن.

بەم مەشقە سادەیە، ئەندێشەکانتان دەگۆڕێن بۆ راستی، خواستی مەحاڵ بوونی نیە، فەرامۆشی نەکەن خودا بەڵێنی بە بەندەکانی داوە، ئارەزووەکانیان بەدی دێنێت.

"گلنا سانسریری"

سەرنج:

دەربارەی ئەو چیرۆکەی سەرەوە چەند خاڵێکی دیار دەخەینە روو:

- بۆ بەدی هێنانی بەختەوەریو سەرکەوتن، هەبوونی ئامانج، پێویستیەکی بنەڕەتیە، زۆرێك لە مرۆڤەکان بە بێ ئامانج بەدوای بەختەوەریدا دەگەڕێن، بێ ئەوەی بزانن چیان دەوێ، چ توانایەکیان هەیە، چۆن سوود لە تواناکانیان ببینن، وەکو شاخەوانێك کە بیەوێ لوتکەیەکی بەرز بگرێت، بەڵام نەزانێ کام لوتکەیە؟! ناوو نیشانی تایبەتی نەزانێت، سەیرە لوتکەیەك بەدەست کەسێك نەزانێتو نەیناسێت بگیرێت. هەبونی ئامانجی دیاریکراوو خواستن، قۆناغێکی بنەڕەتی مسۆگەرکردنی بەختەوەریە، ڕەنگە بتوانرێ بێ ئامانجیی وەکو "جەستەی بێ رۆح" یان "سەری بێ جەستە" بچوێنرێ، هەرچەند ئەم ئامانجە ڕونترو دیارتر بێتو لەپەردەی زەینماندا باشترو زیاتر وێنەی بکێشرێت، بەدی هاتنی زیاتر دەبێت.
- ئامانجەکان دەبێت لە زەیندا جێگەی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت، وێنەی جوانو نایاب بێت، هەرچەند جوانو نایابتر بێت، بەهێزتر دەبێت.

مانەوەو نەبونە ناوی "مەنگ"

بایەزید بەستامی، بە یەکێك لە یارانی کە باوەڕی وابوو مرۆڤ بۆ ئەوەی نەبێتە "گۆماو" مەنگ نەبێت پێویستە سەیرانو سەفەر بکات، وتی: "ئەی ئەحمەد، تاکەی خەریکی سەفەرو گەڕانی دنیا دەبیت؟"

ئەحمەد وتی: "ئەی شێخ، ئەگەر ئاو لە شوێنێکدا وەستا مەنگ دەبێتو بۆگەن دەکات!"

بایەزید وتی: "بۆچی نابیتە دەریا، تاکو نەبیتە ئاوی مەنگو بۆگەن نەکەیت؟

سەرنج:

دەربارەی ئەو شتەی کە نایزانیت هێندە نیگەران مەبە، بەلکو زیاتر نیگەرانی ئەو زانینە بە، کە وادەزانیت راستە، بەلام هەڵەیە.

ئەڵقە

ڕۆژێک دزێک چووە ماڵی پیاوێکی پیرۆزی ئاینیەوە. خاوەن ماڵ بەهاتنی دزەکەی زانی، بەلام کە هەستی کرد دیارە خۆیو ماڵو منداڵەکەی چەند ڕۆژێکە برسین و کەسێکی هەژارو دەسکورتە. پێی وت: "لەو چەکمەجەیەدا ئەڵقەیەکی گرانبەهای هاوسەرکەمی تێدایە، بیبەو برۆ پێش ئەوەی ئەو بزانێت، هیوادارم خوا لەم نارەحەتیە رزگارت بکات!"

دزەکە نەیدەتوانی باوەڕ بکات، پاش ئەوەی دڵنیا بوو لەوەی پیاوەکە نەخەوتووە راست دەکات، ئەڵقەکەی هەلگرت و ڕۆشت، پاش کەمێك ژنەکەی لە خەو هەستاو خەمی نەمانی ئەڵقە گرابەهاکەی بوو، زۆر بە تین دەگریا، هاواری دەکردو بە هاوسەرکەی وت: "ئەڵقە ئەڵماسە پێنج هەزار دۆلاری کەم دزراوە."

مێردەکەی وتی: "من نەمدەزانی ئەو ئەڵقەیە هێندە گرانە." پاشان بە ڕاکردن و هاوارکردنەوە دوای دزەکە کەوت، دزەکەش لە تاو ئەوەی وایدەزانی کە خاوەن ماڵ لەو بەخشینەی خۆی پەشیمانە، خێراتر رایدەکرد بۆ ئەوەی دەسگیری نەکات.

سەرەنجام خاوەن ماڵ دزەکەی گرت و وتی: "براکەم، من بۆیە دوای تۆ کەوتم پێت بڵێم ئەو ئەڵقەیە گرانبەهایەو نرخەکەی پێنج هەزار دۆلارە، نەوەك بە هەرزان بیفرۆشیت!"

دزەکە چاوەکانی پڕ بوو لە فرمێسك، لە پڕ خۆی لەبەرامبەر ئەزمونێکی نوێدا دیتەوە، عەشقێك پێشتر هەرگیز وێنەی نەبوو، بەمشێوەیە ڕەفتاری پیاوە ئاینیەکە کاری تێکردو دەستبەجێ ژیانی گۆڕی، هەستی کرد بۆتە کەسێکی دیکە، دەستەو دامێنی پیاوە ئاینیەکە بوو وتی: "بمبەخشە، وەك خزمەتکارێکی خۆت قبوڵم بکە!"

سەرنج:

ئەو پیاوە بەهۆی باوەڕو بێخەوشی راستەقینەوە بۆ خودا دەژیا، ئەو بەوپەڕی ئیمانەوە خودای خۆشدەویست، عەشق بۆ خودا، ملکەچ کردنە بۆ خواستەکانی ئەو، لەبەرترین خواستەکانی خودا بەخشینەوەی عەشقە بە هاوسێکان، هەمان ئەو عەشقە بێگەردو خەوشەی ئەو بەخشیوێتی بە بەندەکانی خۆی.

"سوزان جیفرز" دەڵێت:

تۆ کێیت؟ تۆ خاوەنی هێزێکی دەرونیت بۆ دروستکردنی بەهەشتی سەر زەوی‌و دەتوانیت بەشێکی بدەیتە ئەو کەسانەی لە ژیاندا پەیوەستی پێیانەوە."

"جی. پی. ڤاسوانی" دەڵێت:

کاتێ عەشق دەبەخشن، باشترینەکانی ناخی خۆتان دەپشکوێن.

لە ناخی هەر کەسێکدا فریشتە گەلێ هەیە تاکە ئارەزویان ئەمەیە ئێوەیان بێنە دنیاوە.

"ڕینولد نیبور" دەڵێت:

بەخشین مەبەستی بنەڕەتی عەشقە.

ئەزەکە چاوەکانی پڕ بوو لە فرمێسك، لە پڕ خۆی لەبەرامبەر ئەزموونێکی نوێدا دیتەوە، عەشقێك پێشتر هەرگیز وێنەی نەبوو، بەمشێوەیە ڕەفتاری پیاوە ئاینیەکە کاری تێکردو دەستبەجێ ژیانی گۆڕی، هەستی کرد بۆتە کەسێکی دیکە، دەستەو دامێنی پیاوە ئاینیەکە بوو وتی: "بمبەخشە، وەك خزمەتکارێکی خۆت قبوڵم بکە!"

سەرنج:

ئەو پیاوە بەهۆی باوەڕو بێخەوشی راستەقینەوە بۆ خودا دەژیا، ئەو بەوپەڕی ئیمانەوە خودای خۆشدەویست، عەشق بۆ خودا، ملکەچ کردنە بۆ خواستەکانی ئەو، لەبەرترین خواستەکانی خودا بەخشینەوەی عەشقە بە هاوسێکان، هەمان ئەو عەشقە بێگەردو خەوشەی ئەو بەخشیوێتی بە بەندەکانی خۆی.

"سوزان جیفرز" دەڵێت:

تۆ کێیت؟ تۆ خاوەنی هێزێکی دەروونیت بۆ دروستکردنی بەهەشتی سەر زەوی‌و دەتوانیت بەشێکی بدەیتە ئەو کەسانەی لە ژیاندا پەیوەستی پێیانەوە."

"جی. پی. ڤاسوانی" دەڵێت:

کاتێ عەشق دەبەخشن، باشترینەکانی ناخی خۆتان دەپشکوێنن.
لە ناخی هەر کەسێکدا فریشتە گەلێ هەیە تاکە ئارەزویان ئەمەیە تۆزێك بێنە دنیاوە.

"رینولد نیبور" دەڵێت:

بەخشین مەبەستی بنەڕەتی عەشقە.

نەفرەت

پیاوێك لە ڕێگەی ڕاستی ژیان لاڕێ بوبوو، هاوسەرەکەی بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی هەموو ڕۆژێك دەچووە پەرستگەو گوێی لە قسەو ئامۆژگاری قەشەیەك دەگرت، بەڵام مێردەکەی ئەم کارەی بەدڵ نەبوو، ڕۆژێك ئەم پیاوە هاتە کەنیسەکە و بە قەشەی وت: "ئەگەر دەزانی من چەند ڕقم لە تۆیە!" قەشە، کەسێکی خاکەڕاو بە ئارام بوو، بە میهرەبانیەوە لە پیاوەکەی ڕوانی‌و وتی: "ئەگەر دەزانی من چەند تۆم خۆشدەوێ!" ئەم قسەیە کاردانەوەی دروست کرد، پیاوەکە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە هاتە بەردەمی وتی: "بمبەخشە، من تاوانێکی گەورەم کرد!" ئەو کاتە ژیانی پیاوەکە گۆڕا، هەموو ڕۆژێك لەگەڵ ژن‌و منداڵەکانی دەچوونە پەرستگە بۆ عیبادەت.

سەرنج:

نەفرەت‌و ڕق‌و کینە، بە نەفرەت‌و قین پوچەڵ نابێتەوە، تەنها بە عەشق دەتوانرێ نەفرەت‌و ڕق‌و کینە لە ناو ببرێت!

"جی. پی. ڤاسوانی" دەڵێت:

"عەشق" تەلەسکۆبە، "ڕق" میکرۆسکۆبە.

"ئەو" بێدار بکەرەوە

پیاوێك لە ماڵێکدا کە گڕی گرتبوو خەوتبوو، فریادڕەسان هەرچەند هەوڵیاندا لە پەنجەرەوە رزگاری بکەن بەلام نەیانتوانی. چونکە ئەو زۆر کەنەو قورس بوو. کاتێ هەموو دەستەوسان بوون، کەسێك پێشنیارێکی کرد: "بێداری بکەنەوە خۆی دێتە دەرەوە!"

سەرنج:

دونالد والش، دەڵێت:

لەوە دەچێت لە ژیانی مرۆڤەکاندا کەسانێك هەیە نازانن کە نازانن، ئەوانە وەکو منالن، ئەوانە پەروەردە بکە، ئەوانەی نەزانن، بەلام نازانن کە نەزانن، ئەوانە تامەزرۆو بە پەرۆشن، ئەوانە فێر بکە. ئەوانەی نەزانن، بەلام وادەزانن کە دەزانن، ئەوانە مەترسیدارن، لەوانە دوورە پەرێزبە، کەسانێك هەن کە دەزانن، بەلام بە خۆیان نازانن کە دەزانن، ئەوانە لە خەونی شیریندان ئەوانە بێدار بکەرەوە، کەسانێك دەزانن، بەلام وا خۆیان دەردەخەن کە نازانن، ئەوانە هونەرمەندن، لەگەڵ ئەوانەدا گەشتو سەیران بکە، کەسانێك دەزانن‌و دەزانن کە دەزانن، شوێن ئەوان مەکەوە، چونکە ئەگەر بەخۆیان بزانن کە دەزانن، پێیان خۆش نیە شوێنیان بکەویت، بەلام بەوردی‌و دیقەتەوە گوێ لەوانە بگرەو بزانە چ شتێکیان هەیە بۆ وتن. چونکە ئەو کەسانە ئەوەی تۆ دەیزانیت بە یادی تۆی دێننەوە، ئەوان بەو هۆیەوە بۆ تۆ نێردراوون، تۆیش بە هەمان بیانوو ئەوانت بانگ کردووە.

بەهرە خودایەکان

پیاوێك پیشەکەی خاوێنکردنەوەی کەنار دەریا بوو، ڕۆژانە بڕێکی زۆر لە سەدەفی شکاوو بۆگەنی لە کەنار دەریاکە کۆ دەکردەوە، بەردەوام جنێوو نەفرەتی دەکرد، چونکە کارەکەیان لێ گران کردبوو. هەموو ڕۆژێ کۆی دەکردنەوەو بە بێزاریو ناڕەسەنیەوە ئەم کارەی دەکرد.

ڕۆژێك یەکێك لە هاوڕێکانی پێی وت، خۆی لە بەڵاو ناڕەحەتی ئەم کارە دەرباز بکات، ئەو بە پێزانینو سوپاسەوە پێشنیارەکەی پەسەند کرد. ساڵێك دوای ئەوە هەردووکیان یەکتریان دیتەوە، ئەو هاوڕێ دێرینە داوەتی کرد بۆ کۆشکەکەی خۆی، کاتێ کە گەشتنە کۆشك، ئەو پیاوەی کاری خاوێنکردنەوەی کەنار دەریا بوو نەیتوانی باوەڕ بەم هەموو سەروەتو سامانە بکات، لێی پرسی چۆن توانیویەتی ئەم سەروەتو سامانە بەدەست بێنێت. هاوڕێ دەوڵەمەندەکەی وتی: "من ئەو دیاریەم وەرگرت کە خودا هەموو ڕۆژێك بە تۆی دەبەخشیو تۆ لێی ناڕازی بویت، لە تێکرای ئەو سەدەفانەی تۆ جنێوت پێ دەدا مرواری شاراوە هەبوو!"

سەرنج:

زۆرجار دیاریو بەهرە خودا پێداوەکان، لە قوڵایی ماندوێتیو ئازارەو ناخۆشیەکاندا حەشار دراوون، ئەوە خودی ئێمەیە ئەو بەهرەو خەڵاتانەی خودا بە نەزانی چاوپۆشیان لێ دەکەین.

باشترین گەشت

مارك ئەلبیون، لە كتێبەكەیدا بە ناوی دروستكردنی ژیانو بژێوی، دەربارەی توێژینەوەیەكی ئاشكرا دەڵێت: دوو ڕەهەندی تەواو جیاواز هەیە:

توێژینەوەیەك لەسەر دەرچوانی زانكۆیەكی بازرگانی كە ١٥٠٠ كەس لە ساڵی ١٩٦٠ تا ساڵی ١٩٨٠ ی خستە ژێر لێكۆڵینەوە، كە دەرچوان بوون بە دوو دەستەوە.

دەستەی یەكەم: ئەو كەسانە بوون دەیانوت، سەرەتا پارە بەدەست بێنن‌و هەر كارێكیان بۆ ڕەخسا ئەنجامی بدەن، واتا سەرەتا گرفتی بژێوی‌و دارایی یەكلایی بكەنەوە، پاشان كارەكانی دیكەی ژیان.

دەستەی دووەم: ئەو كەسانە بوون بەدوای خولیای راستەقینەی خۆیاندا دەگەڕان، لەو باوەڕەدا بوون كە سەرەنجام پارە خۆی دێتە بەردەستیان.

لە كۆبەندی ١٥٠٠ كەس لەم توێژینەوەیە، ئەو كەسانەی سەر بە دەستەی یەكەم بوون ٨٣٪ واتا ١٢٤٥ كەس‌و دەستەی دووەم كە شوێن خولیای خۆیان كەوتبون، ١٧٪ واتا ٢٥٥ كەس بوون، دوای بیست ساڵ

١٠١ کەسیان لێ بویە ملیۆنێر، لە هەردوو دەستەکە، یەك کەس لە دەستەی یەکەمو سەد کەس لە دەستەی دووەم بوون.

سەرنج:

دەبێت کارێك هەڵبژێرین مایەی عەشقو خولیاو حەزی خۆمان بێت ئەگەر کار تەنها وەکو ئەنجامدانی ئەرکو دەرامەت بێت، ماندوو ئامێزو مایەی بێزاری دەبێت، کەمو زۆربونی دەرامەت پەیوەستە بە جۆری کارەکەوە، ئەگەر کار بەپێی حەزو ئارەزوو بێت، دەرامەتێکی باش بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

رۆژێك لە فەرمانڕەوایەکیان پرسی:

"تۆ چە ساڵێك لەمەوبەر پینەدۆزێك زیاتر نەبویت، چۆن بویتە فەرمانڕەوا؟"

لە وەڵامدا وتی:

"ئاخر من پینەدۆزێکی باش بووم!"

"جوبران خەلیل" دەڵێت:

کار بە عەشقو پەرۆشیەوە چیە؟ کار بە عەشقەوە ئەمەیە پارچەیەك بچنیت بە هیوای ئەوەی مەعشوقەکەت لەبەری بکات، کار بەعەشقەوە ئەمەیە، خانویەك بە خشتی عەشقەوە دروست بکەیت، بە هیوای ئەوەی خۆشەویستەکەت تێیدا دەژی، کار بە عەشقەوە ئەمەیە، تۆوێك بە

میهرەبانیەوە بچێنێت بەچێژو پەرۆشەوە دروێنەی بکەیت، وەك ئەوەی مەعشوقەکەت لێی دەخوات، دواجار کار بەعەشقەوە ئەمەیە بەهەناسەی خۆتەوە بژیتو وابزانیت هەموو دنیا چاوی لەسەر تۆیە."

"ئەدیسۆن" یەکێ لەو کەسە مەزنانە بوو، عەشقێکی فراوانی بەکاری خۆی دەبەخشی، لە شەوو رۆژێکدا شانزە سەعاتی لە تاقیگەدا بە خوێندنەوەو توێژینەوەو تاقیکردنەوە تەواو دەکرد، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا لەم کارو چالاکیانە ماندوو نەبووی وتی: "من شانزە سەعات کار ناکەم، بەڵکو شانزە سەعات لە گەشتو سەیراندام!"

باوەڕ بە خۆت بکە

کوڕی پیاوێکی ماڵوڕچن، لە نێو هاوڕێکانیدا باسی لە توانایی بێ وێنەی خۆی دەکرد، هەوڵی دەدا بیسەلمێنێ لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگدا دەتوانێ جوانترین‌و نایابترین ماڵور بچنێت، هاوڕێکانی گومانیان لەو قسەیەی دەکرد، ئەمەش وایکرد ئەو زیاتر بیەوێ ئەو قسەیەی خۆی بسەلمێنێ، کەسێك لە نزیکەوە ئاگای لەم مشتومڕەی نێوانیان بوو وتی "گریمان هەمومانت قایل کردو باوەڕمان پێکردیت کە تۆ توانای ئەنجامدانی ئەم کارەت هەیە، بەڵام ئەگەر خودی خۆت باوەڕت نەکرد، ئەوکاتە ناتوانایی خۆتمان بۆ دەردەکەوێت، دوای ئەوەش قسەکانی تۆ جێگەی متمانەی هیچ کەسێك نابێت.

سەرنج:

کاتێ باوەڕی تۆ دەربارەی کارامەییەکانت زیاتر بێت لەوانەی دەوروبەری خۆت، چیتر باوەڕ پێکردن یان باوەڕ پێنەکردن هیچ گرنگیەکی نابێت بەلاتەوە.

تەممەڵتر

ژن و مێردێك دوای بەسەر بردنی ڕۆژێك کاری سەخت، بە شەکەت و ماندوێتیەوە دەچنە ژوری نوستنەکەیانەوەو لێی رادەکشێن، بەڵام هەردوکیان بیریان نابێت کە گڵۆپەکان بکوژێننەوە، لەوەی کە ناتوانن بەو ڕوناکیەوە بخەون هەریەکەو لە شوێنی خۆیەوە دەست دەکات بە بۆڵەکردن.

پاش دوو سەعاتێك ژنەکە بە مێردەکەی دەڵێت: "ئازیزەکەم باشترە گڵۆپەکان بکوژێنیتەوە. بەڵام من ماندووم ناتوانم هەستم، گڵۆپەکان بکوژێنمەوە."

مێردەکەی دەڵێت: "من دوو سەعات پێشتر لەم خەیاڵەدا بووم، بەڵام لەبەر ماندوێتی نەمدەتوانی ئەم قسەیە بکەم!"

"گاندی" دەڵێت:

تەممەڵی لەهەر نەخۆشیەکی کوشندە کوشندەترە.

دیل کارنگی دەڵێت،

بەدبەختی مرۆڤ لە نەفامیەوە نیە، لە تەممەڵیەوەیە.

"کیم وو جۆنگ" دەڵێت،

ژیان لەوە بەنرخترە بە بێکاری و تەممەڵی بەڕێ بکرێت.

پزیشك

پیرەژنێك چاوەكانی بە باشی نەیان دەبینی، پزیشكێكی بانگ كردە ماڵەوە بۆ چارەسەكردن، پزیشك بە مەرهەمێك پشتی چاوەكانی مەساج دەكرد، هەركاتێ چاوەكانی بە پیرەژن دەنوقاند، كەلو پەلی ماڵەكەی بە بێدەنگی دەدزیی، كاتێ هەموو كەلوپەلەكانی پیرەژنەكەی دزی، پێی وت دەرمانەكە تەواو بوو، داوای پارەكەی لێكرد، بەڵام پیرەژن ئامادە نەبوو هەق دەستەكەی پێ بدات، ناچار پزیشك، پیرەژنی برد بۆ دادگا.

پیرەژن بەرگری لە خۆی كردو وتی: "ئەو بەڵێی پێدام دوای ئەوەی چاكبومەوە هەق دەستەكەی وەربگرێت، هاوكات چاوەكانی لە جاران خراپترن. ئەو بە قازیی دادگای وت: پێش ئەوەی ئەو دەرمانەم بۆ بەكاربێنێ من هەموو كەلوپەلی ناو ماڵەكەی خۆم دەبینی، كەچی ئێستا هیچ شتێك نابینم!"

سەرنج:

هەندێ كەس هێندە دیلی بەدەست هێنانی دەرامەتی نادروستن، كە شكۆی كارو پیشەكەیان دەخەنە ژێر پێیانەوە.

"دنیس فیتلی" دەڵێت:

بنەمای سەرەکی شەرافەت، بەرگریکردنە لە باوەڕی خۆت لە بەرامبەر فشارە گەورە کۆمەڵاتیەکان.

لەم چیرۆکە ڕامێنن:

ئەو رۆژە بۆ پەرستارێکی تازە کار یەکەم رۆژ بوو لە هۆڵی نەشتەرگەریی پزشکیدا ئامادەبوو،پەرستار بەرپرسی هەموو کەستەرە پێویستەکانی هۆڵی نەشتەرگەریی لە ئەستۆدا بوو، بۆیە دڵنیابوو پێش دەسپێکی نەشتەرگەریی هەموو کەرەستەکان ئامادەیە. دوای تەواوبونی نەشتەرگەریەکە، پەرستار بە پزیشکەکەی وت ئەو تەنها یانزە گازی ئیستریلی لەبەر دەستدا کۆ کردۆتەوە هاوکات دوانزە گیرەی بەکارهێناوە دەبێت ئەو یەك دانەیە بدۆزینەوە، پزیشکەکە بە گرژو مۆنیەکەوە وتی: "ئەوە لە ئەستۆی منە لێی گەڕێ! " تکایە درەنگە شوێنی هەڵدڕینەکە بدورەوە، پەرستارەکە دووبارە وتی: "نەخێر، نابێ مۆڵەتی دورینەوە بدەیت، تکایە بیر لە نەخۆشەکە بکەرەوە ! "

پزیشك قاچی خۆی بەرز کردەوە گیرە وونبوەکە دۆزرایەوە، ئەو بە پێکەنینەوە بە پەرستارەکەی وت: "کاری تۆ نایاب بوو، چ لێرەو چ لەهەر نەخۆشخانەیەکدا بیت، سەرکەوتوو دەبیت."

"جوبران خەلیل دەڵێت":

کەسێك مەرامی ئەوە بێت بە هۆی کارێکی شەریفەوە بەرەو پێش بچێت، هەرگیز شەرافەتی کار پێشێل ناکات.

بەرەو ژوورتر

سەردەمێك وشكە ساڵیی لە وڵاتێكدا بڵاو بویەوە، دانەوێڵە كەمی كردو گرانی باڵی كێشا، بازرگانێكی گرانفرۆش و بێ ویژدانێك هەبوو، كە دانەوێڵەیەكی زۆری هەبوو، نانەواكان هاتنە لای ئەو، بازرگان وتی: "كیلۆی گەنمتان بە چەند دەوێت؟" ئەوان نرخی رۆژیان پێ وت، بەڵام بازرگان وتی سەركەوون!

نانەواكان كەمێك نرخەكەیان بەرز كردەوە، بەڵام بازرگان وتی: "كەمێكی دیكە سەركەوون، هەر بەو جۆرە بە چەند قۆناغێك نانەواكان نرخەكەیان بەرز كردەوە، بەڵام بازرگان هەر بەدڵی نەبوو، تا بەنرخێكی گران گەنمەكەی پێ فرۆشتن، زۆری نەخایاند قاچی بازرگان توشی نەخۆشی بوو، بۆ چارەسەركردن رۆشتە نەخۆشخانە، ئەنجومەنی پزیشكان دوای ئەوەی پشكنینیان بۆ كرد بڕیاریاندا قاچی لە پاژنەیدا ببڕنەوە، بەڵام پزیشكەكان قایل نەبوون بە بڕیارەكەی ئەنجومەن و وتیان دەبێت لە سەروو ترەوە بیبڕینەوە!

بازرگانەكە رازی بوو بەوەی لە ئەژنۆیدا بۆی ببڕنەوە، بەڵام دووبارە پزیشكەكان رازی نەبوون، وتیان دەبێت لەسەروو ترەوە بیبڕینەوە،

سەرەنجام لە ڕانیدا قاچیان بۆ بڕیەوە، بازرگانەکە هەموو سەروەتەکەی لە چارەسەرو بڕینەوەی قاچیدا خەرج کرد.

سەرنج:

هەر مەبەستێکت هەیە، یان هەر کارێك ئەنجامی دەدەیت، دەستاو دەست دەکاتو هەمان ئەو شتە بۆ خۆتان دەگەڕێتەوە.

ئەمانەتداریی

لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عەبدولمەلیك مەروان، پیاوێکی بازرگان هەبوو، هەموو کەسێك بە ئەمانەتدارو دەسپاکیان دەزانی، ئەو لە بازاری دیمەشقدا هێندە جێی متمانەی خەڵکی بوو، کە بازرگانەکان کاڵاکانیان لای ئەو دادەنا، تا بە هەر نرخێك بووە ئەو بیفرۆشتایە.

بازرگان لە یەکێك لە مامەڵەکانیدا، لە ڕێگەی ڕاستو ئەمانەت لایداو خیانەتی کرد، هەواڵی ئەم کارە کەوتەوە بەر گوێی خەڵکی، لەو ڕۆژەوە متمانەو کەسایەتی کەوتە لەرزینو لە دەستچوو، لەوە بەدواوە هیچ کەسێك ئەمانەتی لای ئەو دانەدەنا، وردە وردە پیشەو کارەکەی بەرەو نلزمان شکست ملی ڕێیان گرت.

کوڕی بازرگانەکە کە لاوێکی زیرەكو هۆشیار بوو، لەم بەسەرهاتەی باوکی پەندی وەرگرت، ئەو هەستی کرد بەوەی خیانەتێك شەرەفو ئابڕوی مرۆڤێك بەر با دەداتو ژیانی سەر بەرزی بۆ دەگۆڕێت بە زەلیلیو ڕسوایی، بۆیە بڕیاریدا هەرگیز نزیکی خیانەتو تاوان نەکەوێت، هەمیشە دەستپاکیو ڕاستگۆیی بکاتە پیشەی خۆی.

ڕەفتاری شیاوی لاوەکە بووە مایەی شۆرەتو سەربەرزی، هاوسێیەکی هەبوو پیشەی ئەفسەری سوپا بوو، لەلایەن عەبدولمەلیکەوە فەرمانی پێکرا لەگەڵ سەربازەکانیدا بچێت بۆ بەرەی جەنگ، ئەو پێش ئەوەی بەڕێکەوێت، ئەم لاوەی بانگ کردو تێکرای سەروەتو سەرمایەکەی کە دە هەزار دینار بوو سپاردی بەو ووتی: "ئەم ماڵەی من ئەمانەت بێت لای تۆ، من دەچم بۆ جەنگ، ئەگەر نەکوژرام خۆم لێت وەردەگرمەوەو پاداشتی ئەمانەتداریت پێ دەبەخشم، ئەگەر کوژرام، هەر کاتێ زانیت ژنو منداڵەکانم لە ژیاندا ناڕەحەت بوون، یەك لەدەی هەڵگرە بۆ خۆتو پاشماوەکەی بدە بەوان تا ئابرومەندانە بژین، ئەفسەرەکە ڕۆشتو پاش ماوەیەك هەواڵی کوژرانەکەی بڵاو بویەوە، باوکی لاوەکە واتا بازرگانە شکست خواردوە خیانەتکارەکە وتی: "کەس نازانێت ئەو ئەفسەرە ئەمانەتی لای تۆ داناوە، منیش ئێستا لەو پەڕی شکستو ناکامیدام، بۆیە کەمێك لەو پارەیە بدە بەمن، هەرکاتێ هەستامەوە بۆت دەگەڕێنمەوە."

لاوەکە وتی: "باوکە! تۆ بەهۆی خیانەتو ناپاکیەوە بەمجۆرە ڕۆژت ڕەش بوو، ئەگەر پارچە پارچەم بکەن من خیانەت لەو ئەمانەتە ناکەمو خۆم بەدبەخت ناکەم.

ماوەیەك تێپەڕی، منداڵەکانی ئەفسەرە کوژراوەکە تەنگ دەست بوونو هاتنە لای لاوەکەو داوایان لێکرد نامەیەك بۆ عەبدولمەلیك بنوسێتو لە هەژاریو تەنگدەستی ئەوان ئاگاداری بکاتەوە، بەڵکو هاوکاریەکیان بکا. لاوەکە نامەی نوسیو دایە دەستیان. بەڵام ئەنجامێکی نەبوو، چونکە عەبدولمەلیك وەڵامی دابویەوە هەرکەسێك بکوژرێت ناوی لە دەفتەری

بەینولمالدا دەکوژێتەوە.

کاتێ لاوەکە لەوەلامەکەی عەبدولمەلیکو هەژاری منالەکان ئاگادار بویەوە، بەخۆی وت: "ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پارەکەیان پێ بدەمو لەو هەژاریو تەنگدەستیە رزگاریان بکەم." دەستبەجێ منالەکانی بانگ کرد بۆ مالی خۆیو پێی وتن: "باوکی ئێوە دە هەزار دیناری بە ئەمانەت لای من بۆ داناوون وەسێتی کردووە لە رۆژی تەنگانەدا بیدەم بە ئێوەو دە یەکی بۆ خۆم هەلگرم." منالەکان لە بیستنی ئەم هەوالە خۆشحال بوونو وتیان: "ئێمە دوو بەرامبەری وەسێتەکەی باوکمان دەدەین بە تۆ."

لاوەکە پارەکەی بۆ هێنانو ئەوانیش دوو هەزار دیناریان پێ بەخشیو هەشت هەزار دیناریان هەلگرت، چەند رۆژێک بەسەر ئەم رووداوەدا تێپەریو عەبدولمەلیک دوای وەلامی نامەی منالەکانی ئەفسەرەکە ناردی بە دوایانداو بۆ دەرباری خۆی دلوەتی کردن، پرسیاری لە بارودۆخیان کرد، ئەوانیش کاری ئەمانەتداری لاوەکەیان بۆ عەبدولمەلیک گێرایەوە.

عەبدولمەلیک سەرسام بوو، دەستبەجێ لاوەکەی بانگ کردو، دەستخۆشیو ستایشی لە ئەمانەتداری ئەو کردو پلەی خەزنەداری ولاتی پێ سپارد، وتی: "من هیچ کەسێک شک نابەم مەرجی وەفاداریو دەستپاکی تێدا بێت."

سەرنج:

شتە بچوکەکان بەراستی بچوکن، بەلام ئەمین بوونو دەستپاکی لە شتە بچوکەکاندا بەراستی کاری مەزنە.

ئەرکی خۆتان پشتگوێ مەخەن

مورێدێك هاتە لای مورشیدەکەی وتی: "ساڵانێکە بە نوای نوردا دەگەڕێم. پێم وایە لێی نزیك بومەتەوە، دەمەوێ بزانم هەنگاوی نواترم چیە؟"

مورشید وتی: "ژیانت چۆن بەسەر دەبەیت؟"

مورید وتی: "هێشتا فێری کارێك نەبووم، باوکو دایکم هاوکاریم دەکەن، وابزانم ئەوەش هێندە گرنگ نیە."

مورشید وتی: "هەنگاوی نواتر ئەمەیە، نیو خولەك چاو لە خۆر ببڕیت."

مورید بە قسەی کرنو نوای نیو خولەك، مورشید بە قوتابیەکەی وت دیمەنی دەوروبەری باس بکات.

قوتابی وتی: "لەژێر کاریگەری تیشکی خۆردا هیچ نابینم."

مورشید وتی: "کەسێك تەنها بەنوای نوردا بگەڕێت لە ژێر ئەرکەکانی دەردەچێت، هەرگیز نور نادۆزێتەوە، کەسێك هەمیشە لە تیشکی خۆر بڕوانێت، نابینایی چاوەڕوانی دەکات."

سەرنج:

کەسانێک هەمیشە بە دوای خودادا دەگەڕێن و بەدوایدا سەرگەردان، ئەو نادۆزنەوە، بەڵام ئەوانەی لە جیاتی گەڕان دەست بە ژیانێک دەکەن لەسەر بنەمای خولستەکانی خودا، خودا دەدۆزنەوە، دۆزینەوەی خودا بە ژیانێک بە پێی ئەوەی ئەو دەیەوێت، مەحاڵ نیە نەک گەڕان بەدوایدا

"ج. پی. ڤاسوانی" دەڵێت:

لێم پرسی: "تۆ کێیت؟"

وتی: "گەڕیدە."

وتم: "بەدوای کێدا دەگەڕێیت؟"

وتی: "خودا."

بە خۆمم وت: "نابێت بەدوای خودادا بگەڕێم، تەنها دەبێ ببینم.

ئەو لە ئەستێرەکانەوە دوور نیە.

لەهەر جێیەک بین، خودا لەوێ بونی هەیە.

خودا لێرەو، لەوێو لەهەموو جێیەکە.

تەنها دەبێت چاوی دڵمان بکەینەوە."

سەرەرۆیی

نزیکەی سەد ساڵ لەمەوبەر یەکێك لە پزیشکە بە تەمەنەکانی گوندێك بە دروشکەو ئەسپ بەرەو شار بەڕێکەوت. لە بەردەمی دەرمانخانەیەکدا دابەزی‌و لەگەڵ گەنجترین کارمەندی ئەوێ سەرگەرمی قسەکردن بوو. پزیشکی پیر هەوڵی دەدا تا شتێکی پێ بفرۆشێت. پاش ماوەیەك پزیشك بەرەو گالیسکەکەی رۆشت‌و مەنجەڵێك و کەوگیرێکی دارینی گەورەی هێنا نیشانی ئەو کوڕە گەنجەیدا، پیاوەکە بە دیقەتەوە لە مەنجەڵەکە ورد‌بویەوە، دەستیکرد بە گیرفانیدا‌و پێنج سەد دۆلار، واتا هەموو پاشەکەوتەکەی دا بە پیرەمێرد، پزیشکی پیر پارچە کاغەزێك کە ڕێنما‌و ڕێنماییەکی ئەفسوناوی لەسەر نوسرا بوو، دایە دەستی پیاوە گەنجەکە. وشەکانی سەر ئەو کاغەزە هیوا بەخشی ئاییندەیەکی درەوشاوە بوو: ئاییندەیەك نە ئەو پیرەمێردە پێی زانی بوو نە گەنجەکەش، پزیشکی پیر لەوەی کە توانیبوی مەنجەڵ‌و ناواخنەکەی بەو پارەیە بفرۆشێت خۆشحاڵ بوو، گەنجەکەش لە ڕەخسانی ئەم دەرفەتە خۆشحاڵ بوو. ئەوەی

ئەنجەکە کڕیبوی لەراستیدا بێجگە لە بیرۆکەیەك هیچی دیکە نەبوو! پاشماوەی چیرۆك شوێنی تایبەتی لە مێژوودا هەیە، ئەو پیاوە ناوی "ئاساچندلر" کە مەنجەڵە کۆنەو ناواخنی کاغەزەکە بوونە هۆکاری خولانەوەی کۆکا کۆلا لە سەرانسەری جیهاندا.

سەرنج:

گەورەترین هەڵەی ژیانی هەر کەسێك ئەمەیە لە هەڵە بترسێت!

سەرەڕۆیی ئەگەری شکستی هەیە، بەڵام دەبێ بزانین تەنانەت سەرکەوتوترینی مرۆڤ، ئەو کەسانەن کە چاونەترس و سەرەڕۆییەکی زۆریان کردووەو شکستیان خواردووە، بەڵام نائومێد نەبوون! کاتێ دەمانەوێ سەرەڕۆیی بکەین، لەناخەوە دەلەرزین، پشت بە خودا دەبەستین.

ئەدیسۆن لەو باوەڕەدایە کە:

گەر لە شوێنێك بەها بە مرۆڤ بدەن، لەو شوێنە مرۆڤایەتی گەشە دەکات، گەر بەها بە سەرەڕۆیی و چاونەترسی بدەن، بەدی هێنان دێتە ئاراوە.

"نۆرپیپدۆس" دەڵێت،

بوێریی، وەك ئەمەیە منداڵ فێری قسەكردن بكەن.

"لیوبوسكالیا" ئەم كورتە چیرۆكە دێنێتەوە،

یەكێك لە جوانترین ئەو شتانەی تا ئێستا دیبێتم لە پاركێكدا ڕوویدا.
دایك و باوكێك منداڵەكەیان هێنابووە پاركێكەوە، منداڵەكە خەریكبوو بەرەو دەریاچەكە دەڕۆشت، باوكی بە دیتنی ئەم دیمەنە هەوڵیدا ڕێگری لێ بكات، دایكی بە پەلە چووە بەردەمی باوكی منداڵەكەو وتی: "لێگەڕێ با بڕوات." منداڵەكە بەرەو پێشەوە ملینا، ئەم چیرۆكە كۆنابیەكی خەم ئامێزی نیە. منداڵەكە نەخنكا، دڵنیام دڵی دایكی خەریكبوو لە لێدان بكەوێ، بەڵام باڵای مرۆڤ پەیوەستی بە قبوڵكردنی مەترسیكردن و سەرەڕۆییەوە.

بۆ هەموو شتێك حیكمەتێك هەیە

سالآنێكی رابوردوو خێزانی كلارك ئارەزوویان دەكرد، كلارك و هاوسەرەكەی بە سەختی كاریان دەكردو دەرامەتەكەیان دەخستە بانكەوە بە مەبەستی ئەوەی بە خێزانی واتا بە نۆ منالەوە بچن بۆ ئەمریكا.

سالآنێكی خایاند، بەلآم هەرچۆنێك بوو پارەی تەواویان كۆ كردەوەو پاسپۆرتیان تەواو كردو بلیتی كەشتییان بڕی و چاوەڕوانی رۆژی دەرچوون بوون، ئەم هەنگاوە دلێرانەیە هەموو خێزانەكەی وروژاندبوو، بەلآم چەند رۆژێك پێشتر سەگێك بچوكترین كوڕی خێزانەكەی گەست!

پزیشكی چارەسەر قاچی كوڕەكەی تیمار كردو ئەگەری توشبونی بە نەخۆشی هاری بۆ كرد. ئەو خێزانە دەبوو لە ماوەی چواردە رۆژدا لە "قرنتینە" بونایە، خەونی خێزانەكە لە ناوچوو، ئەوان نەیانتوانی بە پێی بەرنامەكەی خۆیان بچنە ئەمریكا.

باوكیان بێ هیوایی و نیگەرانی بالی بەسەردا كێشابوو، لە رۆژی سەفەركردنەكەیدا رۆشت بۆ بینینی دەرچونی كەشتیەكە بە بێ خێزانەكەی كلارك، لە ناڕەحەتیدا دەستیكرد بە گریان و نەفرەتكردن لەو بەدشانسیە.

پێنج ڕۆژ دواتر هەواڵێکی ترسناکو دڵتەزێن گەیشتەوە بە خەڵکی سکۆتلەنداو جیهانی هەژاند: "کەشتیە گەورەکەی تایتانیك نوقم بوو." ئەو کەشتیەی کە دەیانوت هەرگیز نوقم نابێت، چووە قوڵایی ئۆقیانوسو سەدان ژیانو خەونی لەگەڵ خۆیدا لەناوبرد. بریار بوو خێزانەکەی کلارك لەو کەشتیەدا بن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کوڕە بچوکەکیان سەگ گەستبوی لەشارەکەی خۆیاندا مانەوە.

کاتێ کلارك ئەم هەواڵەی بیست، کوڕەکەی لە ئامێز گرتو سوپاسی خودای کرد کە خێزانەکەی پاراستووە، ئەوەی وایاندەزانی کارەساتە گۆرا بە خێرو خۆشی.

سەرنج:

هەندێجار تێپەڕینی زەمەن دەیسەلمێنێ ئەو رودلووەی ئەمڕۆ بە کارەساتو بەڵای دەزانین، کۆمەکو پاراستنی ئیلاهی بووە.

گەورەیەك دەڵێت:

ویستەکانی خودا شاراوەن، بەڵام هەمیشە لە بەرژەوەندی بەندەکانە. فەرامۆشی نەکەین... بارانی ڕەحمەتی پەروەردگار هەمیشە دەبارێت، ئەوە سوچی ئێمەیە کاسەکانمان بە پێچەوانەوە دەگرین.

- لەدەستدانی هەموو شتێك‌و بەدەست هێنانی هەموو شتێك گرنگ نیە، گرنگ ئەمەیە چی لەدەست دەدەن؟ چی بە دەست دێنن؟
- گرنگ نیە لە بارەی تۆوە چۆن بیر دەکەنەوە، گرنگ ئەمەیە هێندە گرنگیت کە دادەنیشن‌و لە بارەی تۆوە بیر دەکەنەوە.
- ئەوەی لە دڵدا پەروەردەی بکەن، بە چاوی خۆتان دەیبینن!
- ئەو کارەی کەسێك دەتوانێت ئەنجامی بدات، تۆش دەتوانی، گەر تا ئێستا کەس ئەنجامی نەداوە، تۆ دەتوانی یەکەم کەس بیت.
- گەورەترین ئاگرکەوتنەوەی دنیا، دەتوانی بە کوپێك ئاو بیکوژێنیتەوە، بەو مەرجەی لەکاتی خۆیدا فریای بکەویت.
- ئەزمونەکانی کەسێکی شکست خواردوو، بە نرخترە لە سەرکەوتنەکانی کەسێکی بێ ئەزمون.
- زەینی مرۆڤ وەکو چەترە، تەنها کاتێ بە کەڵکە هەڵدرابێت.
- باشترە بۆ شتێك بجەنگییت، تا لەدژی شتێك.
- خاوەنداری ئاسمان بە ناوی کەسانێکەوە نوسراوون، دڵبەستەی زەوی نەبن.

- کاتێ چارۆکەیەکی گەورە دەبەستن لە بەلەمێکی بچوك، دانیشەو تەماشای نوقمبونی بکە.
- فێری چاوەڕانیکردن بن.
- ئێمەی مرۆڤ ئاتاجی یەکترین، هیچ مۆمێك بە داگیرسانی مۆمێکی دیکە ناکوژێتەوە.
- هەرگیز لە میانەڕەویدا، زیادەڕەویی مەکە.
- بۆ دیتی بەهار دەبێت زستان تێپەڕێنیت.
- ڕۆژ خۆر دروست دەکات، ڕۆژگاریش ئێمە.
- بچوکترین شتی مانادار، لە گەورەترین شتی بێ مانا بەنرخترە.
- هیچ ڕوداوێك بە ڕێکەوت لە دنیادا ڕوو نادات.
- خودا دوو دەستی پێ بەخشیوین، یەکێك بۆ وەرگرتن، یەکێك بۆ بەخشین، ئێمە خەزێنەی شتە دروستکراوەکان نین، بەڵکو کەناڵێکی گواستنەوەین.
- ئەگەر لە هەر شتێك باشترینەکانت نیە، لە هەر شتێك کە هەتە باشترین سوود ببینە.
- بەختەوەری نادۆزرێتەوە، دروست دەکرێت.

جوتیاری توڕە

جوتیارێك زۆر نیگەرانی ڕێویەك بوو کە زیانی لێدا بوو، کاتێ تەڵەی بۆ نایەوە ڕێویەکە کەوتە داو، ویستی تۆڵەیەکی سەختی لێ بکاتەوە. گوریەیەك پوش و پەڵاشی بەست بەدەمی ڕێویەکەوە ئاگری پێوەناو بەرەڵای کرد، ڕێویکە کاتێ بە ناو خەرمانی گەنمەکەیدا ڕایدەکرد، جوتیارەکە بەدوایدا رایدەکردو دەیکێشا بەسەری خۆیدا بۆ ئەو بەدبەختی و نەهامەتیەی بە دەستی خۆی هێنای بەسەر خۆیدا.

گاندی دەڵێت:

هەمانشێوە ئەگەر گەرمی جڵەو بکرێت، دەگۆڕێت بۆ وزە، توڕەیش کاتێ جڵەو بکرێت دەگۆڕێت بۆ هێزێك جیهان دێنێتە لەرزین.

شوشەی پەنجەرە

پیرەمێردێك بە تەنیا لە ماڵەکەی خۆیدا دەژیا، سکاڵای لای خانمێکی هاوسێی کرد کە بینایی چاوەکانی هێندە لاواز بوون چیتر ناتوانێ لە پەنجەرەی ماڵەکەیەوە جوانیەکانی دنیا ببینێت.

ژنەکە سەرنجیدا شوشەی پەنجەرەکانی پیرەمێرد تەپو تۆزاوی بووە، بۆی شۆردو خاوێنی کردەوە، پیرەمێرد لەوەیکە دەیتوانی هەموو شتێك وەکو جاران ببینێتەوە، زۆر خۆشحاڵ بوو، خانمی هاوسێی پێی وت: "ئەوە بینایی چاوەکانی تۆ نیە کەلاواز بووە، بەڵکو تۆ بوارت داوە کە شوشەی پەنجەرەکانت پیس بن."

سەرنج:

گەر بوار نەدەین پەنجەرەی دڵو دەرونمان پیس ببێت، هەرگیز خودامان لەبەر چاو وون نابێت، بەمشێوەی گەر هەنگاو بۆ هەر شوێنێك بنێین تروسکەی روناکی عەشقو خۆشەویستیمان لەگەڵ دەبێت.

خودا میهرەبانە

باخێك پڕ بوو لە درەختی سێو، جوتیاری پیر خەریکی ئاودانی درەختەکان بوو. لەم کاتەدا جوتیارەکە دەنگی ناخۆشی قەلەڕەشکەیەکی بیست. قەلەڕەشکە لەسەر یەکێك لە درەختەکان نیشتەوە دەستیکرد بە دەنوك لێدان و چەند سێوێکی کون کردو خستیە خوارەوە! پیرەمێر لەم کارە زۆر تورە بوو بەردێکی تێکرت و هەڵفڕاند، بەڵام هێشتا دەیبۆڵاند: ئاخر... نەفرەتی تۆ کە سێوەکان ناخۆیت، بۆچی خراپیان دەکەیت؟!

کاتێ کاری ئاودێریەکەی تەواو بوو، پیرەمێرد لە ژێر یەکێك لە درەختەکاندا دانیشت تاکو پشوویەك بدات، بینی مشکێکی زۆر خەریکی خواردنی سێوەکانن.

سەرنج:

خوای میهرەبان رۆزیدەری هەموو گیانداران و تێکرای دروستکراوەکانە، هەر بونەوەرێکی کردۆتە هۆکاری نەهێشتنی گرفتی بونەوەرێکی دیکە.

چەتری رزگاری

چارلز پلوم، یەکێ لە فرۆکەوانەکانی هێزی دەریایی بوو، دوای حەفتاو پێنج چالاکی جەنگی، فرۆکەکەی بە موشەکێکی زەمینی پێکرا، پلوم خۆی هەڵدایە بۆشایی ئاسمان‌و دوای هاتنە خوارەوەی لەلایەن دوژمنەوە بە دیل گیرا.دوای دەستگیرکردنی بۆ ماوەی شەش ساڵ لە یەکێك لە زیندانەکانی دوژمندا بەندکرا، ئەو لەم تەنگانەیەدا بەسەلامەتی دەرچوو، ئێستا ئەوەی ئەزمونی لێ وەرگرتووە بەوانە دەیڵێتەوە.

ڕۆژێك چارلزو هاوسەرەکەی لە چێشتخانەیەکدا دانیشتبون. پیاوێك لێیان نزیك بویەوە وتی: "تۆ چارلز پلومیت! لە یەکێك لە نەبەردیە هەوایەکانی جەنگی دوژمندا فرۆکەکەت خرایە خوارەوەو تۆش بە دیلی کەوتیتە دەستی دوژمن."

پلوم وتی: "تۆ ئەمە چۆن دەزانی؟"

پیاوەکە وتی: "من چەتری ڕزگاری تۆم بەست."

پلوم واقی وڕما بوو، هەناسە لە سینەیدا بەند بوبوو، پیاوەکە بە

غوورەوە دەستی رادەوەشاند وتی: "دڵنیا بووم چەترەکە کار دەکات."

پلوم قسەکەی ئەوی پشتراست کردەوە وتی: "بێگومان کاری کرد، گەر کاری نەکردبایە ئێستا من لێرە نەدەبووم."

ئەو شەوە پلوم لە خەیاڵی ئەو پیاوەدا نەیتوانی بخەوێت. ئەو دەڵێت: "زۆرم حەز دەکرد بزانم ئەو بەجلی سەربازیی هێزی دەریاییەوە چۆن بوو. کڵاوێکی سپی‌و دەستڕێك بە پشیتەوە، قایشێکی زەنگوڵەدار، نازانم چەنجار ئەووم دیتوە، تەنانەت بەیانی باشێکم لێنەکردووە، تەنها لەبەرئەوەی من فرۆکەوانێکی جەنگاوەر بووم‌و ئەو مەلەوان." پلوم بیری لەو ساتە کردەوە کە ئەو مەلەوانە لە پشتی مێزێکی دارینی درێژ لە هۆڵەکانی ژێرەوەی کەشتی بەدیقەتەوە چەترەکانی دەپشکنی دەیپێچانەوە بە نیگەرانیەوە چارەنوسی کەسێکی نەناسراوی دیاری دەکرد، ئێستا پلوم لە گوێگرەکانی دەپرسێت: "کێ چەتری ڕزگاری ئێوە دەبەستێت؟"

سەرنج:

هەندێجار لە کێشمە کێشی ژیاندا، فەرامۆشی دەکەین بەراستی چ شتێك گرنگە. ڕەنگە جارێك لە کردنی سڵاوێك، سوپاسێك، پیرۆزبایی کردنێك لەڕوودانی شتێك بۆ کەسێك، باسکردنی کەسێك، یان تەنانەت ئەنجامدانی کارێکی باش، ستایش کردنێك. "من شانازیت پێوە دەکەم" چوار وشەی بەنرخ کە هەمیشە دەتوانی بۆ بەدی هێنانی هەستێکی خۆش یان هەستی گرنگیدان بە کەسانیتر بەکاریان بێنیت، لە هەڵسوکەوت کردن

لەگەڵ کەسانیتر وابزانیت ئەوان ئەوەن کە دەبێت ببنە ئەوە، کۆمەکیان بکەیت ببنە ئەوەی کە تواناییان بەسەریدا دەشکێت.

قەدری تێکرای بەهای کەسەکان هەرچین‌و هەرچی دەکەن بزانیت، کاری هەرکەسێك هەرچیەك بێت، گرنگ‌و پێویستە. بە درێژایی ڕۆژ چڕ بوونەوە لەسەر هەموو کەسەکان‌و سەرنجیان پێ بدەیت. هەوڵ بدەیت لەگەڵ کەسەکان زیاتر تێکەڵاوی‌و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەیت، ڕەنگە گرنگترین ڕۆخی کەسێك پەیوەست بێت بە قسەیەکی تۆوە، بولر بدە خودا بتکاتە ئەو هۆکارە، لەم هەفتەیەدا، ئەم مانگە، یان ئەم ساڵ، ئەوانەی چەتری رزگاری تۆ دەبەستن بناسیت.

حەکیمێك پەنای بۆ تەنیایی بردبوو تا بتوانێت گۆشەنشینو دووربێت لە هەرلو زەنای ژیان، خەریکی خەڵوەت کێشانو تێڕامانی خۆی بێت، رۆژێك ڕێبوارێك ڕێی کەوتە شوێنی گۆشەنیشنی حەکیمەکەو داوای کەمێك ئاوی لێکرد، حەکیم ئاوی پێداو ڕێبوارەکە سوپاسی کردو پاشان لێی پرسی:

"ئەم ژیانە ئارامەی تۆ چ مانایەکی هەیە؟"

حەکیم بە جوڵەی دەست ئاماژەی بۆ ئاوەکە کرد وتی: "لەو ئاوە بڕوانە، چی دەبینیت؟"

ڕێبوارەکە بە دیقەتەوە لە ئاوەکەی ڕوانی، پاشان سەری هەڵبڕی وتی:

"من هیچ نابینم."

پاش کەمێك حەکیم دووبارە ئاماژەی بۆ ئاوەکە کردەوە وتی: "لە ئاوەکە بڕوانە! ئێستا چی دەبینیت؟" پیاوەکە دوبارە لێی ڕوانیەوە وتی: "وێنەی خودا!"

حەکیم وتی: "بەمشێوە وەڵامی پرسیارەکەت درایەوە، کاتێ یەکەمجار لە ئاوەکەت ڕوانی، ڕوبەرەکەی شڵەقاو بوو، تۆ نەتتوانی شتێك ببینیت، ئێستا ئاوەکە ئارامەو ئەنجامی ئارامی ئەمەیە کە مرۆڤ خۆی دەبینێت!"

نزا

لاوێك بە هۆی گرفتێکەوە چووە لای مورشیدێك داوای کۆمەکی لێکرد،

مورشیدەکە لێی پرسی: "ئایا بۆ کێشەکانت نزا دەکەیت؟"

لاوەکە بە سەرسامیەوە وتی: "نزا؟ ئێستا چیتر کاتی نزا کردن نیە، کاتێ ئەوەیە کارێك ئەنجام بدەم!"

مورشید وتی: "نزا کردن، واتا ئەنجامدانی کار، گرنگترین کارێکە بتوانیت زیاتر لە هەر شتێك بۆ گرفتەکانت ئەنجامی بدەیت."

"ئەلێکس کارل" دەڵێت:

مرۆڤ بە هۆی نزا کردنەوە دەیەوێ هێزو توانای خۆی بە هێزێکی لەسەرترەوە واتا سەروو خۆی ببەستێتەوە، تابەم شێوازە بێتە خاوەنی توانای دوو بەرامبەر. لە راستیدا ئێمە بە کردنی نزا خۆمان بە هێزێکەوە گرێ دەدەین کە تێکرای وجودی پێکەوە بەستۆتەوە..

"نۆرمەن وینسنت پیل" دەڵێت:

خودا دەتوانێت ئەو کارانەی لە تۆ ناوەشێتەوەو ناتوانی ئەنجامیان بدەیت ئەو ئەنجامیان بدات، ئەم ڕێنماییە دەریدەخات چۆن کارە مەحاڵەکان ئەنجام بدەین، کێشەکانتان شیکارو دەربارەیان نزا بکەن، هەرکارێکتان لێ دەوەشێتەوە ئەنجامی بدەن، دڵنیا بن، نیگەران مەبن، هەرگیز وا مەزانن ناتوانن ئەم کارە ئەنجام بدەن، بەڵکو بڵێن ئەم کارە ئاسانە، چونکە خودا لەم ڕێگەیەوە کۆمەکی ئەنجامدانم دەکات."

تەماکاریی

ڕۆژێك جوتیارێکی هەژار سەرنجی لانەی قازەکەی خۆیداو هێلکەیەکی زێڕینی بینی، سەرەتا باوەڕی نەکرد هەلگیرتو فڕێیدا! بەڵام بە پەلە پەشیمان بویەوە هێلکەکەی هەلگرتەوە بە دیقەتەوە لێی ڕوانی زێڕی پالفتە بوو. نەیدەتوانی باوەڕ بکات بەختو ئیقبالێکی بەوجۆرە هاتۆتە بەردەمی، بۆ سبەی بەو پەڕی سەرسامیەوە بینی قازەکەی هێلکەیەکی زێڕینی دیکەی کردووە، ئەمە پیشەی ڕۆژانەی قازەکەی بوو! سەرەنجام جوتیارەکە دەوڵەمەند بوو بەسەروەتو سامانێك بەبێ ماندوێتی دەستی کەوتبوو، تەماکاریی‌و چاوچنۆکی خرۆشاو پەلەی بوو زوو ببێتە خاوەنی هەموو هێلکە زێڕینەکان، بۆیە بڕیاری سەربڕینی قازەکەیدا تا هەموو هێلکەکان دەربێنێت، لەگەڵ سەربڕینی قازەکە پەشیمانی بەرۆکی پێگرت، کاتێ سکی قازەکەی هەڵدڕی بینی بەتاڵەو هیچ هێلکەیەکی زێڕینی تێدا نیە، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو، ئەو قازەی هێلکەی زێڕینی بۆ دەکرد سەر بڕا بوو!

سەرنج:

تەماکاریی لە هەموو شتێکدا لە دەستدانی هەموو شتێکە.

فەرامۆشی نەکەین:

هیچ پزیشکێکی ددان ناتوانێت ددانی تەماکاریی پڕ بکاتەوە.

ڕێساکانی دنیای سەرکەوتن

"برایان تریسی" دوای سالآنێك توێژینەوەو ئەزمون، کۆمەڵە ڕێسایەکی بەردەست کردووە بۆ مسۆگەر کردنی سەرکەوتن دەبێ ڕەچاو بکرێن:

هۆکارەکان:

هەرچییەك دەڵێن یان ئەنجامی دەدەن، لە ئارەزووە دەرونیەکان، لە خواستەکانی خۆتانەوە سەرچاوە دەگرێت، کەواتە بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتن دەبێت هۆکارەکان دیاری بکرێن تاکو بە پلانێکی بنەرەتی ئامانجەکانتان بپێکن.

چاوەڕوانی:

ئەگەر بەمتمانەوە چاوەڕوانی ڕوودانی شتێك بن لەدەوروبەری خۆتان، ئەو شتە ڕوو دەدات، ئێوە هەمیشە هاوتای چاوەڕوانی خۆتان کار دەکەن، ئەم چاوەڕوانیەتان لە ڕەفتارو چۆنێتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ دەوروبەری خۆتاندا کاریگەری هەیە.

تەرکیز:

تەرکیز لەسەر هەر شتێك دەکەن‌و بیر لە هەر شتێك دەکەنەوە، لە ژیانی راستەقینەدا ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە دەبێ بیر لەو شتە بکەنەوە کە بەراستی دەیخوازن.

ووو نەریت:

مزیکەی ٩٥٪ ئەو کارانەی ئەنجامیان دەدەین، لەڕووی نەریتو عادەتەوەیە، کەواتە دەتوانین ئەو نەریتانەی سەرکەوتنمان بۆ مسۆگەر دەکەن، لە خۆماندا پەروەردەیان بکەین.

هەڵبژاردن:

ژیانی ئێمە بەرەنجامی هەڵبژاردەکانی خۆمانە، چونکە هەمیشە لە هەڵبژاردنی خەیاڵەکانی خۆماندا ئازادین، جڵەوی تەواوی ژیانو ئەوانەی بەسەرماندا دێت بە دەستی خۆمانە.

بیرکردنەوەی ئەرێنی:

بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنو شادی، بیرکردنەوەی ئەرێنی پێویستە، شێوەی بیرکردنەوەی ئێوە نیشاندەری بەهاکان، بیرو باوەڕو چاوەڕوانی ئێوەیە.

گۆڕان:

گۆڕان، شایەنی دوورنەکەتنەوەیەو ئێمە دەبێ هۆکاری سەرەکی گۆڕان بین، نەک قوربانی.

بەرپرسیارێتی:

هەرکەسێک بیتو لە هەر شوێنێک بیت، لەبەر ئەوەیە خۆت ئەوەت خواستووە، بەرپرسیاریەتی تەواوی ئەوەی کە هەرچیەک بیت لە ئەستۆی خۆتە، ئەوەی بەدەستی دێنیتو ئەوەی دەیخوازیت، لە ئەستۆی خودی تۆدایە.

پاداشت:

ئێمە پاداشتی تەواوی کردارەکانی خۆمان وەردەگرینەوە، هەمیشە بەو دەستەی دەیبەخشین بە هەمان دەست وەری دەگرینەوە.

خزمەت:

ئەو پاداشتانەی لە ژیاندا وەریان دەگریتەوە پەیوەندی راستەوخۆی بە خزمەتکردنی کەسانیترەوە هەیە، هەرچەند زیاتر بۆ باشتر بوونی ژیان‌و بەختەوەری کەسانیتر هەوڵ بدەیت، لە لایەنەکانی دیکەوە پێشڕەوی زیاتر بە خۆت دەبەخشیت.

کارو کاردانەوە:

هەر شتێك بە هۆکارێکەوە ڕوو دەدات، بۆ کارێك کاردانەوەیەك هەیە، شتێك بە ناوی ڕێکەوتەوە بوونی نیە، لە ژیاندا هەرکارێك بخوازیت دەتوانیت ئەنجامی بدەیت، بەو مەرجەی بڕیار بدەیت بە وردی خوازیاری چ شتێکیت، پاشان بیخەیتە مەیدانی کردارەوە.

ناخ:

تۆ دەگۆڕێیت بۆ ئەو شتەی کە زیاتر دەربارەی بیری لێ دەکەیتەوە، کەواتە هەمیشە دەربارەی ئەو شتانە بیر بکەرەوە کە بەراستی دەیخوازیت.

پەیوەندی راستەخۆ؛

ژیانی دەرەکی ئێوە ڕەنگدانەوەی ژیانی ناوەکی ئێوەیە، نێوان جۆری بیرکردنەوەو هەستە دەرونیەکانتانو ئەزمونی دەرەکیتان پەیوەندیەکی راستەخۆ هەیە، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، باری جەستەیی، باری دەرامەتو دارایيو سەرکەوتنەکانتان ڕەنگدانەوەی دنیای ناوەکیتانە.

باوەڕ؛

لە قوڵایی ناختانەوە باوەڕتان بە هەر شتێك هەبێت، دەگۆڕێت بۆ ڕاستی، ئەوەی دەیبینن باوەڕی پێناکەن، بەڵکو ئەوەی دەیبینن کە پێشتر وەکو باوەڕ هەڵتان بژاردووە.کەواتە ئەو باوەڕانەی دەتانگێڕنەوەو ڕێگری سەرکەوتنەکانتان دەبێت بیناسنو لە ناویان ببەن.

بەهاکان؛

جۆری کردارەکانتان هەمیشە لەگەڵ سەرەتاییترین بەهاو بیرو باوەکانی ئێوەدا هەماهەنگە، ئەو بەهایانەی باوەڕتان پێیان هەیە دەریدەبڕن بانگەشەی ئێوە نیە، بەڵکو ئاخاوتنەکان، کردارو بژاردەی ئێوەیە بە تایبەت لە کاتی ناڕەحەتيو توڕە بووندا.

کاریگەریی هەوڵدان؛

هەموو میواکان، خەونەکان، ئامانجو مەبەستەکانمان لە گرەوی سەخت کۆشیدایە، هەرچی زیاتر هەوڵ بدەین، سەرکەوتنی زیاتر مسۆگەر دەکەین.

ئامادەبوون:

لە هەر بوارێکدا کەسانی سەرکەوتوو ئەوانەن کە زۆرترینی کاتەکانیان بۆ ئامادەبونی ئەنجامدانی کارەکان تەرخان دەکەن. کرداری باش دەرەنجامی ئامادەیی تەواوە.

ئاستی توانایی:

ڕەنگە بۆ ئەنجامدانی هەموو کارەکان کاتی تەواوتان نەبێت، بەڵام هەمیشە بۆ ئەنجامدانی گرنگترینی کارەکان کاتی تەواو هەیە، هەرچەند زیاتر کار بکەین زیاتر کارا دەبین، بەڵام دەبێت ئەو کارانە لە ئەستۆ بگرین لە ئاستی توانای خۆماندا بێت.

بڕیاردان:

بڕیاردان خەسڵەتی بنەڕەتی کەسانی سەرکەوتووە. لە ژیاندا هەر بزاوتێك لە ڕێگەی پێشڕەویدا کاتێ ئەنجامی دەبێت کە لەبارەیەوە بڕیارێکی یەکلایی کەرەوەی بۆ درا بێت.

بەدی هێنان:

ناخی ئێمە دەتوانێت دەست ببات بۆ هەر شتێك کە باوەڕمان پێی هەبێت، هەر جۆرە پێشڕەویەك لە ژیاندا بە بیرۆکەیەك دەست پێ دەکات، چونکە تواناکانمان لە دروستکردنی بیرۆکەی نوێدا بێسنورن ئایندەش سنورداربوونی ناوێت.

سەرنەوتنی:

پێوەری باوەڕ بەخۆبون، توانایی بەردەوامبون لە بەرامبەری

سەختیەکان، شکستو نائومێدیەکان، بەردەوامیی خەسلەتی بنەڕەتی

سەرکەوتنە. ئەگەر بە ئەندازەی تەولو بەردەوامبین، بێگومان سەرەنجام

سەرکەوتوو دەبین.

ڕاستگۆیی:

بەختەوەری کاتێک ئامێزمان بۆ دەکاتەوە، کە بڕیار بدەین هەماهەنگ

بە باڵاترین بەهاکانو پتەوترین بیروباوەڕی خۆمان بژین، هەمیشە دەبێت

لەگەڵ باشترینەکانی ناخی خۆماندا ڕاستگۆ بین.

بەختەوەریی:

چۆنێتی ژیانمان هەستەکانمان لە هەر ساتێکدا دیاری دەکات،

هەستەکانیش لێکدانەوەی خۆمان لە ڕاستیەکانی دەوروبەرمان دیاری

دەکات، هەرگیز بۆ ئەوەی ئەزمونێکی خۆشی سەردەمی منالیت هەبێت

درەنگ نیە، هێندە بەسە بەڕابردوودا بچیتەوە ئەو ڕەوشەی بۆ

لێکدانەوەی ئەزمونەکانت هەتبووە بیگۆڕیت.

پەلە کردن:

هەمیشە حەز دەکەین هەرچی زووترە بگەینە ئارەزووەکانمان، بۆیە لە

هەموو لایەنەکانی ژیاندا بێ ئۆقرەین.

دەرفەت:

هەندێجار لە سادەترین دۆخی ژیاندا دەرفەتەکان دەڕەخسێن. بە گریمانەیەکی بەهێز گەورەترین دەرفەتەکان هەمیشە بەر دەستن بۆمان.

گەشە کردن:

ئێوە دەتوانن ئەوەی دەتانگەیێنێتە ئامانجە دیاریکراوەکانتانو پێویستتان پێی هەیە، فێری ببن، ئەوانەی توانای فێربونیان هەیە بە توانان.

بەخشندەیی:

هەرچی زیاتر، بە بێ چاوەڕوانی پاداشت خزمەتی خەڵکی بکەن، خێرو چاکەی زیاتر بە خۆتان دەگاتەوە ئەویش لەو جێیەی هەرگیز چاوەڕوانی ناکەن، لەراستیدا ئێوە بەجۆرێك بەختەوەر دەبن هەست بکەن بە هۆی خزمەتکردنی خەڵکیەوە کەسێکی بە نرخن.

سەرکەوتن چیە؟

"ئیمرسۆن" بەمجۆرە پێناسەی سەرکەوتن دەکات:

دەمێك پێ بکەنەو عەشق ببەخشە

ڕێزی کەسانی ژیرو میهرەبانی بە منالآن ببەخشە،

ڕەخنەی کەسانی راستگۆو دروستکەر پەسەند بکە

ستایشی جوانی بکە

چاکەی کەسانیتر بدۆزەرەوە

بۆ باشتر کردنی دنیا،

هەوڵی بێ پسانەوە بدە

بە پەروەردە کردنی مرۆڤێکی ساغ

یان تێراو کردنو خزمەتکردنی باخچەیەك

یان کۆمەککردنی دۆخی کۆمەڵایەتی

بە جۆش‌و خرۆشەوە یاری بکەو پێ بکەنە

بە دڵخۆشیو شادمانی گرانی بچڕە

قەدری نیعمەتی هەناسەدانێکی ئاسودە بزانە

چونکە تۆ زیندویت

ئەمە دەسکەوتنی سەرکەوتنە...

گەورەیەك دەڵێت:

سەرکەوتوو : "شاعیرێکی ئاسك بینە، کرێکارێکی ماندووە، نوسەرێکی بوێرە، کەسێکی دلێرو پەیام هێنێکی مەزنە!"

دەرفەت

نەوجەوانێك هەموو بەیانیایەك زوو دەچوو بۆ دیتنی مامۆستاكەی، بە تامەزرۆییو بێخەوشیەوە پەندی لێ وەردەگرت، رۆژێك مامۆستا بە نەوجەوانەكەی وت: "چ شتێك هەموو رۆژێك بەیانی زوو تۆ دێنێتە ئێرە، لە كاتێكدا ئەو خەڵكە لە خەونی شیریندان؟ تۆ گەلێك نەجەوانیت، بۆ خەووت لە خۆت حەرام كردووە؟"

نەوجەوانەكە وتی: "گەورەم، رۆژێك دایكم پێی وتم دار بكەمە ناو سۆپاكەوە، كاتێ ئەو كارەم كرد سەرنجمدا كە چیلەكەو دارە بچوكەكان زوتر لە دارە ئەستورو پیرەكان دەسوتێن."

ئەو كاتە بە خۆمم وت: "راستە من نەوجەوانێكم، بەڵام كێ نالێ زوتر لەو كەسانەی من لێیان بچوكترم مەرگ بەرۆكم پێناگرێت، كەواتە نابێت تەمەنم لە خەودا بەسەر ببەم، دەبێت لە تەمەنی نەوجەوانیدا من بێدارو هۆشیار بم، گەورەم ئەم بیركردنەوەیە هەموو رۆژێك دەمخاتە بەردەم دیداری تۆ."

سەرنج:

دەرفەتەكان ئەو كاتە گونجاوانەن كە لە هەلومەرجی جیاوازو كاتو

شوێنی تایبەت زەمینەی ئەنجامدانی کارێکی باش بۆ مرۆڤ لە بار دەکات، مرۆڤ دەبێت لەو کاتانەدا بە باشترین شێوە لێی بەهرەمەند بێت، ئەو خەیاڵەی کە هەمیشە دەرفەت رەخساوە، خەیاڵێکی پووچە هەوڵی فریودانی مرۆڤ دەدات لە بەهرەمەندبونی دروستو خوازراو بێ ئاگای دەکات.

"جۆن راجێر" دەڵێت:

دەرفەتەکان وەکو ئۆکسجینی نێو هەوایە فراوانی بەقەد بەردەستی هەموولنە، باوەڕی هەڵە ئەمەیە کە: "بەخت، تەنها جارێك لە دەرگا دەدات." بەڵام بەهەڵەدا نەچین ئەوەی لێیداوین، دەرفەت بووە نەك ئۆتۆبوس!

کێشەو گرفتەکان، لە راستیدا شانسو دەرفەتێکن بەدەورو بەرمان دەسورێنەوە، چاوی بینایی دەوێت کە لێیان بڕوانێتو سودیان لێ ببینێت، لە ناخی هەر گرفتاریو کێشەیەکدا دەرفەتی گرانبەها حەشار دراوە، ئەو دەرفەتانەی بەو پەڕی تواناوە لە گەورەیی گرفتەکان کەم دەکاتەوە، رازی دەسکەوتنی سەرکەوتن بۆ مرۆڤ لە ژیاندا، ئامادەبونە بۆ قۆستنەوەی دەرفەتەکان، پیاوە ئازاکان دەرفەت دەخولقێنن، ترسنۆكو لاوازەکان لە چاوەڕوانی دەرفەتدا دەستەو ئەژنۆ دادەنیشن."

بڕیاردان

بەڕێوەبەری یەکێك لە کۆمپانیا پیشەسازیەکان بە بڕیاردەرێکی خێرا ناوبانگی دەرکردبوو، هەرکاتێ یەکێك لە کارمەندانی ئەو کۆمپانیایە گرفتێکی هەبوایە دەهاتە لای بەڕێوەبەرو کۆمەکی لەو دەخواست، بەڕێوەبەری بە توانا دەستێکی لە گیرفانو دەستەکەی دیکەی لە ژێر چەناگەی دادەناو لە بنمیچەکەی دەڕوانی، بە کەمێك بیرکردنەوە بە خێراییو بەوپەڕی تواناوە وەلامی بەڵێ یان نەخێری دەدایەوە، بەجۆرێك کارمەندان لەم متمانە بەخۆبونەی سەرۆك واقیان وڕما بوو!

دوای تێپەڕینی چەند ساڵێك، بەو پلانو بڕیارانەی سەرۆك، کۆمپانیا پێشکەوتنێکی بەرچاویی بە خۆیەوە بینی، رۆژێك سەرۆکی بەشی بازارسازیی هاتەلای سەرۆكو داوای پێشنیارێکی لێکرد دەربارەی نەخشەیەك، سەرۆك دوای ئەوەی چاوێکی بە نەخشەکەدا خشاندەوەو چەند پرسیارێکی کرد، کەمێك بیری کردەوە وتی: "نەخشەیەکی باشەو بیخە بواری کارو جێبەجێ کردنەوە." رۆژێکی دیکە دەربارەی هۆڵی نانخواردنی کۆمپانیا پرسیاریان لێکردو پێشنیاری کرد شوێنەکەی بگۆڕن، بەلام سەرۆك دوای چەند پرسیارێك وتی: "دەبێت هۆڵی نانخواردن لە

شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە."

بڕیاردانی خێرا، دڵنیا، بێ دواکەوتنو هەمیشە وەڵامی خێراو ڕاشکاوی خەسڵەتی بەرجەستەی ئەو بوو، ساڵانێك تێپەڕیو ئەو کۆمپانیایە بە بەڕێوەبردنی ئەو سەرۆکە پێشڕەویەکی زۆری بە خۆیەوە بینی تا ئەو کاتەی خانەنشین بونی هاتە پێشەوە، سەرۆکی نوێ لە توانـاو کارامەیـەکانی سـەرۆکی پێشـوی دەزانـی. داوای لێکـرد ڕازی سەرکەوتنەکانی خۆی پێ بڵێت، سەرۆکی پێشوو بەو پەڕی حەزەوە ئامادەبوو ڕازی سەرکەوتنی خۆی ئاشکرا بکات. ئەو وتی ڕازی کاری من : "پاقلە"یـە سـەرۆکی نـوێ گێـژ بوبـوو، داوای لێکـرد باسـەکەی ڕونـتر بکاتەوە، بۆیە سەرۆکی پێشوو کەمێك پاقلەی لە گیرفانی دەرهێناو دوای ئەوەی کردیـە دەسـتیەوە دووبـارە کردیـەوە گیرفـانیو وتـی: "سـاڵانێك پێشتر پەییم بەوە برد گەر بڕیاردان دەربارەی پرسێك دوا بخەیت، ئەو پرسە گەلێ گرانترو سەختتر لە پێشوو دەبێت، ئەمەبوو ڕەوشی بڕیاردانی خێرام داهێنا، ڕەوشی من بەم شێوەیە دوای ئامادەکردنی بڕێك پاقلە دەیکەمە گیرفانمەوە هەرکاتی ناچار بم دەربارەی پرسیارێك وەڵامی بەڵێ یان نـەخێر بدەمـەوە بڕێك لـەو پاقلەیـە پـڕ بـە مشتێك هەڵدەگرمو لە گیرفانمدا دەست دەکەم بە ژماردنی دەنکەکانی، ئەگەر ژمارەی دەنکە پاقلەکان لە ئەنجامدا تـاك بـوو ئـەوا وەڵامـی نـەخێر دەدەمەوە، ئەگەر جوتیش بوو ئەوا وەڵامی بەڵێ دەدەمەوە!"

سەرۆکی پێشوو لە قسەکانی بەردەوام بوو: "وەك دەبینی فـەرقی نیە کـە وەڵامـی بـەڵێ یـان نـەخێر بدەمـەوە، بـەڵکو ئـەوە گرنگـە ڕەوتـی

بریاردانەکە دوانەخەم. دیارە بریارەکانی من هەندێجار هەڵە دەردەچوون ئەمەش کارێکی حەتمی بوو، بەڵام چ راستو چ هەڵە، بریاردان دەبێت هەرچی زوترە بدرێت تا بتوانیت وزەی خۆت لە پێناو شتە گرنگەکاندا خەرج بکەیت." بەمجۆرە بوو سەرۆکی نوێش بە برێك پاقلەی کیمیانیەوە پۆستی کارگێڕیی لەو بەرێوەبەرە بە توانایە وەرگرت.

سەرنج:

وێڕای راستیو دروستی هەر بڕیارێك بریاردان لە کاتی خۆیدا گرنگیەکی بەتینی هەیە، بریار نەدان لە کاتی خۆیدا هەندێجار لە بریاردانی دروستی ناوەخت خراپترە.

وریایی

ڕۆژێك حەکیمێك بەناو چیمەن و گیایەکدا دەڕۆشت کە توشی لاوێکی خەمبار بوو. حەکیم وتی: "حەیفە لە ڕۆژێکی ئاوا جوان و خۆشدا خەمبار بیت." لاوەکە سەیری دەورو پشتی خۆی کردو وتی: "حەیفە؟! من لە مەبەستەکەت تێگەشتم!" هەرچەند چاوەکانی ئەو دیمەنەکانی سروشتیان دەبینی، بەڵام هێندە بیرو خەیاڵی پەرێشان بوو، ئەوەی دەبوو ببینێت ئەو نەیدەبینی، حەکیم بە جۆش و خرۆشەوە لە دەوروبەری خۆی دەڕوانی و خەریکی پیاسە کردنی خۆی بوو، لەکاتێکا بەرەو گۆماوێك دەڕۆشت بە لاوەکەی وت لەگەڵ ئەودا بڕوات. گەشتنە کەناری گۆماوەکە، گۆماوەکە ئارام و مەنگ بوو، ئەتوت بە درەختی چنارو گەڵای سەوزو درەوشانەوەی لە چوا. چێوەیەك گیراوە، دەنگی خوێندنی باڵندەکان لەسەر لقی درەختەکان لەو شوێنە ئارام و بێدەنگەدا مۆسیقایەکە دڵڕفێنیان دەژەنی، حەکیم زەویەکەی تەنیشت خۆی نەوازش و پاك دەکردەوە، بە لاوەکەی وت دانیشێت، پاشان ڕووی تێکردو وتی: "تکات لێ دەکەم دەنکە زیخێك هەلگرەو بیهاوە ناو ئەم گۆماوەوە." لاوەکە دەنکە زیخێکی هەلگرت و بە هەموو هێزی خۆی هەڵیدایە نێو گۆماوەکەوە،

حەکیم وتی: "پێم بڵێ چی دەبینیت؟"

لاوەکە وتی: "ئاوی شەپۆلاویی دەبینم."

حەکیم وتی: "ئەو شەپۆلانە لە کوێوە دێ؟"

لاوەکە وتی: "لەو دەنکە زیخەی من هاویشتمە نێو گۆماوەکەوە."

حەکیم وتی: "دەست بخەرە ئاوەکەوە ئەڵقەی شەپۆلێك ڕاگرە."

لاوەکە دەستی خستە ئاوەکە، ئەم کارەی ئەو وایکرد ئەڵقەی تازەو گەورەتر دروست بێت. گێژ بوبوو. بۆچی خراپتر بوو؟ لە لایەك لە مەبەستی حەکیمەکە تێنەدەگەشت.

حەکیم پێی وت: "ئایا توانیت ئەڵقەی شەپۆلەکان ڕاگریت؟"

لاوەکە وتی: "نەخێر، بەو کارەم تەنها ئەڵقەی گەورەترو زیاتر دروست بوو."

حەکیم وتی: "ئەگەر سەرەتا دەنکە زیخەکەت ڕاگرتبایە چی دەبوو؟"

لەمەودوا لە ژیاندا ئاگات لە دەنکە زیخە وردەکانی هەڵەکانت بە، بەر لە هاویشتینیان ڕایگرەو مەهاوێژە، هیچ کاتێ هەوڵ مەدە کاتو وزەی خۆت بۆ گەڕاندنەوەی ڕابوردوو قەرەبوکردنەوەی هەڵەکانت بە فیڕۆ بدەیت."

سەرنج:

شوێنەواری هەڵەکان بە سەرنجدانیان لە گەورەیی و بچوکیان، دوای تێپەڕبونی ماوەیەکی درێژ یان کورت وون دەبن و دەپوکێنەوە. هەمان شێوە ئەگەر چاوەڕوانی لەناوچون و ونبونی ئەڵقەکانی شەپۆل بیت. ئەگەر ئاگات لە هەڵەکانی دواتر نەبێت، هەمیشە دەریای وجودت پڕ لە شەپۆل و نیگەرانی دەبێت، باشترە بەر لە ئەنجامدانی هەر کارێك بە بیرکردنەوە پلاندانان ئەنجامەکەی بپێویت، لە دوای ڕودلو بێ هودەیە هەر پەلەقاژێك بکەیت، دۆخە خراپتر دەبێت.

عەشقی دایك

دروستكردنی جادەیەكی نوێ تارادەیەك تەولو بوبوو، بەلام هەبونی ناشەبەردێكی گەورە لەنزیك گوندێكی بچوكەوە ڕێگری بەردەوامبونی كاری جادەكە بوو. پسپۆرانی ڕێگەوبان گەشتنە ئەم ئاكامەی دروستكرنی تونێلێكی بچوك ژیرانەترینو كەم خەرجیترین ڕێچارەیە. چیتر بە دەنگی ئامبولانسو تەقینەوە راهاتبوون.

كرێكارانی جادەكە پیاوانی بە ئەزمون بوون، ئەنجامدانی ئەمجۆرە كارانە بەلایانەوە شتێكی ئاسایی بوو، سەپەرشتی دەستەكە كونەكەی پڕ لە دینامیت دەكرد، پاشان ئاگاداری دەكردنەوە تێكرای كرێكارەكان لە شوێنێكی پارێزراوو پەنادا خۆیان حەشار دەدا، بەلام ڕۆژێك رودلوێكی چاوەڕواننەكراو ڕویدا، فتیلە دەسوتاو هەرساتێك ئەگەر تەقینەوەكە لە ڕوداندا بوو.لە ناكاو پیاوەكان بەوپەڕی سەرسامیەوە بینیان منالێك لە نزیكی شوێنی تەقاندنەوەكەوە خەریكی یاریكردنە، منالەكە چەمیەوە بەردێكی رەنگینی لەسەر مینەكە هەلگرتەوە، پیاوەكان بە هاوار كردنەوە هەستانەوە، بانگی منالەكەیان كردو دەستیان بۆ راوەشاند، منالەكەش بە شادیەوە دەستی بۆ رادەوەشاندنەوە، هیچ یەكێك لە پیاوەكان بەرەولای

منداڵەکە نەدەڕۆشت. وەك ئەوەی هەموویان قاچیان بەسترابێت، هەموو دەیانزانی کار لە کار ترازاوە چیتر منداڵەکە دەرباز نابێت، کارەسات بەمشێوەیە بەردەوام بوو. ئەگەر دایکی منداڵەکە لێی نزیك نەبوایە منداڵەکە بەهۆی تەقینەوەی دینامیتو بەرکەوتنی بەردەکەوە دەمرد، دایکی بە خێرایی پێی زانی، جوڵەیەکی کرد کە لەم کاتانەدا تەنها لە دایك دەوەشێتەوە، لەسەر زەوی چۆکی داداو بە پێکەنینەوە ئامێزی بۆ منداڵەکە گرتەوە، منداڵەکە بەرەو لای دایکی رایکرد، کاتێ دەنگی تەقینەوەکە بێدەنگیەکەی شکاند، منداڵەکە لە ئامێزی ئارامی دایکیدا بوو!

"ئیرنست همینگوی" دەربارەی دایك دەڵێت:

هیچ گوڵێکی بۆنخۆش، ڕەنگو جوانیی دایکی نیە.

"ئیمرسۆن" دەڵێت:

تانو پۆی رۆحی دایك لە میهرەبانی چنراوە.

پێکەنین

- پێکەنین دەتوانێت برینی تورەیی سارێژ بکات. "ویلیم شکسپیر"

- دیتنی پێکەنینی ئەوانەی ئازار دەچێژن، لە دیتنی فرمێسکەکانیان ترسناکترە.

"مادام دولیر"

- هەرگیز مەهێڵە پێکەنینی تۆ هۆکاری گریانی کەسێکی دیکە بێت.

"حسەین بەهزاد"

- هەندێ لە پێکەنینەکان لە گریان خراپترن. "دیل کارنگی"

- پێکەنین باشترین چەکی بەگژدا چونەوەی ژیانە.

"ئاناتول فرانس"

- بەختەوەر کەسێکە بۆ گرفتو بەلاکانی ژیان پێدەکەنێت."

کریستۆفر مارلو"

- رۆژانە کارێکی چاکە ئەنجام بدە، دوای ئەنجامدانی کارێکی چاکە پێ بکەنەو پێکەنینی کەسانیتر ببینە.

"دیل کارنگی"

- بە گریانەوە دێیتە دنیاوە، بەلام جۆرێك بژی بە پێکەنینەوە لە دنیا برۆیت.

"سێرنگ"

- گولەکان خەندەی زەوین.

"ئیمرسۆن"

- ئەو پردەی پێکەنین بە گریانەوە دەبەستێتەوە زۆر درێژ نیە.

"پەندی ئەمریکی"

- پێکەنینێك باشترە لە هەزار ناڵە.

"ئەبو عەلا موعەرپی"

- پێکەنین دیدگاتان دەگۆڕێت، ئەو کاتەی هەستێکی ناخۆشتان هەیە، ڕۆحتان دەگۆڕێت، ئەو کاتەی هەست بە لاوازی دەکەن هێزتان پێ دەبەخشێتەوە.

"ئەریك جۆن"

- ئەگەر هەمیشە بیر لە پێکەنین بکەنەوە شێوەتان بە تەڕو پاراوی دەمێنێتەوە.

" فرانگ بارکس"

- پێکەنین، سەختیو گرفتەکانی ژیان بچوكو ئازارە دەرونیەکانتان لەناو دەبات.

"ژۆل سیمۆن"

- پێکەنین چەند ساتێك زیاتر ناخایەنێ، بەلام بیرەوەریەکەی جاویدانیە.

"لینکۆلن"

- پێکەنین باشترین دەرمانو چارەسەرە.

"پەندی ئەلمانی"

- ئەو کەسانەی توانای بزەو پێکەنینان هەیە، کەسانێکی زیاترن.

"ولیم شکسپیر"

- پێکەنین، تەنانەت ئەو کاتەی لەسەر لێوی مردوو دەنیشێت، هێشتا هەر جوانە.

"کریستین بوبن"

- ئەگەر گرژو مۆن بیت، هیچ کەسێك مەیلی هاونشینی تۆ ناکات، کەواتە دڵخۆشبەو بۆ کەسانیتر پێ بکەنە تاکو لە کۆمەڵی خۆیاندا پەسەندت بکەن.

"ویلیم مکبس"

- دڵخۆشکردنی کەسانیتر نەخەرجی هەیەو نە نارەحەتیش، یەك پێکەنین بەسە.

"تاگور"

- کەسی بەختەوەر ئەو کەسەیە کارەساتەکان بە بزەو کەمێك دیقەتەوە وەردەگرێت.

"موریس میترلینگ"

- لە نێوان خەڵاتە ئاسمانیەکاندا پێکەنین نایابترین خەڵاتە.

"کارل پارت"

- هەرگیز پێکەنین لە بیرمەکەن، با غرورتان ڕێگری پێکەنینەکانتان نەبێت، بە پێکەنینو گریان ژیان مانای تەواوی خۆی دەبەخشێت.

"نانسی سیمز"

- ئەگەر بریارە ژیانی خۆمان بخەینە پێناوی شتێکەوە، باشترە بیخەینە پێناوی پێکەنینێك یان نەوازشێکی عاشقانەوە.

"ویلیم شکسپیر"

- بە پێکەنینێك، هەموو دەرگان بۆ مرۆڤ دەکرێنەوە

"مامکلین"

- زەردەخەنە، دوژمن دەکاتە دۆست.

"جۆرج نیکۆلا"

- چاوی جوانی فرمێسکاوی لە پێکەنین جوانترە.

"کۆمبۆل"

- تـامی ژیـان بـە هـۆی مەرگـەوە لەدەسـت ناچـێت، هـەروەهاش پێکەنینەکانمان لە جدیبونی ژیان کەم ناکاتەوە.

"بێرنارد‌شاو"

- شادی، هەستی بزەیەکی دەروونە. "مولبا کالگرو"

- لەبەرامبەر شالاوی پێکەنیندا هیچ هێزێك ناتوانێ خۆی راگرێت.

"مارك توێن"

- پێکەنینی قووڵ، ژیانی قووڵە.

"میلان کوندێرا"

- هەمیشـە وادەزانم قاقـای پێکـەنین ڕێگەیـەکی باشـی ڕاکردنـی دەروونیە، بێئەوەی لە ماڵی خۆت بێیتـە دەرەوەو زەحمـەت بدەیتـە بـەر خۆت.

"نورمن کازینز"

- پێکەنین خۆرێکە کە زستان لە نەژادی مرۆیی دوور دەخاتەوە.

"ڤیکتۆر هۆگۆ"

دوو دەریاچە

"بروس بارتۆن" دەڵێت: لە کەناری ڕۆژئاوادا دوو دەریاچە هەیە، یەکێکیان خاوێن‌و تازەیەو ماسیەکان تێیدا هاتوچۆ دەکەن، بەستێیەکانی سەوز دەوروبەری پڕە لە درەخت، ڕەگو ریشەی درەختەکان بۆ ئاوەکە درێژ بونەتەوە، روباری ئۆردن ئاوێکی خاوێنی تەپۆلکەکانی ئەو ناوە دەڕژێنێتە ئەم دەریاچەیەوە، دەریا لە ژێر تیشکی خۆردا دەبریسکێتەوە، خانووەکانی خەڵکی لە نزیک دەریاچەکەوە بوو، باڵندەکانیش لەو دەوروبەرە لانەیان دروست کردبوو، روباری ئۆردن دەڕژێتە دەریاچەیەکی دیکەوە، بەڵام ئەم دەریاچەیە هیچ ماسیەکی تێدا نیە، نە باڵندەکان لەدەوروبەری لانەیان کردووە نە گوڵ‌و گیای لێ دەروێت، ئەو روبارەی دەڕژێتە ئەم دوو دەریاچەیەوە یەکێکە لە روباری ئۆردن، بەڵام دەریاچەی یەکەم لە بارتەقای هەر دڵۆپێك ئاودا کە وەریدەگرێت، دڵۆپێك لە خۆی دەڕژێنێتەوە، بەڵام دەریاچەی دووەم هەموو ئەو ئاوەی تێی دەڕژێت لە خۆیدا دەیپارێزێت، دەریاچەی یەکەم لە خزمەت خەڵکیدایەو بە زیندوویی دەمێنێتەوە، دەریاچەی دووەم کە هەموو شتێك لە خۆی دەگرێت مەنگو مردووە.

کیسەکەی ئێوە چۆنە؟

ڕۆژێکیان پاشا سێ وەزیری خۆی بانگ کردو داوای لێکردن هەر کەسەو کارێکی سەیرو سەمەرەی خۆی نمایش بکات.

بە هەر وەزیرێکی وت کیسەیەک هەڵگرێت و بچێتە باخی کۆشکەوە، کیسەکە پڕ بکات لە بەرو بومی میوەی تازەو بگەڕێتەوە، بەڵام بەو مەرجەی هیچ کەسێك هاوکاری نەکات.

وەزیرەکان لە فەرمانەی پاشا سەرسام بوون، هەر یەکەو کیسەی خۆی هەڵگرت و بەرەو باخ بەڕێ کەوتن.

وەزیری یەکەم مەبەستی رازیکردنی دڵی پاشا بوو، باشترین میوەو جوانترین بەرهەمی چنی و بەردەوام باشترینەکانی هەڵدەبژارد، تا کیسەکەی پڕ بوو. بەڵام وەزیری دووەم بیری کردەوە کە پاشا میوەی بۆ خۆی ناوێت پێویستی پێی نیەو سەیری ناو کیسەکەش ناکات. بە کەمتەرخەمیەوە دەستیکرد بە میوە چنین. باش و خراپی تێکەڵ کرد تا کیسەکەی پڕ بوو.

وەزیری سێیەم باوەڕی وابوو پاشا هیچ گرنگیەک بەم کیسەیە نادات تەنها بەگژو گیاو گەڵای درەخت و خاشاك کیسەکەی پڕ کرد. ڕۆژی دواتر پاشا فەرمانیدا وەزیرەکان بە خۆیان و کیسەکانیانەوە بێنە دەرباری پاشاوە، فەرمانی بەسەربازەکانی کرد هەر سێکیان بەکیسەکانیانەوە بۆ ماوەی سێ مانگ زیندانی بکرێن!

ئێوە کیسەکەی خۆتان چۆن پڕ دەکەن؟

بۆ بیر ژتە

[illegible]

دەبێت بخوێنرێنەوەو بنووسرێن کە دوای خوێندنو

نووسین ئەو هەستەمان تێدا بێدار بکەنەوە کە

"مرۆڤتر" بین.

بزانین کە

ژیان دەرفەتێکە کورتەو دووبارە نابێتەوە.

ژیان توانایەکی دیاریکراوە

بۆ توانای دیاریکراوی ژیان

دەبێت بۆ دیارینەکراو بگەڕێین

دەبێت لە دەرفەتی کورتی ژیان

بۆ مانەوەی هەتایی بەهرەمەند بین

بۆیە.

ژیان.

ململانێیەکی مەزنە

نەبەردیەکی گەورەیە

دەرفەتی یەکجارەی ژیان

نابێت لە شتە بێ نرخەکاندا خەرج بکرێت

شمە بێ نرخەکان، شتانێکن
کە مەرگ لێمان زەوت دەکات
ژیان دەبێت لە پێناوی ئەو کارانەدا بێت
کە مەرگ نەتوانێت لێمان بفڕێنێت
ئەم پێوەرە دەبێت بۆ پێوانەی
هەموو کارەکانی ژیان بەکار بێنین.
بۆ نمونە بەم پێوەرە دەتوانین بڵێین
کە پارە لە کارە بێ نرخەکانە.
پارە بە سوودە
بەڵام نرخ‌و ناوبانگی نیە.
هێز، شۆرەت، لەم ناو ناوبانگەن.
هەموو ئەمانە، بە مردنی خۆمان
لە دەستمان دەچن.
بۆیە
بۆچی دەرفەتی کورت‌و نادووبارەی ژیان
بخەینە پێناو ئەو شتانەی هەتایی نین،
ژیان
کاروانسەرایەکە شەوانە پشووی تێدا دەدەین
دەمەو بەیان بەجێی دێڵین.
تەنها ئەو شتانە گرنگن کە کاتی کۆچکردن
لە خانەی جەستە لەگەڵ خۆمانن.

خودا دەڵێت:

"من گەنجینەیەکی شاراوەم، حەز دەکەم دەرکەووم.

بەدیهێنەرم، دەمەوێ بەدیهێنراوەکان بناسم."

بۆیە خودا بەدیهێنراوەکانی بەدی هێناوە

بۆیە پێی خۆشە بەدیهێنەر بێت،

ئەو بەدی هێنەرە

تا ئاوێنەی گیانی بەدی هێنراوەکانیەوە

دەرکەوێت.

بۆیە تاکە شتێک کە بەهای

تەمەنی کورتو نادووبارەی هەیە

مەعریفەتی ئیلاهیە

تێڕامانە.

تەنها بە قوڵبونەوە

مرۆڤ دەتوانێ و گەنجینە شاراوەیە بدۆزێتەوە

ئەگەر ژیان لە اوی روناکی، ئاگایی‌و ڕۆشناییدا نەبێت

لە کیس دەچێت.

بێجگە لەم ئاگاییە

هەموو شتێک مەرگ بە تاڵان دەیبات.

کۆتایی

[illegible]

لەبەر چییە؟

ئایا ئەو هەموو [illegible]

تەنها بۆ [illegible]

ئایا بۆ بەدەست هێنانی [illegible]

سامانە [illegible]؟

ئایا بۆ ڕزشتنە [illegible]؟

ئایا بەراستی من ئامانجێکی

دیاریکراوم هەیە؟ ئەم خەیاڵ و

بیروڕایە دوورە لەڕاستییەوە.

کە زۆربەی خەڵک وێڕای هەوڵ و

چالاکی فراوان لە ژیاندا، ئامانجی

ڕوون و دیاریکراو ناپێکێت و بێ

ئەوەی خۆی بزانێت سەری لێ شێواوە!

خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا

[illegible] هەزارە